زانكۆى سەلاحەدين - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە؛
## ئاوارەکانی شەڕی داعش لە پارێزگای سلێمانی بە نمونە

تێزێکـــــە پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێژی ئەدەبیات كراوە لە زانكۆی سەلاحەدین - اربیل
وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی فەلسەفەی دكتۆرا لە راگەیاندن/ رۆژنامە

**لەلایـــەن**
پاڤێ جميل أحمد صالح
**بەکالۆریۆس لە راگەیاندن ــرۆژنامە، زانکۆی سلێمانی 2005**
**ماستەر لە راگەیاندن ــ وێنەی رۆژنامەنووسی، زانکۆی سلێمانی 2012**

بەسەرپەرشتی
پ.ی.د. صابر بكر مصطفى

اربیل – كوردســـــتان
ئەیلولی 2018

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنَ الْأَمْوَالِ
وَالْأَنْفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ * الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ
مُصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ﴾

صدق الله العظيم

**البقرة : الايات** 155 – 156

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم تێزی دکتۆرایە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (**ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەهێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە: ئاوارەکانی شەڕی داعش لە پارێزگای سلێمانی بە نمونە)** هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لەهەرجێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: پاڤێ جمیل احمد

بەروار:

## **پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار**

ئەم تێزە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە ونووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لە پسپۆڕی ڕاگەیاندن من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کەبەم شێوەی ئێستای پێشکەشی لیژنەبکرێت.

**سەرپەرشتیار**

**پ.ی.د. صابر بکر مصطفی**

**2018 / /**

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداوستیەکان جێ بەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بەپشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار من ئەو تێزە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

**سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن**

**د.هۆشیار مظفر علی**

**2018 / /**

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێ بەجێ کراوە،بۆیە ڕازیم کە ئەو تێزە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

**بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژ**

**د. دڵشاد محمود عبد الرحمن**

**2018/ /**

## بڕیاری لیژنەی هەڵسەنگاندن

ئێمە وەکو لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەو تێزی دکتۆرایەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە (**ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە؛ ئاوارەکانی شەڕی داعش لە پارێزگای سلێمانی بە نمونە**)، خوێندەوە و قوتابیەکەمان کەناوی(پاڤێ جمیل احمد)بوو لەناوەڕۆکەکەی هەڵسەنگاند، ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی دکتۆرای لە پسپۆڕی زانستی ڕاگەیاندن تێدایە.

**پ.ی.د. هێرش رسول مراد**
ئەندام
بەروار: / /2018

**پ.ی.د. حکیم عثمان حمید**
ئەندام
بەروار: / /2018

**پ.ی.د. سامان جلال مولود**
ئەندام
بەروار: / /2018

**پ.ی.د. مها بکر حسن**
ئەندام
بەروار: / /2018

**پ.ی.د. صابر بکر مصطفى**
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار: / /2018

**پ.ی.د. هێمن مجید حسن**
سەرۆکی لیژنە
بەروار: / /2018

**پ.ی.د زێدان رشید برادۆستی**
راگری کۆلیژی ئاداب
بەروار / /2018

**پێشکەشە بە:**

- باوکم ...
  شەهید شێخ جمیل، ئەوکەسەی فێری خۆنەویستی کردم.
- دایکم ...
  مامۆستا کەلسوم، ئەو کەسەی فێری میهرەبانی کردم.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاسی بێپایانم بۆ بەڕێز پ.ی.د صابر بكر مصطفى بۆكانی كە ئەركی سەرپەرشتی توێژینەوەكەمی گرتە ئەستۆ و بە ڕێنمایی و سەرنج و تێبینییە بە پێزەكانی سودێكی زۆری پێ گەیاندم.
- سوپاسی سەرۆكایەتی بەشی ڕاگەیاندن و بەتایبەتی دكتۆر هۆشیار مظفر علی دەكەم لە زانكۆی سەڵاحەددینی كۆلێژی ئاداب بۆ هاوكاری و كردنەوەی ئەو دەرفەتە كە بتوانین بەردەوام بین لەخوێندن.
- سوپاسی سەرۆكایەتی بەشی ڕاگەیاندنی زانكۆی سلێمانی كۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەكان دەكەم بۆ هاوكارییان كە بەردەوامبم لە خوێندن.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی كە وانەیان پێداوم لە قۆناغی دكتورا بەڕێزان پ.د.طاهر حسۆ زێباری، پ.ی.د. ڕەزوان بادینی، پ.ی.د. مەغدید سەپان، پ.ی.د. حبیب مال الله ،پ.ی.د. ئاریانا ئیبراهیم.
- سوپاس بۆ بەڕێز پ.د. یوسف حمە صالح مستەفا لە هاوكاریكردنی بەردەوامی بۆ نوسینی توێژینەوەكە تا كۆتایی.
- سوپاس بۆ مامۆستایانی هەڵسەنگاندنی فۆڕم و پێوەری توێژینەوەكە، كە بە سەرنج و تێبینیەكانیان بەشداربوون لە هاوكاری كردنم.
- سوپاس بۆ بەڕێز پ.ی.د. بێستون علی كریم وپ.ی.د. ئیدریس كەریم بەشداربوون لە وەرگێڕانی پێوەر و فۆڕمی توێژینەوەكە.
- سوپاس بۆ هێمن عزیز بۆ هەوڵی دڵسۆزانەی زۆری لە تەواوكردنی ئەم توێژینەوەیە.

پاڤێ

## پوختەی توێژینەوەکە

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دیاریکردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە*؛ ئاوارەکانی شەڕی داعش لە پارێزگای سلێمانی بە نمونە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە جۆری ئەو پەیوەندییە بدۆزرێتەوە لە نێوان هەردوو گۆڕاوی (ڕاگەیاندن و شڵەژانی پاش هێدمە) لای ئاوارەکان کە لە ئەنجامی جەنگ و ڕووداو و کارەساتەکانی کە بەسەریانهاتووە تووشیان هاتووە.

ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگە لەهەمانکاتدا توێژەر بەپێی گەڕان و پرسیارکردنی خۆیەوە توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیەی بەدی نەکردوە، بە جۆرێك توێژەر بە پێویستی زانیوە لێتوێژینەوە لە بارەیەوەبکات بە هۆکاری ئەوەی ئەم دوو گۆڕاوە زۆر گرنگن لە ڕووی پەیوەندییەوە چونکە ڕاگەیاندن لە ئێستادا فراوانە. لە ڕێگەی ئامرازەکانیەوە لای زۆرینەی خەڵك بەردەستە بۆیە بەئاسانی دەکرێت ڕۆڵی هەبێت لەسەر ئەو تاکانەی کە نەخۆشی شڵەژانی پاش هێدمە یان هەیە بە هەر هۆکارێك بێت چارەسەر نەکراوون.

لێتوێژینەوەی رۆڵی راگەیاندن لە کایە جیاوازەکاندا، بە یەکێك لە بابەتە جێبایەخەکان هەژماردەکرێت، چونکە پەیوەندییەکی تۆکمەی بە ژیانی تاك و کۆمەڵەوە هەیە.

لەم ڕوانگەیەوە دەست بە تاوتوێکردنی ئەم بابەتە کرا، کە وا ڕاپێوی گۆشەنیگای ئاوارەکان کرا، چونکە ئاوارەکان چینێکی گرنگن و کاریگەریان هەیە.

هەربۆیە هەموو ئەو هۆکارانە وایان لە توێژەر کردووە بە پشتبەستن بە میتۆدی زانستی لەم بوارەدا بکۆڵێتەوە، بۆئەوەی بتوانرێت نارۆشنی و تەمومژاوییونی "رۆڵی راگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە" رونبکرێتەوە. کە سەرەکیترین کێشەی توێینەوەکەیە.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازنامەی توێژینەوەکە، کە ئەم تەوەرانەی لەخۆ گرتووە (ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە، دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە)، بەشی دووەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو، کە بەسەر چوار باسدا دابەشکراوە (باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵی ڕاگەیاندن هەروەها باسی دووەمیش تیۆری توێژینەوەکە و شیکردنەوەی چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە، باسی سێیەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی شڵەژانی پاش هێدمە، باسی چوارەم توێژینەوەکانی پێشووی گرتوتەخۆ).

هەروەک بەشی سێیەمی توێژینەوەکە ڕێکارەکانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، بەشی چوارەمی توێژینەوەکە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، تایبەتە بە خستنەڕووی تێڕوانینی ئاوارەکان، سەبارەت بە ڕۆڵی راگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە و شرۆڤەکردنیان هەروەها خستنەڕووی دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکەو سەرچاوەکان.

لە گرنگترین ئامانجی ئەم توێژینەوەیە (دەرخستنی رۆڵی راگەیاندنە لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمەیە).

بۆ بەدیهێنانی لایەنی مەیدانی توێژینەوە میتۆدی وەسفی ڕێکاری ڕوپێوی بەکارهێنراوە و دواتر بە شێوەی سادە سامپڵی توێژینەوە وەرگیراوە کە بریتیبووە لە (418) ئاوارە لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی کۆمەڵی توێژینەوەکەمان دەستنیشانکرد کە بریتی بوو لەو ئاوارانەی کە تەمەنیان لە هەژدەساڵ و بەرەوسەرەوەیە.

* هێدمە: زاراوەیەکی دەروونناسییە بە مانای شۆک بوون دێت.

به مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و کۆکردنەوەی زانیاری، پەنامان بردە بەر دروستکردنی پێوەرێك کەلە (75) پرسیار و بڕگە پێك هاتبوو، بۆ دڵنیابوون لە شیاویی پێوەرەکە لە ڕووی زانستیەوە، درایە ژمارەیەك لە پسپۆران لە بوارەکانی (ڕاگەیاندن، دەروونناسی، کۆمەڵناسی) بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر ئاستی راستگۆیی پێوەرەکە، بەم شێوەیە ئاستی ڕاستگۆیی پێوەرەکە بریتی بوو لە (92%) دوای لەبەرچاوگرتنی تێبینی و هەڵسەنگاندنی پسپۆران، دواین شێوازی پێوەرەکە ئامادە بوو، پاشان پرۆسەی جێگیرکردنمان ئەنجام دا لە ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە (اعادە الاختبار) کە ئاستی جێگیری بریتی بوو لە (0.92).

بۆشیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هەریەك لە ئامڕازە ئامارییەکانی (ڕێژەی سەدی، ناوەند ژمێری، لادانی پێوەری، هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان، ناوەندی سەنگکراو، ناوەندی گریمانەیی، هاوکێشەی T.test , ANOVA ) بەکارهاتوون.

لە ڕێی پرۆگرامی ئاماری گونجاو (SPSS ) لە گرنگترین دەرەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشت بریتین لە:

1.ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەرێنی هەبووە لەسەر ئاوارەکان بۆ ڕەوینەوە و هێورکردنەوەی ئەو شڵەژانەی کە تووشیان بووە، لە ئەنجامی ئەو کارەساتانەی کە بەسەریان هاتووە. هەربۆیە ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەرێنی هەبووە لە زیادکردنی نیشانەکانی شڵەژانی پاش هێدمە لای ئاوارەکان.

2.ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەرێنی هەبووە کە نەیتوانییوە هاوکاربێت بۆ ڕێنوێیکردن و پێدانی زانیاری پێویست بە ئاوارەکان بۆ زانینی چۆنییەتی مامەڵەکردن و خۆگونجاندن لە گەڵ خودی خۆیی و دەوروبەردا.

3.ڕاگەیاندن کەمتەرخەم بووە و نەیتوانییوە بەبەرنامە پەیامەکانی بڵاوبکاتەوە و ڕەچاوی لایەنی دەروونی بکات، هاوکاری مەعنەوی پێشکەش بە ئاوارەکان بکات.

4.ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەرێنی هەبووە لە درووستکردنەوەی کەسایەتی ئاوارەکان بەجۆرێک نەیتوانییوە بەشێوەیەکی بەرچاو رۆڵی گەورەی هەبێت لەگەڕاندنەوەی هیواو گەشبینی بۆ ئاوارەکان و ئارامکردنەوەیان.

5. ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەرێنی هەبووە لە چارەسەرکردن و ئاسایی بوونەوەی ڕووداوەکە، کەمکردنەوەی ئەو خەمە گەورەییەی کەبەسەر ئاوارەکانەوە جێماوە.

6-ڕاگەیاندن نەیتوانیوە ڕۆڵی چارەسەرسازێکی دەروونی ببینێت کەوەک چارەسەرێکی سەرەتایی بێت یان بە ئەرکی خۆی بزانێت لە کاتەهەستیارەکاندا ڕۆڵی گەورەی هەبێت بۆ هێورکردنەوە و نەهێشتنی ڕاڕایی و دوودڵی ئاوارەکان.

7- بوونی شڵەژانی پاش هێدمە لای ئاوارەکان بە پلەیەکی بەرز لەناخی ئەو قوربانیانەدا ماوەتەوە و کاریگەری گەورەی لەناخیاندا درووستکردووە، بەهۆکاری ئەو ڕووداوانەی کە بەسەریاندا هاتووە لە ماڵ وێرانبوون و دەستدرێژی و کوشتنی کەسانی نزیکیان و تە قینەوەی ماڵ و شوێنی پیرۆزیان هەروەها سوکایەتی پێکردنیان وپاشماوەی کارەسات و ڕووداوەکان کەبەسەر ئاوارەکان هاتووە، بە ئاستی جیاواز بەجۆرێک شڵەژانی پاش هێدمە لای ڕەگەزی مێ زیاترە بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر.

8.ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەرێنی هەبووە کە نەیتوانییوە هاوکاری و پشتیوانییەکانی بۆ ئاوارەکان دەسەبەربکات لەسەر ئاستی دەرەوە و ناوخۆیدا لە ئاست گەورەیی ڕەوش و دۆخ و قەبارەی کارەساتەکەدابێت.

9.ڕاگەیاندن ڕۆڵی ئەرێنی هەبووە لە پرسی مرۆڤ دۆستیدا، توانییوبەتی بەشێوەیەکی بەرچاو رۆڵێکی گەورە ببینێت لە ڕووی ویژدانییەوە کاریگەری لەسەر ئاوارەکان بکات. لە دەرخستنی تاوان و ناشرینکردنی توونددوتیژی دژ بە مرۆڤایەتی.

10.ئاوارەکان لە ڕووی دیمۆگرافییەوە جیاوازن و ڕاگەیاندنێکی دیاریکراو نیە کۆیان بکاتەوە و یەکجۆر کاریگەری درووستبکات لەسەریان.هەرئەمەش وای کردووە بە ئاستی جیاواز پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ببەستن، جیاوازی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ هەیە لە ئاستی پشتبەستنیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە.

## پێرستی بابەتەکان


| لاپەڕە | بابەتەکان |
| --- | --- |
| ii | ئایەتێکی قورئانی |
| iii | بەڵێننامە |
| iv | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| v | بڕیاری لیژنەی هەڵسەنگاندن |
| vi | پێشکەشە بە: |
| vii | سوپاس و پێزانین |
| viii | پوختەی توێژینەوەکە |
| xii | پێرستی بابەتەکان |
| xiv | پێرستی خشتەکان |
| xvii | پێرستی پاشکۆکان |
| 1 | پێشەکی |
| 4-8 | **دەروازەی یەکەم: (لایەنی تیۆری توێژینەوەکە)** |
| 4 | بەشی یەکەم: ڕێبازنامە |
| 4 | یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە |
| 5 | دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە |
| 6 | سێیەم/ ئامانجەکانی توێژینەوەکە |
| 7 | چوارەم/ دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان |
| 7 | ڕۆڵ |
| 7 | راگەیاندن |
| 8 | شڵەژانی پاش هێدمە |
| 8 | ئاوارەکانی شەڕی داعش |
| 10-68 | **بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو** |
| 10 | باسی یەکەم: رۆڵی راگەیاندن |
| 10 | یەکەم: رۆڵ و کاریگەری راگەیاندن لەسەر وەرگر |
| 13 | دووەم: پێکهاتەکانی پرۆسەی کۆمیونیکەیشن و راگەیاندن |
| 21 | سێیەم: ڕاگەیاندن و تیرۆر |
| 22 | چوارەم: رۆڵی راگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانی تیرۆر و تیرۆرستان |
| 25 | باسی دووەم: تیۆری توێژینەوەکە و شیکردنەوەی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە |
| 27 | یەکەم: تیۆری پشتبەستنی بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن |
| 37 | دووەم: رۆڵی راگەیاندن لەژێر ڕۆشنایی تیۆری پشتبەستن |
| 44 | باسی سێیەم: شڵەژانی پاش هێدمە |

| | |
|---|---|
| 44 | یەکەم: مانا و سەرهەڵدانی شڵەژانی پاش هێدمە |
| 49 | دووەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شڵەژانی پاش هێدمە |
| 55 | سێیەم: جۆرەکانی شڵەژانی پاش هێدمە |
| 56 | چوارەم: قۆناغەکانی سەرهەڵدان و چارەسەرکردن شڵەژانی پاش هێدمە |
| 65 | باسی چوارەم: توێژینەوەکانی پێشوو |
| 65 | یەکەم: خستنەڕووی توێژینەوەکان |
| 66 | دووەم: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو |
| 69 | دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە |
| 70-83 | **بەشی سێیەم : ڕێکارەکانی توێژینەوە** |
| 70 | یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە |
| 70 | دووەم: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە |
| 77 | سێیەم: سنوری توێژینەوە |
| 77 | چوارەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری |
| 80 | پێنجەم: مەرجە سایکۆمترییەکانی ئامرازی توێژینەوە |
| 82 | شەشەم: ئامرازە ئامارییەکان |
| 85-141 | **بەشی چوارەم: خستنە ڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان** |
| 85 | باسی یەکەم: خستنەڕووی زانیارییەکان و دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە |
| 138 | باسی دووەم: پوختەی دەرەنجام و پێشنیار و راسپاردە |
| R 142 | سەرچاوەکان |
| A152-A171 | پاشکۆکان |
| A-B | پوختە بەزمانی ئینگلیزی |

# پێڕستی خشتەکان


| لاپەڕە | ناونیشانی خشتەکان | ژ |
|---|---|---|
| 70 | کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە | 1 |
| 71 | ڕەگەزی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | 2 |
| 72 | تەمەنی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | 3 |
| 72 | ئاستی خوێندنی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | 4 |
| 73 | پیشەی پێش ئاوارەبوونی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | 5 |
| 73 | باری کۆمەڵایەتی یەکەکان سامپڵی توێژینەوەکە | 6 |
| 74 | ژمارەی مناڵ لای یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | 7 |
| 75 | نەتەوەی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە | 8 |
| 76 | ئاینی پەیڕەوکراو لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە | 9 |
| 77 | مەزهەبی سامپڵی توێژینەوەکە | 10 |
| 80 | هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان بۆ پێوەرەکە ڕوون دەکاتەوە | 11 |
| 85 | رۆڵی راگەیاندن لە بیرهێنانەوەی ڕووداوەکەدا | 12 |
| 86 | رۆڵی راگەیاندن لە شپرزە بووندا | 13 |
| 86 | رۆڵی راگەیاندن لە کەمکردنەوەی بینینی خەوی ناخۆشی تایبەت بە ڕووداوەکە | 14 |
| 87 | رۆڵی راگەیاندن کە کاریگەری ئەرێنی کردۆتە سەر چالاکی و پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکاندا | 15 |
| 87 | رۆڵی راگەیاندن کە هەستی دوورەپەرێزی بۆ سامپڵی توێژینەوەکە زیاد کردووە | 16 |
| 88 | رۆڵی راگەیاندن لە بەخشینی ئارامی | 17 |
| 89 | رۆڵی راگەیاندن لە کەمکردنەوەی شڵەژانی دەروونیدا | 18 |
| 89 | رۆڵی راگەیاندن لەسەر زیادکردنی زانیاری و ئاگایی لەسەر ڕووداو و کێشەکاندا | 19 |
| 90 | رۆڵی راگەیاندن کە بۆتە چاودێر (رەقیب) بەسەر کێشەو گرفتەکاندا | 20 |
| 91 | رۆڵی راگەیاندن لە بەشداربوون لە پێشکەشکردنی هاوکاری و پشتیوانیی ناوخۆیی و دەرەکیدا | 21 |

| | | |
|---|---|---|
| 91 | رۆڵی راگەیاندن کە بۆتە هۆی ورووژاندنی هەست و سۆز | 22 |
| 92 | رۆڵی راگەیاندن کە بۆتە هۆی هێورکردنەوەی توڕەبوونەکاندا | 23 |
| 92 | رۆڵی راگەیاندن کەبۆتە هۆی لەیادکردنی ڕووداوەکە ئەگەر بۆماوەیەکی کەمیشبێت | 24 |
| 93 | رۆڵی راگەیاندن کە بۆتە هۆی دووبارە هەستکردنەوە بە ژیان (خۆشویستنەوەی ژیان) | 25 |
| 94 | رۆڵی راگەیاندن کە هاندەرە بۆ خۆکۆنترۆڵکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ دەورووبەر | 26 |
| 94 | رۆڵی راگەیاندن لە کەمکردنەوەی بینینی دێوەزمەی ناخۆش(کابوس)ی بێزارکەر، بەهۆی زۆری دووبارەکردنەوەی رووداوەکەوە | 27 |
| 95 | رۆڵی راگەیاندن لە هێورکردنەوەی هەڵچوون و تووڕەبوون، بەهۆی باسکردنی کێشەو گرفتی ئاوارەکانەوە | 28 |
| 95 | رۆڵی راگەیاندن لە کەمکردنەوەی دروستبوونی هەستی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکە | 29 |
| 96 | رۆڵی راگەیاندن لە کەمکردنەوەی هەستی خەمۆکی و تاوان کەتا ئێستا لە ژیاندا ماوە | 30 |
| 97 | رۆڵی راگەیاندن کە بۆتە هۆی کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵ | 31 |
| 97 | رۆڵی راگەیاندن کە بۆتە هۆی ئاسایی کردنەوەی گفتوگۆی قوربانییەکە لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا سەبارەت بە ڕووداوەکە | 32 |
| 98 | رۆڵی راگەیاندن لە کەمکردنەوەی یادەوەری ڕووداوەکە | 33 |
| 98 | رۆڵی راگەیاندن کە بۆتە هۆی ناهاوسەنگی کەسایەتی | 34 |
| 99 | رۆڵی راگەیاندن کە بۆتە هۆی دانی بڕیاری یەکلاکەرەوە لەژیان | 35 |
| 100 | رۆڵی راگەیاندن لە کەمکردنەوەی حەزی تۆڵە سەندنەوە | 36 |
| 100 | رۆڵی راگەیاندن لە کەمکردنەوەی ڕاڕایی | 37 |
| 101 | رۆڵی راگەیاندن کە بۆتە هۆی کەمبوونەوەی گرژبوونی دەست و قاچ لە کاتی بیرکەوتنەوە و بەرگوێ کەوتنی ڕووداوەکەدا | 38 |
| 102 | رۆڵی راگەیاندن لە کەمکردنەوەی هەستی خۆبەکەمزانین بەرامبەر بە کەسانیتر کە ئاوارە نین یان ئەو ڕووداوەیان بەسەردا نەهاتووە | 39 |
| 102 | رۆڵی راگەیاندن کە لە ئاسایی بوونەوەی ڕووداوەکە | 40 |
| 103 | رۆڵی راگەیاندن لە زیادکردنی حەزی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکە لای کەسانیتر | 41 |

| | | |
|---|---|---|
| 42 | ڕیزبەندی هۆکاری پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن | 104 |
| 43 | ئاستی پشتبەستنی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن ڕوون دەکاتەوە. | 105 |
| 44 | ئەو بابەتانەی کە سامپڵی توێژینەوەکە گرنگی پێدەدات لە ڕاگەیاندنەوە بەدەر لەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە بابەتی ئاوارەبوونەوە هەیە | 107 |
| 45 | وەرگرتنی زانیاری لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بەپێی زمانی کەناڵی ڕاگەیاندن لای سامپڵی توێژینەوەکە | 109 |
| 46 | ئاستی پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی رەگەز | 111 |
| 47 | ئاستی پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی تەمەن | 112 |
| 48 | ئاستی پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی ئاستی خوێندەواریان | 113 |
| 49 | ئاستی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی پیشەی پێشووی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە لە پێش ئاوارەبووندا | 114 |
| 50 | ئاستی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی باری کۆمەڵایەتی(خێزانداری) لای سامپڵی توێژینەوەکە | 115 |
| 51 | ئاستی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی ژمارەی مناڵ لای سامپڵی توێژینەوەکە | 117 |
| 52 | ئاستی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن سامپلی توێژینەوە بە پێی بوونی جیاوازی نەتەوەیی | 118 |
| 53 | ئاستی پشتبەستنی سامپلی توێژینەوەکە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی جیاوازی ئاین | 119 |
| 54 | ئاستی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی جیاوازی مەزهەب لای ئاوارەکانی (پارێزگای سلیمانی) سامپڵی توێژینەوەکە | 121 |
| 55 | پەیوەندی نێوان جۆرەکانی کارەسات و نیشانەکانی شڵەژانی پاش هێدمە لای سامپڵی توێژینەوەکە | 122 |
| 56 | ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە بە پێی ڕەگەز لای سامپڵی توێژینەوەکە | 124 |
| 57 | ئاستی شلەژانی پاش هێدمە بە پێی جیاوازی تەمەن | 125 |
| 58 | ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە بە پێی ئاستی خوێندن | 126 |
| 59 | ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە بە پێی کاری پێش ئاوارەبوونی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | 127 |
| 60 | ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە لای سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی باری خێزانی | 128 |

| | | |
|---|---|---|
| 61 | ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە لای سامپڵی توێژینەوە بە پێی بوونی جیاوازی ڕێژەی منداڵ | 129 |
| 62 | ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە بە پێی جیاوازی نەتەوە لای سامپڵی توێژینەوەکە | 130 |
| 63 | ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە بە پێی جیاوازی ئاین لای سامپڵی توێژینەوە | 131 |
| 64 | ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە لای ئاوارەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی ئاینزا | 132 |
| 65 | ناوەندی گریمانەیی و ئەژمارکراو بۆ سەرجەم بڕگەکانی شڵەژانی پاش هێدمە، پەیوەندی ڕاگەیاندن لە سەر شڵەژان لە لای سامپڵی توێژینەوەکە | 133 |
| 66 | پەیوەندی نێوان جۆرەکانی کارەسات و ڕاگەیاندن لەسەر شڵەژانی پاش هێدمە لای سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی توێژینەوەکە | 134 |
| 67 | خستنە ڕووی پەیوەندی نێوان نیشانەکانی شڵەژانی پاش هێدمە و ڕاگەیاندن لە هەڵسوکەوت بەرامبەر بە نیشانەکانی شلەژانی دەروونی پاش هێدمە | 136 |


## پێرستی پاشکۆکان


| ژ | ناونیشانی پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ناوو پلەی زانستی هەڵسەنگێنەران | 152 |
| 2 | شێوەی سەرەتای ئامرازی توێژینەوە بەزمانی کوردی | 153 |
| 3 | شێوەی کۆتایی ئامرازی توێژینەوە بەزمانی کوردی | 159 |
| 4 | وێنەیەک لە نوسراوی فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەران | 171 |

## پێشەکی

ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگ لە ژیانی تاك و كۆمەڵی مرۆڤایەتیدا دەگێڕێت، لە سەردەمی ئەمڕۆدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆچونەتە نێو هەموو نێوەندەکانی ژیانی تاکەوە، هەربۆیە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە دروستکردنی ڕایگشتی و ئاڕاستە و تێڕوانینە جیاوازەکاندا، بە جیاوازیی تێڕوانینەکانی تاکەوە، هەر ئەمە وای کردوە ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی ببنە کەرەستەی لێتوێژینەوە بۆ زانینی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانیان.

کارەسات و ڕووداوەکان و توندوتیژیەکان لەسەر مرۆڤ وەك فشارێك لە شێوە فۆرمی جیاجیادا خۆی دەنوێنێت، شڵەژان یەکێکە لەو نەخۆشییە دەروونیانەی کە دروستدەبێت لای تاك لە ئەنجامی ئەو کارەساتانەی کە بەسەریدا دێت لە هەموویان دیارتر شڵەژانی پاش هێدمەیە، چونکە ئەوکەسانەی دووچاری ململانێی جەنگەکان و دەستگیرکردن و کارەساتە سروشتیەکان دەبن یان ئەوانەی کەسێکی خۆشەویستیان لەدەستدەدەن زیاتر ئەگەری توشبوونیان هەیە.

زۆر جار ڕاگەیاندنەکان دەبنە ئاوێنەی گوێزەرەوەی زانیارییەکان، دەرخستن و بڵاوکردنەوەی ئەو ڕووداوو کارەساتانەی کە ڕوودەدەن، هەندێك جار کەشێکی نەخوازراو دەخولقێنن کە کاریگەری نەرێنی لەسەر کایە جیاجیاکانی تاك و کۆمەڵ هەیە.

لە کاتێکدا کارکردنی پیشەییانە بە پێی پرنسیپ و ئێتیکی کاری ڕۆژنامەنووسی وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێت ڕاگەیاندن دەبێت بە بەشێك لە دووبارەکردنەوەی کارەسات، بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لای وەرگر، بەمەش هۆکارێکی سەرەکی دەبێت لە دروستکردنی شڵەژانی دەروونی کە دەکرێت پێچەوانەکەی جێبەجێ بکرێت بەوەی ڕاگەیاندن لەکاتی کێشە و ڕووداوو کارەسات و قەیرانەکاندا ڕێگا چارەیەکی زۆر باش بێت لە هێورکردنەوە و ڕێنمایی کردنی وەرگر، دەرهێنانی وەرگر لەو گرژییە دەروونییەی کە لای دروستبووە بۆ بارێکی ئاسایی و دەور و ڕۆڵی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان و دەروونی کەسەکان.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکی زانستیانەیە بەمەبەستی دەستنیشانکردن و تیشکخستنەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە لای ئاوارە هەڵهاتووەکانی دەستی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش) کە پێشتر دانیشتووی ناوچەکانی عێراق بوون، بە تایبەت ناوچەکانی نەینەوا و دەوروبەری کە بە هۆکاری جوگرافی و مێژووی و ئاینی و نەتەوەیی هەمەڕەنگن، پێکهاتوون لە ئاینەکانی (ئیسلام، مەسیحی، ئێزیدی، هیتر)، نەتەوەکانی(کورد، عەرەب، تورکمان، سریانی، ئاشووری، کاکەیی، ئێزیدی، شەبەك، هتد) بۆیە نمونەی کۆمەڵی توێژینەوەکە فرە ڕەنگ و فرە کولتورو بەها و زمانن، هەربۆیە لێتوێژینەوە لە بارەیانەوە کارێکی سەختبوو، لە ئێستادا دانیشتووی کەمپەکانی پارێزگای سلێمانین.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو دەروازەی سەرەکی پێکدێت، دەروازەی یەکەمیان تایبەتە بە لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە، کە دوو بەش لەخۆدەگرێت، بەشی یەکەم تایبەتە بە خستنەڕووی کێشە و گرنگی و ئامانجەکان و دیاریکردنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە خستنەڕووی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و شیکردنەوەی چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تیۆرەدا، دەروازەی دووەم، تایبەتە بەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکە و لەدوو بەش پێکدێت، بەشی سێیەم تایبەتە بە چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە و ڕێکارەکانی.

له بەشی چوارەمیشدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە ژێر ڕۆشنایی ئامانجەکاندا شیکراونەتەوە.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا پوختەی دەرەنجامە گشتییەکان و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا هەریەکە لەلیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان و پوختەی تێزەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

# دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری

## بەشی یەکەم: ڕێبازنامە

یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە

سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە

چوارەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان

## یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە

بەگەڕانەوە بۆ مێژووی ڕاگەیاندن، دەکرێت بە ئاسانی بگەینە ئەوەی کە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ئاڕاستەکردن و کاریگەرێتیداناندا، جێی مشتومڕ و لێکدانەوەی جۆراوجۆربووە و سەرباری بواری ڕاگەیاندن، توێژەر و شارەزایانی چەندین بواری دیکەشی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و بۆتە جێی بایەخپێدانیان و لەپێشەوەی هەمووشیان، کۆمەڵناسەکانن و هەتا ئێستاش ئەو سەرقاڵبوون و بایەخدانە بەردەوامی هەیە و کۆی بیرنامەکانی کاریگەرێتیش بەرهەمی ئەو سەرقاڵبوون و بایەخپێدانانەیان بوون و ئەوەش بۆتە ئەوەی کە لە زۆرێکی پانتاییەکانی جیهاندا، توێژیتەوە و تاوتوێکردنی جۆراوجۆری زانستی سەبارەت بەو کاریگەرێتییانەی ڕاگەیاندن لەسەر دۆز و دیاردە و بابەت و کێشە گرنگەکانی ناو ئەو پانتاییانە بکرێت و زانستییانە بەرهەمبهێنرێت و ببێتە هۆکاری دەرخستن و دیاریکردنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو کاریگەرێتییانە و لەوێشەوە فەراهەمبوونی ئاسۆکانی چارەسەری و کەمکردنەوەی لایەنە نەرێنییەکانیان.

بەڵام ئەم بابەتە بۆ پانتاییەکەی ئێمە، کەمتر بۆتە جێسەرنج و بایەخپێدان و بەشێوەیەکی پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و زانستییانە ڕەفتاری لەگەڵدا نەکراوە، ئەگەرچی زۆرێکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان تا ڕێژەیەکی باش پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستن و کاریگەرێتی بەرچاویان لەسەر دادەنێت، بەتایبەتیش سەبارەت بە کێشەی ئاوارەکانی شەڕی داعش و دەرهاویشتەکانی، کە دەکرێت توێژینەوەی پڕبەهاو گرنگی لەسەر بکرێت. هەر لەو سۆنگەیەشەوە، توێژەر بە ئەرکی خۆی زانی کە کێشەی توێژینەوەکەی لەو چوارچێوەیەدا دەستنیشانبکات. لەوێشەوە، کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە **(ناڕوونی و تەمومژاویبوونی ئەو ڕۆڵەی کە ڕاگەیاندنی کوردی بینیوێتی سەبارەت بە شڵەژانی پاش ئەو هێدمەیەی کە شەڕی داعش بۆ دانیشتوانی کوردستان و بە تایبەتیش بۆ دەڤەری شەنگال و ئێزدی ئاینەکانی سازاندووە).**

بۆ ڕوونکردنەوەی فراوانتر ئەو کێشەیەش، وروژاندنی ئەم پرسانە بە پێویست زانرا و بریتین لە:

1. تا چ ئاستێك راگەیاندن رۆڵی بینیوە لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە لای ئاوارەکانی شەڕی داعش لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانیدا؟
2. تا چ ئاستێك راگەیاندن رۆڵی بینیوە لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئاوارەکانی شەڕی داعش لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانیدا؟
3. تا چ ئاستێك کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زانیاری پێویست و دروستییان بۆ ئاوارەکانی شەڕی داعش لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانیدا، سەبارەت بە پەلامارەکەی داعش و هۆکار و دەرهاویشتەکانی، فەراهەمکردووە؟
4. تا چ ئاستێك کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پشتیوانی دەروونییان لە ئاوارەکانی شەڕی داعش لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانیدا، کردووە؟
5. تا چ ئاستێك کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کاریان کردووە بۆ سەرلەنوێ سازدانەوەی کەسایەتی ئاوارەکانی شەڕی داعش لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانیدا؟
6. تا چ ئاستێك راگەیاندن رۆڵی بینیوە لە زیاتر شپرزەکردنی ئاوارەکانی شەڕی داعش لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانیدا؟

7.تا چ ئاستێك ڕاگەیاندن ڕۆڵی بینیوە لە قوڵکردنەوەی گۆشەگیری و دوورەپەرێزی ئاوارەکانی شەڕی داعش لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانیدا؟

8.تا چ ئاستێك راگەیاندن رۆڵی بینیوە لە ڕوخاندنی زیاتری کەسایەتی ئاوارەکانی شەڕی داعش لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانیدا؟

9.تا چ ئاستێك بەگۆڕە دیمۆگرافیەکانی (ڕەگەز، نەتەوە، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، پیشە، کۆمەڵایەتی ،ژمارەی منداڵ، ئاین،مەزهەب)، کاریگەرێتی هەبووە لەسەر شڵەژانی پاش هێدمە لای ئاوارەکانی شەڕی داعش لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی؟

10.تاچەند ئاوارەکان پەیوەستبوون بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە لە ماوەی ئاوارەبوونەکەیاندا؟

## دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە

بابەتی ئەم توێژینەوەیە، لە ڕووی زانستییەوە گرنگی زانستی خۆی هەیە لە بوارەکانی ڕاگەیاندن، دەروونناسی و کۆمەڵناسی، لە کاتێکدا " بەپێی زانیارییەکانی توێژەر" پێشتر توێژینەوەی هاوشێوە لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا هەروەها بیانیش لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام نەدراوە، ئێمە لە بەردەم دیاردەیەکداین کە بەرجەستەیە و هەستی پێ دەکرێت، لە ڕووی زانستییەوە توێژینەوەیەکی نوێ یە، کە دواجار کۆمەڵێک پێشنیار و دەرئەنجامی زانستی بەدەست دێت بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەکرێت توێژینەوە لەم بوارەدا کەلێنێک لە بوارەکانی زانستیدا پڕبکاتەوە یاخود ببێت بە هەوڵێکی سادە لە بوارەکانی کەڵەکەبوونی زانستیدا.

هەروەها لە ڕووی تیۆرییەوە هەوڵدانێکە تاکو بەشێوەیەکی زانستی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە لای ئاوارەکان دەستنیشان بکرێت.

بایەخی توێژینەوەکە لە خوودی بابەتەکەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە، کە چوارچێوەی توێژینەوەکەیە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ کۆمەڵ لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەکاتی کارەسات و کێشەکاندا وەرگر بە شێوەیەکی ناهەستی و بەگرنگییەکی زۆر پشت دەبەستێت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زیاتر لە کاتی ئاسایی بۆ وەرگرتنی زانیاری و زانینی ڕووداوەکان دەربارەی کێشە و گرفتەکانی کە تووشی هاتوون بۆ زانیاری وەرگرتن و زانینی ڕەفتارکردن و زانینی ئاستی مەترسی دۆخی حاڵی خۆیی و کەسانی گرنگ بەلایەوە، تاکە ڕێگەی زانینی زانیاریە و ڕێکخستنی دەروونی یە.

ئەم توێژینەوەیە گرنگی لەوەدایە کەبایەخ بەلایەنی دەروونی وەرگر دەدات بە جۆرێک پەیامە میدیایی یەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەرکی سوود گەیاندن و خزمەت بە لایەنی دەروونی تاک بگەیەنێت.

## سێیەم/ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدایە:

1.گەیشتن بە ئاستی ڕۆڵبینینی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانەکانی پاش هێدمە، لای ئاوارەکانی شەڕی داعش لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی.

2.گەیشتن بە ئاستی ڕۆڵبینینی ڕاگەیاندن لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئاوارەکانی شەڕی داعش لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی.
3.گەیشتن بە ئاستی ڕۆڵبینینی ڕاگەیاندن لە پێدانی زانیارییە پێویست و درووستەکاندا بە ئاوارەکانی شەڕی داعش لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی، سەبارەت بە پەلامارەکەی داعش هۆکار و دەرهاویشتەکانی.
4.ئاشکراکردنی ئاستی ڕۆڵبینینی ڕاگەیاندن لە پشتیوانیکردنی دەروونی ئاوارەکانی شەڕی داعشدا لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی.
5.دەرخستنی ئاستی ڕۆڵبینینی ڕاگەیاندن لە سەرلەنوێ سازدانەوەی کەسایەتی ئاوارەکانی شەڕی داعشدا لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی.
6.ئاشکراکردنی ئاستی ڕۆڵبینینی ڕاگەیاندن لە شپرزەکردنی ئاوارەکانی شەڕی داعشدا، لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی.
7.ئاشکراکردنی ئاستی ڕۆڵبینینی ڕاگەیاندن لە قوڵکردنەوەی گۆشەگیری و دوورەپەرێزی ئاوارەکانی شەڕی داعشدا، لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی.
8.گەیشتن بە ئاستی ڕۆڵبینینی ڕاگەیاندن لە ڕوخاندنی ئاوارەکانی شەڕی داعشدا، لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی.
9.دەرخستنی ڕۆڵی بەگۆڕە دیمۆگرافیەکانی (ڕەگەز، نەتەوە، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، پیشە، کۆمەڵایەتی، ژمارەی منداڵ، ئاین، مەزهەب)، لەسەر چەندایەتی وچونایەتی شڵەژانی پاش هێدمە، لای ئاوارەکانی شەڕی داعش لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی.
10.ئاشکراکردنی ئاستی پەیوەستبوونی ئاوارەکانی شەڕی داعش بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، لە ماوەی ئاوارەبوونیاندا لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی.

## چوارەم/ دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان

### ڕۆڵ/ Role

ڕۆڵ بەمانای وەرگرتنی فرمانێک یان ئەرکێک دێت جا ئەم فرمان و ئەرکە لەلایەن کەسێکەوە یان دەزگایەکەوە یان گروپێکەوەبێت. کە ئامرازێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێی هەڵدەستێ بەرامبەر وەرگر لە بوارێکی تایبەت (ڕۆشنبیرکردن، هەواڵ، هۆشیارکردنەوە، ئاڕاستەکردن،هتد)، جۆرێکە لە کردارێک کە دەزگایەک یاخود لایەنێک پەیڕەوی دەکات بە مەبەستی کاریگەری دروستکردن لەسەر لایەنێکی تر.

هەروەها ڕۆڵ: کۆی ئەو هەوڵ و ماندووبوون و کۆششانەیە کە ڕاگەیاندنی کوردی لە چوارچێوەی کێشە پەیوەستەکان بە شڵەژانی پاش هێدمەوە، دەیانخاتە گەڕ.

پێناسەی ڕێکاری/ بریتییە لەو نمرە گشتی یەی کەئەندامانی سامپڵی توێژینەوە لەسەر بڕگە وپرسیارەکانی ئەو فۆڕمە وەریدەگرن ئامادەکراوە و تایبەتە بەڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە بۆ ئاوارەکانی شەڕی داعش لە پارێزگای سلێمانی.

**ڕاگەیاندن/ Media**

لەمانا گشتیەکەیدا بریتیە لە ئاوێنەیەک کە چالاکی سەرجەم بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگە وەک (رامیاری،ئابوری، ڕۆشنبیری،کۆمەڵایەتی، وەرزشی، هونەری، سەربازی، تەندروستی،...) تیایدا ڕەنگ دەداتەوە، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە شێوەگشتیەکەیدا دەکرێت لەهەر ئامراز و ژانرێکی میدیایدا زۆربەی لایەنەکانی ژیان ئاماژە پێبکات. کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانە گەیاندنی بە وەرگر بەهەرسێ شێوازی نوسراو بینراو بیستراو.

هەروەها راگەیاندن بریتییە لەکۆی ئامرازەکانی راگەیاندن بە نوسراو خوێندراو و بیستراو لە هەرێمی کوردستاندا.

پێناسەی ڕێکاری/ بریتییە لەو نمرەی گشتییەی کە ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر بڕگەکانی پێوەری تایبەت بە پشتبەستن و بەکارهێنانیان بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (بینراو بیستراو خوێندراو) پەیڕەوی دەکات.

**شڵەژانی پاش هێدمە/ Post Traumatic Stress Disorders(PTSD)**

دەکرێت بڵێین هێدمەی دەروونی بریتییە لە:

لێکەوتەی کارەساتی (سروشتی و دەستکرد) لەسەر تاکی بەرکەوتووی کێشەکان بەتایبەت جەنگ کە دەرهاویشتەی وێرانکاریە، تێکشکانی مرۆیی دروست دەکات لەسەر تاک و کۆمەڵ، کە بە شڵەژانی دەروونی پاش هێدمە PTSD ناسراوە.

هێدمە (شۆک): حاڵەتێکی دەروونییە لە تاکێکدا دروستدەبێت کە بەر ڕووداوێکی دەرەکی نەخوازراوی چاوەڕواننەکراو بکەوێت کە ڕووداوەکان سروشتی بن یاخود مرۆیی بەهۆیەوە بارگرژی و شڵەژانی دەروونی لەسەر کەسەکە دروست دەکات.

پێناسەی ڕێکاری/ بریتیە لەو نمرە گشتیەی کەئەندامانی سامپڵی توێژینەوە لە سەر بڕگەکانی پێوەری تایبەت بەشڵەژانی پاش هێدمە وەریدەگرن.

**ئاوارەکانی شەڕی داعش:**

دانیشتوانی کەمپەکانی پارێزگای سلێمانین لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە پێشتر نیشتەجێی ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق بوون بەتایبەت ناوچەکانی نەینەوا و دەوروبەری، کە هەڵهاتووی دەستی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)ناسراو بە داعش وەک گرووپێکی تیرۆرستی لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان ناسراوە بەهۆکاری ئەو کارە خۆکوژی و تەقینەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

**ڕێکخراوی داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام):**

داعش کورتکراوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامە، بریتییە لە ڕێکخراوێکی چەکدار کە پەیڕەوی ئایدیا و بیروباوەڕی سەلەفی جیهادی دەکات، لەهەوڵی گەڕاندنەوەی خەلافەت و جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی دایە، لەو جێگایانەی عێراق و شام کە دەسەڵات بەدەست ئەهێنێت تیایاندا، سەرۆکی ڕێکخراوەکە ئەبوبەکر بەغدادییە.

# بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

**باسی یەکەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن**

یەکەم: ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر وەرگر

دووەم: پێکهاتەکانی پرۆسەی کۆمیونیکەیشن و ڕاگەیاندن

سێیەم: ڕاگەیاندن و تیرۆر

چوارەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانی تیرۆرو تیرۆرستان

**باسی دووەم: تیۆری توێژینەوەکە و شیکردنەوەی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە**

یەکەم: تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

دووەم: رۆلی راگەیاندن لەژێر ڕۆشنایی تیۆری پشتبەستن

**باسی سێیەم: شڵەژانی پاش هێدمە**

یەکەم: مانا و سەرهەڵدانی شڵەژانی پاش هێدمە

دووەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شڵەژانی پاش هێدمە

سێیەم: جۆرەکانی شڵەژانی پاش هێدمە

چوارەم: قۆناغەکانی شڵەژانی پاش هێدمە

**باسی چوارەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

یەکەم: خستنەڕووی توێژینەوەکان

دووەم: گفتوگۆی توێژینەوەکان

# باسی یەکەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن

## یەکەم: ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر وەرگر:

ڕاگەیاندن زانستێکە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان تیۆر و بنەمای زانستی تایبەت بەخۆی هەیە، کەلەڕێگەی ڕێساو پرنسیپەکانی بیرو ئایدیا وزانیاریەکانی دەگوازێتەوە. (الفار, 2006، ل226) ڕاگەیاندن ئەو چالاکیە کۆمیونیکەیشنانە دەگرێتەوە کە ئامانجێتی جەماوەر پڕبکات لەزانیاری و ڕاستیەکان هەروەها گەیاندنی هەواڵ و زانیاری ڕاست لەسەر بابەت و ڕووداوو کێشەکان کە ڕوویانداوە و ڕوودەدەن بەشێوازێکی بێلایەن و بابەتی. (حسين, 1984، ل22)

هەروەها "حمزة(1960)" وا پێناسەی دەکات کە دەربڕینی بیروباوەڕی جەماوەرە دەربارەی هەست و ویست و ئاڕاستەکانی لە یەککاتدا، وێناکردنی دەربڕینە تایبەتی و گشتی یەکانە. (حمزة, 1978، ل23)

ترکي (1984) پێی وایە کە "گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و ڕاستی یەکانە لە ڕێگەی یەکێک لە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بۆ کاریگەری خستنەسەر وەرگر، بەمەبەستی خزمەتکردن". (ترکي, 1984، ل58)

المحنة (2005) دەڵێت "بریتییە لە گواستنەوەی بیروڕا و زانیاری و ئەزموون و پسپۆڕی لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر، بەمەبەستی کاریگەری دروستکردن، باوەڕپێهێنان، وروژاندن، جوڵاندن، پەروەردەکردن، ڕۆشنبیرکردن، بەلاڕێدابردن، هاندان و یارییێکردن، یاخود بۆ خۆشی بەخشین". (المحنة, 2005، ل17)

الشهاب (2010) دەربارەی ڕاگەیاندن پێی وایە کە " ئاماژەیە بۆ دوو کردار لەیەک کاتدا، هەردوو کردارەکە تەواوکەری یەکدین، لەلایەکەوە بریتییە لە بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی بابەتێکی دیاریکراو، لەلایەکی دیکەشەوە پێشکەشکردن و وەشاندنی ئەو زانیارییانەیە بۆ وەرگر، بەواتایەکی تر ڕاگەیاندن بریتیە لە وەرگرتن بەمەبەستی بەخشین "(الشهاب, 2011، ل33)

ابوسمرة (2012) دەڵێت" ڕاگەیاندن پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و کاریگەری لەسەر خەڵکی دروست دەکات، ئامڕازێکی خێرا و گرنگە لە ئامڕازەکانی پەیوەندیکردن، فێرکاری و خۆشی و باوەڕپێهێنان لە پێناو بەشدارییێکردنی خەڵکی بەکاردەهێنێت بۆ تێرکردنی داخوازییەکانیان". (ابوسمرة, 2010، ل15)

هەروەها هواس(2015) دەڵێت "مەبەست هەموو ئامڕازەکانی راگەیاندنە لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و ئینتەرنێت، بەهەموو جۆرەکانی حیزبی و حکومی و کەرتی تایبەت (ئەهلی) کە بە شێوازی جیاجیا پەیام و بەرنامەکانیان ئاڕاستە دەکەن و جۆرێک لە کارلێک لەگەڵ جەماوەر دەکەن. ئەرکی ڕاگەیاندن بریتییە لە کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لە نێو خەڵکەوە و گەیاندنی هەمان ئەو پەیام و زانیارییانە بۆ خەڵک وە کرداری دەستخستن بەمەبەستی بەخشین". (هواس, 2015، ل8)

Rogers&Kincaid وای پێناسە دەکات کە "پرۆسەیەکی ڕێکخراو و پلان بۆ دارێژراوە کە هەڵدەستێت بە گەیاندن و بڵاوکردنەوەی پەیامێکی گشتی و دیاری، کە دەنێردرێت لەلایەن دامەزراوەیەکی جەماوەری (تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە، ڕادیۆ، ...) لە ڕێگەی ئامڕازی گەیاندنی جەماوەرییەوە (بینراو بیستراو خوێندراو) بۆ جەماوەرێکی بەرفراوان، بەمەبەستی کاریگەری لەسەر

زانیارییەکانیان و بیروباوەڕ و ئاڕاستە و هەڵسووکەوتیان" (Rogers&Kincaid, 1981, p. 81-83)

ڕاگەیاندنی کارلێکی (تفاعلي) کە ڕاگەیاندنێکی فرە لایەنی بێ سنوورە کەلەتوانایدایە ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی کلاسیک، ئەرکی نوێ بەجێ بگەیەنێت کەلەتوانای ڕاگەیاندنی کلاسیکدا نەبووە، کە ڕاگەیاندنێک بێت هەموو ئامرازەکانی لەخۆبگرێت و بتوانێت کۆمەڵگەیەکی کارلێکی درووست بکات کە نێرەر وەرگربێت، وەرگر ببێتەوە بە نێرەر، کەکاردەکات لەسەر بنەمای دیجیتاڵی و کارلێکی و تاک و کۆمەڵگە و دیاریکردن و تەکنەلۆجی و...) . (حسين, 2008، ل51)

ڕاگەیاندن کاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵ و ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەدرووستکردنی فەلسەفە و بیرو باوەڕ و مەزهەب و بەها و داب و نەریت و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، کاریگەرە لەسەر حەز و پاڵنەرەکان و دەبێتە درووستکردنی بیرکردنەوەی نوێ.

- **ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن**

سروشتی هەر کۆمەڵگەیەک جیاوازە لە کۆمەڵگەیەکی تر، لە ڕووی ئاستی سەقامگیری و توانای بەرگەگرتنی قەیران و کارەساتە لە ناکاوەکان، کە بە هۆکاری ئابوری و جەنگ و شۆڕشەکان دروست دەبێت، هەتاوەکو حاڵەتی ناسەقامگیری زیاد بێت لە ناو کۆمەڵگە پێویستی تاکەکان زیاد دەکات بۆ وەرگرتنی زانیاری تایبەت بە بابەتەکە، لە دەرئەنجامدا پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زیاد دەبێت.

پشتبەستن دوولایەنەیە لە نێوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سیستەمی کۆمەڵایەتی کە بەهۆکاری کاریگەری سیستەمی خێزان و ئاین و دامەزراوە پەروەردەییەکان و ئابووریەکان و سەربازیەکان لە گرنگترینیان سیستەمی سیاسی یە گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

ڕاگەیاندنێک کە بە لێپرسراوێتی ئێتیکی و بە پێی پرنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەگەری کاربکات دەبێت گرنگی بەو لایەنانە بدات کە لەبەرژەوەندی وەرگردایە و ڕەچاوی بکات بە جۆرێک چاندن و بەهێزکردنی بەها کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بە لایەنە جۆراوجۆرەکانیەوە وەک (ئازادی، بەرژەوەندی گشتی، ئاسایشی نەتەوەیی، هەستی نەتەوایەتی، هەستی چالاکی لەناو نەتەوە، نەنانەوەی ئاشوب و دووبەرەکی، بێ ڕێزی نەکردن، مافی تەشریعی و جێبە جێکردن و یاسایی، سیستەمی سیاسی، ماف، هتد...) بەهێزبکات و ڕێکی بخات. (عبدالله، 2010، ل63)

ڕاگەیاندن پەیامێکی فیکرییە و چەندین ئامانجی لەخۆگرتووە و لەڕێگەی کۆمەڵێ کەناڵی جیا جیاوە ئاڕاستەی پەیام وەرگر دەکرێت و لە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتووە/

(پەیامنێر ---- کەناڵی ناردنی پەیام ---- پەیام وەرگر)

ڕاگەیاندن لە لای وەرگر گرنگییەکی گەورەی هەیە، سەدەی بیستەم گەشەسەندنێکی بەرچاوی لە هۆیەکانی گەیاندن و پەیوەندیکردندا بەخۆیەوە بینی، کەوای لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی خوێندراو و بیستراو و بینراو کرد بەتاڵنەبنەوە لە دەستەبەرکردنی زانیاری و ڕۆشنبیری و خۆشنودی بۆ سەرجەم تاکەکان لە تەواوی کاتەکاندا. (قانع, 2004، ل16)

"لەو کاتەی دەڵێین ڕاگەیاندن، دیارە مەبەستمان لە: چاپکراو و بینراو و بیستراوە، جەماوەری چاپکراو دەبێ خوێندەواری هەبێ، تابزانێ چ لەو ڕۆژنامە نووسراوە و ئەو ژمارەیەی لەبەر دەستیەتی

باس لە چ دەکات، دەکرێ کەسانی نەخوێندەوار سەیری ڕۆژنامە بکەن، بەڵام لەوانەیە جگە لە لێکدانەوەی وێنەکان نەتوانن سوود لە نووسینەکان وەربگرن، بۆ ئەوەی لەبەرنامەکانی رادیۆ بگەیت، پێویست ناکات تۆ خوێندەواربیت، بۆ سەیرکردنی تەلەفزیۆن و فیلمی سینەماش مرۆڤ پێویستی بە خوێندەواری نییە، لە سینەما هەندێك فیلمی زۆر جیدی هەن، لەوانەیە ئەگەر بینەر خوێندەواری نەبێت زۆر لە فیلمەکە نەگات، بەهەمان شێوە هەندێك بەرنامە لە تەلەفزیۆن هەن، ئەگەر بینەر ئاستی رۆشنبیری بەرز نەبێت باش لە ناوەڕۆکی بەرنامەکە ناگات، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر کەسی بینەر نەخوێندەوار بێ دیسان کەم تا زۆر لە ئامانجی فیلمەکە دەگات". (سەپان, 2012، ل217)

وەرگرەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سیستەمی تایبەت بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دادەنێن، پشتەبەستن بە ئامرازە بەردەستەکانیان لە (ڕۆژنامەکان، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، فلیمە ڤیدیۆیی و سینەماییەکان، ئەلبومەکان، کتێب، گۆڤارەکان، بڵاوکراوە هەواڵییە تایبەتەکان، بڵاوکراوەکان)، زانیاری لە ڕێگەیانەوە کۆدەکەنەوە و پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ ئەم هۆکارە ڕاگەیاندنانە بنیاتدەنێن، تاکەکان تەنیا جیاوازنین لە بەکارهێنان و هەڵبژاردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەڵکو لە سروشتی پەیوەندی ئەو پشت پێ بەستنەش جیاواز دەبن کە خزمەتی ئامانجە کەسیەکان دەکات بەشێوەیەکی چاکترو لەکاتی خۆشیدا بایەخی زیاترە. (Solomon, 1982, p.308-309)

تاکەکان جیاوازدەبن لە سیستەمی ئەو ئامرازە ڕاگەیاندنانەی بەکاریدەهێنن، چونکە ئامانج و بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە، میدیا لە ئێستادا ڕۆڵی سەرەکی و گرنگی هەیە لەسەر تاك، بەجۆرێ دەزگا فەرمی و نافەرمیەکان بەتایبەت سیاسیەکان لە ڕێگەی میدیاوە پەیامەکانیان بەجەماوەر دەگەیەنن.

هەروەها گرنگی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ئێستادا بەتەواوی چۆتە ژیانی هەموو تاکەکان و پەیوەندی تەواوی هەیە لە ڕاپەڕاندنی ژیانیاندا، وەرگر بۆ ئاگابوون لە زانیاری و گۆرانکاریەکان پشی پێدەبەستێت بەسەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆ و سەرەکی لێی دەڕوانێت، بەتایبەت بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی زانیارییەکانی لەسەر دیاردە و کێشەکان وپڕکردنەوەی حەزو ئارەزووەکانی کە بەهۆی پاڵنەرەکانی چواردەوری ئەم پشتبەستنە زیاد دەکات.

## دووەم: پێکهاتەکانی پرۆسەی کۆمیونیکەیشن و ڕاگەیاندن:

لە پرۆسەی کۆمیونیکەیشندا پێویستە ڕەگەزە سەرەکییەکان بوونیان هەبێت کە بریتین لە:

1- نێرەر
2- پەیام (نامە)
3- ئامراز
4- وەرگر
5- فیدباک

پەیامە ڕاگەیاندراوەکان کۆمەڵێک ئەرکی جیاواز بەجێ دەگەیەنن لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی جەماوەریدا، هەر لەبەدەستهێنانی ڕەزامەندی جەماوەر و یارمەتیدانی لەسەر تێگەیشتن لە دیاردە مرۆییەکان تا دەگاتە ڕوونکردنەوەی هەڵوێستە ئاڵۆزەکان و قوڵبوونەوەی ڕاوبۆچوون و هاندانی وەرگر لەسەر وەرگرتنی هەڵوێستێکی دیاریکراوو دواتر گەیشتن بە ئامانجەکانی پەیامەکە.

پەیامی ڕاگەیاندن بریتیە لەو پەیامەی کە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت کە بریتین لە (شێوە و ناوەڕۆک)، لە نێرەرەوە دەگات بە وەرگر لە ڕێگەی ئامڕازێکی گەیاندنی راگەیاندنەوە، کە ئەو نامەیە پێکهاتووە لەزانیاری یان بیر وئایدیا کە دەبێت بگات بە وەرگر بۆ ئەوەی بیانزانێت وە وەک ئەزموونێک بەدەستبێت، یان ئاراستەیەکی ڕەفتارییە کە دەبێت شوێنی بکەون، لەهەموو ڕێگەکاندا پەیام بریتیە لە ڕەمز، وەک نووسین و قسە یان ووتن و وێنە و داتا و هێما و دەنگ و ... هتد، ئەو ڕەمزانە دەلالەتێکی تایبەتی هەیە، بەندە بە تێگەیشتنی کەسەکان بۆی بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەزموونی کەسەکان، بەهۆی ئەوەی مرۆڤەکان یەک جۆرنین لە ڕووی ئاستی دیمۆغرافی و سایکۆگرافی و زانیارییەوە لێک جیاوازن، کە چوارچێوە بۆ شێواز و جۆری گەیاندنی پەیامەکە دیاری دەکات، بە جۆرێک بگونجێت لەگەڵ ئامڕازی گەیاندنی پەیامەکەدا، ئەو وەرگر و جەماوەرەی کە پەیامەکەی بۆ دەچێت و پێی دەگات لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی کە مەبەستێتی. ( Phillip Knightley, 2002, p 93)

- **خاسیەتی پەیامی کۆمیونیکەیشنی ڕاگەیاندنی سەرکەوتوو:**

پەیام دڵی پرۆسەی کۆمیونیکەیشنە، ناوەندێکی گەیەنەرە لە نێوان نێرەر و وەرگردا، کە ناکرێت پرۆسەکە جێبەجێ بکرێت بەبێ پەیام .

- پەیامی ڕاگەیاندن پێکهاتووە لە سێ بنەمای سەرەکی کە:

1- مانا
2- ڕەمز
3- پێکهاتە

نێرەر پەیامە ئامانج دارەکە دەگەیەنێت بە لەبەرچاوگرتنی مانا و ووشە و ڕستە و سەدا و شێوازەکەی بە جۆرێک وەرگر ڕێنوێیی دەکات، ماناکە دەگەیەنێت لە ڕێگەی کاریگەری درووستکردن لەسەر وەرگر بە زانیاری بەخشین و گۆڕین لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە.

- خاسیەتی پەیامی سەرکەوتوو: (Jon BA Ltermam, 1998, p 25)

1- بێ لایەنی و ڕاشکاوی: پەیامی ڕاگەیاندن ڕاشکاو وبێ لایەن بێت.
2- ڕاستگۆیی: دروستی زمانی راگەیاندن و کۆمیونیکەیشن لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەلە ڕووی زمانەوانییەوە تەواوبێت لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە ڕاست بێت و درووست نەکرابێت و گۆڕانکاری تیانەکرابێت، هەڵبژاردنی ووشەکان بەرەوانی و ڕاستی بخرێنە ڕستەی پڕماناوە.
3- ڕوونی و ئاشکرایی: مانای پەیامی راگەیاندن ڕوون بێت، بەجۆرێک کەمترین نارِوونی و شاراوەیی و خراپ لێتێگەیشتن و هەمەلایەنە لێکدانەوە کاریگەری خراپی لێدەکەوێتەوە و ئامانجەکە بەدەست نایەت.
4- تەواو وئامادەبێت: پەیامی راگەیاندن مانای تەواو بگەیەنێت لەڕێگەی بەدەستخستنی زانیاری زۆر و وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بداتەوە.
5- کەم و پوخت: پێویستە لەسەر نێرەر زانیاریەکان پوخت بکات، هەروەها ئەو زانیاریانە لاببرێت کەلەگەڵ بەدیهێنانی ئامانجە کۆمیونیکەیشنە ڕاگەیاندنەکەدا نیە.
6- نەرم و نیانی: پێویستە لەسەر نێرەر ووشەی نەرم بەکاربهێنێت، کە کەشێکی پڕلە ڕێز لە پرۆسەی پەیوەندی کردنەکە درووست بکات.

7- پڕهەستی: پێویستە ووشەکانی پرۆسەی کۆمیونیکەیشنەکە پڕ هەستبێت، کەزیاتر چوارچێوە بۆ مانای ووشەکان بەدیاربکەون.

- **ڕەگەزەکانی ئەنجام گەیاندنی پەیامی ڕاگەیاندن و کۆمیونیکەیشنی سەرکەوتوو:** ( poers (robinson, 2002, p 28-30

1- دەستنیشانکردنی ئامانجی پەیوەندیکردن
2- دەستنیشانکردنی جەماوەری ئامانجدار
3- دەستنیشانکردنی ئایدیا سەرەکییەکەی پەیامەکە
4- دەستنیشانکردنی کات و شوێن و ژینگەی کۆمیونیکەیشنەکە
5- دەستنیشانکردنی ئامرازی ڕاگەیاندنی گونجاو بۆ گەیاندنی زانیارییەکان
6- ڕێکخستنی ئایدیاکان بەشێوەیەکی پلەبەندی لۆژیکی و گونجاو

پەیامی کۆمیونیکەیشنی راگەیاندنی سەرکەوتوو کاتێک دەبێت کەبەهەند وەربگیرێت و پێشتر ئامادەکاری بۆکرابێت و لە ئامانجی پرۆسەکەدابێت، سروشتی جەماوەر و سروشتی ئامرازەکە، هەڵبژاردنی زمانی گونجاو کەلە ئاستی ڕۆشنبیری وەرگردابێت، ناوەڕۆکێکی کاریگەر و قەناعەت پێکەر، هەموو پێکەوە دەبنە سەرکەوتنی پرۆسەکە، کەواتە پرۆسەکە بەتەنها نەبوونی یەکێک لە پێکهاتەکان جێبەجێ نابێت.

• **وەرگر (الجمهور)، جەماوەر/** ڕاگەیاندن لە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەکەیدا جەخت دەکاتەوە سەر چوار پێکهاتەی سەرەکی کە ئەوانیش (نێرەر) کە ئەرکی ئاڕاستەکردن و ناردنی (پەیامە) لە ڕێگەی (ئامرازێکی راگەیاندنەوە) کە (بینراو بیستراو خوێندراو) دەگرێتەوە بۆ (وەرگر).
وەرگر لە پرۆسەی کۆمیونیکەیشن (الاتصال) گرنگترین پێکهاتەیە، سەرچاوەی سەرکەوتن و جێبەجێکردنی پرۆسەی پەیوەندیکردن وەستاوەتە سەر چۆنیەتی وەرگرتن و درککردن و لێتێگەیشتنی پەیامە میدیاییی یەکە لەلایەن وەرگرەوە، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا. (رشتی, 1978، ل515)
وەرگر لە میدیای کارلێکی (تفاعلی) تەنها هەر بە یەک ئاڕاستەیی پەیامەکە وەرناگرێت بەڵکو زۆر جار پەرچەکردار دروستدەبێت و وەڵام دانەوەی دەبێت.
وەرگرەکان لەوەیە تاکێک بێت یاخود لایەنێک بێت یاخود کۆمەڵانی خەڵک بێت (جەماوەر) MASS بۆ وەرگرتنی پەیامەکان، کە لێکی دەدەنەوە و شرۆڤەی بۆ دەکەن.

• **مانای جەماوەر**
چەمکی جەماوەر بە کۆمەڵێک مانا دێت کاتێک پەیامە ڕاگەیاندنەکەی بەردەکەوێت وەک (وەرگر، خەڵک، کەس، (المتلقی، المستقبل) کە وەرگرێکە سەیری تەلەفزیۆن دەکات یان گوێ لە ڕادیۆ دەگرێت، یان ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە بە کاغەزی یان ئەلیکترۆنی... لە کاتێکی دیاریکراودا کە بەردەوام بەرکەوتنیان هەیە لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دا بە هەموو جۆرەکانیەوە لە (بینراو بیستراو خوێندراو). (امام, 1968، ل100)

بەمانای (Public) دێت کە بەمانای ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک دێت، کۆمەڵێک لە خەڵکن ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن، یاخود بەشدارن وەک لە سێرکردنی شانۆگەرییەکدا، لە بەرژەوەندیەکی دیاریکراودا دا هاوبەشن. (سمیسم, 1992، ل65-66)

زانایانی کۆمەڵناسی وای دەبینن کە جەماوەر لە پێکهاتەی جیاواز پێکهاتوون کە بەرژەوەندی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، بەهۆکاری ئەوەی تاک بەرژەوەندی تایبەت و جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر کۆمەڵێک بابەت کۆکن یان کۆدەبنەوە وەک جەماوەری کە حەز بە موزیک دەکەن، یان جەماوەری هونەری یان ئەدەبی، سیاسی ...هتد. (عدوان, 1988، ل21)

جەماوەری ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن جۆراوجۆرن لە ڕووی حەز و ئارەزوو ئامانجەکانیان، ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن ڕووبەڕووی کەسانێکی زۆر دەبێتەوە کە جیاوازن لە ڕووی ڕەگەز و تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و شوێنی نیشتە جێبوون و... هتد. (الحضیف, 1994، ل37)

- **جۆرەکانی جەماوەر**

لەگەڵ ئەوەی مانای جەماوەر لە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندندا یەکێکە لە مانا قورسەکان تێرامان و مانای زۆر هەڵدەگرێت لەلای توێژەران لەم باسەدا، لەگەڵ ئەوەدا سروشتی جەماوەر وەسف کراوە،شارەزایان جەماوەریان پۆلێنکردووە بەسەر جەماوەری تایبەت و جەماوەری گشتی، ئەمە لە کاتێکدایە کە سەیری واقعی کارکردنی ڕاگەیاندن کراوە لە ڕێگەی بەرنامەکان کە گفتوگۆ لەگەڵ بیرکردنەوەی وەرگرەکاندا کردووە، وەرگرەکان جیاوازن لە ڕووی پێکهاتەی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و دەروونیەوە.

جەماوەری گشتی بەمانای گەورەیی قەبارە و ژمارەیان و دووریان لەیەکتر بە پێی کات و شوێن بەڵام لۆبیەک یاخود ڕایەکی گشتی دروست دەکەن لە دەوری بابەتێک کە بەرژەوەندی گشتی تێدابێت لە ژیانی گشتی یاندا، بەڵام جەماوەری تایبەت بەمانای تاکی هاوشێوەن لە ڕووی گرنگیان بۆ بابەتەکان و پێداویستی یەکانیان. (الحکیم, 2011، ل55-58)

بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک جۆری تری جەماوەر هەیە وەک: ( Could&Likolbl, 1969, p 41)

1- جەماوەری سادە: ئەو جۆرە دەگرێتەوە کە بەئاسانی کاریگەر دەبێت و هەڵدەچێت بە خێرایی ئارام دەبێتەوە، لایەنێکی دیاریکراوی نییە کە بە جۆرێک شرۆڤەی هەبێت بۆ بابەتەکان لە نمونەی ئەم جۆرە لە وەرگر وەک وەرگری منداڵ.

2- جەماوەری نەزان: ئەو جەماوەرەیە کە ناخوێنێتەوە و نانوسێت و لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لاوازە و بە کۆمەڵێک کلتور و بیرو باوەڕەوە پەیوەستە کە زۆر جار نەرێنین.

3- جەماوەری بەئاگا: ئەو جەماوەرەیە کە حەزو ئارەزووی هەیە بۆ زانین و وەرگرتنی بیروڕاکان ڕێز لە ڕای بەرامبەر دەگرێت و ئامادەیی هەیە بۆ زانین و فێربوون و زۆربەی ئەندامەکانی ئەم گروپە کەسانی خوێندەوار و ڕۆشنبیرە کە توانای وەرگرتنی زۆرترین زانیاریان هەیە، خاڵێکی هاوبەشیان هەیە.

4- جەماوەری ئینکار: پێکدێن لەو کەسانەی کە هەموو شتەکان ڕەتدەکەنەوە بە بیرێکەوە وابەستەن مەرج نییە کە زیرەکبن یاخود ڕۆشنبیریەکی زۆریان هەبێت، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە پێویستی بە ئارامی یە. (اصبع, 2012، ل126-127)

5- جەماوەری نارِوون: ئەم جۆرە لە جەماوەر لە بابەتێک ئەگەرێت و بابەتێکی تر نیشان دەدات لە کاتێکدا بابەتێکی تر لەناو دڵیایەتی.

6- جەماوەری رۆشنبیر: ئەم جۆرە لە جەماوەر ئاستێکی بەرزی زانیاری و زانستی هەیە وەتوانای تێگەیشتن و درکپێکردنی هەیە بۆ بابەتەکان شیکردنەوە دەکات رەتی ئەو ئایدیانە دەکات کە دوورن لە راستی یەوە کە زۆر جار مەرج نیە خاوەن بڕوانامەی بەرزبن بەڵام زانیاریەکی زۆریان هەیە لە رووی ژیان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵیدا.

7- جەماوەری رارا: ئەم جۆرە لە تاکەکان لە ئاخاوتن و بڕیارداندا هەمیشە پێویستی بە بڕیاری کەسانی ترە خۆی توانای بڕیاردانی نیە.

هەروەها بە جۆرێکی تریش جەماوەر پۆلێن کراوە وەک/ ( connie&Margaret, 1995, p94)

8- جەماوەری (نەخوێندەوار): بەشێکن لەو جەماوەرەی کە تەنها دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن، تێرکردنی خودی و کات بەسەربردن لەلایان لە ئاستی یەکەمینە لە لیستی بایەخبەندی کارنامەکەیان (قائمە الاولویات)، حەزو توانا و سەلیقەی خوێندنەوەیان نیە، بە هۆکاری ئەوەی نایانەوێت بە ئاستەم پەیامەکان وەربگرن بەڵکو وەرگرتنی پەیامە میدیایەکان بە ئاسانی و سانایی بێت، جۆرێکی دی لە جەماوەر جەماوەری (النفعی رو المادی) جەماوەری مادی یە ئەم جۆرە لە جەماوەر مەیلیان بە تێکەڵاوی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگەدا حەز بە بەرزکردنەوەی ئاستیان دەکەن، بۆیە ئەم جۆرە بەرکەوتنی بەردەوامی هەیە لەگەڵ ئامرازەکانی راگەیاندندا.

جۆرێکی تر لە جەماوەر جەماوەری بیرکەرەوەیە ئەم جۆرە لە جەماوەر کەمترینە لە رووی زۆرینەی جەماوەر کە پشت بە ئامرازەکانی راگەیاندن دەبەستێت، پێکدێن لە توێژی رۆشنبیر و بیرمەندان کە گرنگی بە رای بەرامبەر و پێچەوانەکان دەدەن گرنگی بە زانینی رووداوو زانیارییەکان دەدەن، ئەرکیان ئاراستەکردنە لە رێگەی ئامرازەکانی راگەیاندن و پەرتوک و کۆڕ و سیمینار...هتد.

وەرگرەکان جیاوازن لە رووی پشتبەستنیان بە ئامرازەکانی راگەیاندنەوە، بۆ نمونە وەرگری (چالاک) لە رووی جۆری سەرچاوەکانی زانیاریەوە هەمەچەشنە زیاتر ئامرازەکانی راگەیاندن بەکاردەهێنن وەک لە وەرگری گشتی کە پشت بە ئامرازە راگەیاندنە باوەکان یاخود یەک جۆر سەرچاوە بەکاردەهێنن بۆ وەرگرتنی زانیاری، واتە لە رووی سەرچاوەی بەدەستهێنانی زانیاریەوە سنووردارن.

جیاوازی وەرگر لە رووی پشتبەستنی بە ئامرازەکانی راگەیاندنەوە دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی ئامانج و پێداویستی و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی.

تاکەکان پشت بە ئامرازەکانی راگەیاندن دەبەستن چونکە وای دەبینن کە سەرچاوەیەکە بۆ جێبەجێکردن و رێنیشاندانیان لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، ئامانجی تاک وەک بەدیهێنانی مافەکانی ئەویش بە زیادبوونی زانیارییەکان لە رێگەیەوە توانای بڕیاردانی لە رووی تایبەتی و گشتی یەوە، هەروەها تاک پێویستی بە ئارامی یە بۆبەدەستهێنانی کاتێکی ئارام و خۆشی کە زۆرجار لە رێگەی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە جێبەجێ دەبێت یاخود بەدەست دێت، تاکەکان ناتوانن دەستنیشانی پەیامەکانی راگەیاندن بکەن کەلە ئامرازەکانی راگەیاندنەوە پەخش دەکرێت، بەڵام لە توانایاندا هەیە هەڵبژاردن بکەن بۆئەو پەیامانەی کە ئەوان دەیانەوێت لە رێگەی دەستنیشانکردنی ئەو ئامرازەی کە پەیامەکانی تێدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها دەتوانن کاریگەریان هەبێت لە گۆرینی پەیامە راگەیاندنەکان بە جۆرێک

بۆ زۆرێک لەو بابەتانەی کە لە توانادا هەیە وەرگر جارێکی تر بەشداریی بکات و توانای بڕیاردانی هەبێت بە تایبەت لەو بەرنامانەی کە وەرگر بەشداری پێدەکەن، کە بە شێوەیەکی بازنەیی یاخود کارلێکی (التفاعلی) کاریگەری لەیەکتر دەکەن واتە وەرگران جارێکی تر دەتوانن وەک نێرەر پەیامەکانی بگەیەنێت بەهۆی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە واتە کارلێککردنەکە دوولایەنەیە.

توێژینەوەکان جەخت دەکەنە سەر چەند ڕەهەندێك کە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بونیادی وەرگر لەوانەش: (D.Baily, Kanneth, 1982, p 28)

1- لایەنی دێمۆگرافی لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی وەرگر: هەڵسوکەوتی تاکەکان جیاوازە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بە پێی بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکەی، ئاستی خوێندەواری، پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەی، ڕەگەز و تەمەن و ئاین و نەتەوە ... دەگۆڕێت.
2- بەکارهێنان و پێداویستی وەرگر بۆ بەرهەمە میدیایەکان و ئاستی ڕەزامەندی.
3- ئەو هەڵسوکەوتە یاخوود شێوازە کۆمیونیکەیشنەی وەرگر هەڵی دەبژێرێت لە نێوان ژمارەیەك هەڵسووکەوتوو پەیامی جۆراوجۆری میدیاکان.
4- پەیوەندی نێوان وەرگر و میدیا و هەڵسوکەوتە جۆراوجۆرەکانی ناو بەرهەمە میدیاییەکان و کۆمیونیکەیشنی نێوان کەسەکان.
5- پێداویستی وەرگر یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی کاریگەری دەکات لە دروستبوونی هەڵسووکەوتی میدیا، کەلەدەرئەنجامی کاریگەری میدیا دروستدەبێت، بەهەمان شێوە ڕەفتاری وەرگر بەرامبەر میدیاش، کە بریتیە لەوەی وەرگر چۆن، بۆچی، کەی، چەند، کام میدیا بەکاردەهێنێت.

هەروەها میدیا کاریگەری سنووردارە لەسەر وەرگر بەهۆی (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل41)

1- وەرگر دەتوانێت هەڵبژاردنبکات لە درککردن، هەڵبژاردن لە پەیامە ڕاگەیاندنەکاندا.
2- میدیا وەرگر ئاڕاستە ناکات بەڵکو ڕۆڵی بەهێزکردنی کاریگەری و هەڵسوکەوت و رەفتاری لای وەرگر دروستدەکات، ئەمەش لای وەرگرێك بۆ وەرگرێکی تر جیاوازە.
3- ڕەفتار و هەڵسوکەوت (هەندێك بە تیۆری مەعریفەی کۆمەڵایەتی ناوی دەبەن) واتە ڕەفتارەکە دەکات بە مۆدێل، ئەوکات وەرگریش بە پێی جیاوازی خۆی وەریدەگرێت یان ڕەتی دەکاتەوە .

• وەرگر پشت دەبەستێت بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە:

**یەکەم: تێگەیشتن**

ئەو زانیاریانەی کەلە دەوروبەریدایە، یارمەتی دەدات بۆ تێگەیشتن لە شتەکانی دنیایی دەرەوە و ناوەوە وەهەروەها شیکردنەوەی، وەک زانینی خود لە ڕێگەی خوێندن و بەدەستهێنانی ڕۆشنبیری، تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی زانینی شتەکان لەسەر جیهان یاخود کەسەکان لە ناوخۆو دەرەوە و شیکردنەوەیان. (مكاوي و السيد, 2006، ل320)

کە دابەش دەبێت بۆ دووباس:

1– تێگەیشتنی خۆیی: بەمانای تێگەیشتنی تاک لەبەها و کولتورو بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی، کە هاوکارە لە دروستکردنی ئەزمونی تایبەتی.
2– تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی: واتە تێگەیشتنی تاک لە ئەرکەکانی کۆمەڵگە کە تیایدا دەژی وە زانینی ئەو کاریگەریانەی دەوروبەری.

**دووەم: ئاڕاستەکردن**

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەڵدەستن بە ئاڕاستەکردنی تاک لەبڕیاردانی دروست بەشداری کردنی سیاسی، ئاڕاستەکردن بۆ بڕیاردان لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخە نوێ یەکان کەبەسەریدادێت، کەدابەش دەبن بۆ دووئاست: (مصطفى و مولود, 2015، ل232)

1- ڕەفتاری: مانای بەدەستهێنانی زانیاری تایبەتی لەلایەن خودی تاکەوە لەڕووی ڕەفتار کردنی لە کۆمەڵگەدا، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕەفتاری گونجاوی هەبێت لەگەڵ بارودۆخ و بەهای کۆمەڵگەکەی، ئاڕاستەکردنی کار دەگرێتەوە وەک بڕیاربدەیت چی بکڕیت؟ چۆن جلەکانت لەبەر بکەیت؟ چۆن جەستەت بە ڕێکی بپارێزیت؟

2- ئاڕاستەکردنی کارلێکی: بەومانایەی تاک بتوانێت زانیاری تایبەت بەدەستبهێنێت لە ڕووی زیرەکی و سەلیقەیی و توانایی لە گفتوگۆکردن و کارلێکی لەگەڵ تاکەکانی تردا هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە، کارلێکی وەک بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانە یاخود دەلالەتانەی کە چۆنیەتی مامەڵە کردنت پێدەڵێن لەگەڵ هەنگاوێکی نوێ یاخود زەحمەتدا. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل232)

**سێهەم: چێژبینین**

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەڵدەستن بە چێژبەخش کە بەشدارە لە بەدەستهێنانی ئارامی و ئاسودەیی و دوورکەوتنەوە لە بێزاری و ڕاکردنە لە کێشەکانی ژیان. (الموسى, 1998، ل164)

کە بەسەر تاکدا هاتووە لەکارەسات و ڕووداووە مەرگەساتەکاندا، لە کاتی کارەسات و جەنگەکان بەتایبەت جەنگی دژبە داعش کە تووشی شڵەژانی دەروونی بوونەتەوە.

- چێژبینین دابەش دەبێت بۆ دوو بەش:

1- چێژبینینی خودی: کە بریتیە لە حەزی تاک بۆ ئارامی و هێمنی و تەنیایی، دوورکەوتنەوە لە قورسایی ژیانی ڕۆژانە، وەک چێژبینین لە تەنیایی و هێمنی و ئارامی یان خەیاڵ و ئەندێشە....

2- چێژبینینی کۆمەڵایەتی: بریتیە لە حەزی تاک بۆ خۆشی بینین لە ڕێگەی تێکەڵاوی لەگەڵ کەسانی تر، وەک ڕۆشتن بۆ سینەما یان گوێگرتن لە کۆنسێرتێکی مۆسیقا لە گەڵ هاوڕێکانت، یاخود سێرکردنی تەلەفزیۆن لەگەڵ خێزانەکەت. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل164)

**سێیەم: ڕاگەیاندن و تیرۆر**

پێناسەکردنی وورد و کورتی چەمکی تیرۆر کارێکی زەحمەتە بەهۆی تێڕوانینی جیاوازی پسپۆڕان و هەلومەرجە جیاوازەکان بەجۆرێك هەر نەتەوە و ئاین ودەوڵەتێك بە جۆرێك کە لە بەرژەوەندی خۆیان بێت لێی دەڕوانن، پەرەسەندنی ڕۆژبەڕۆژی تیرۆر لە ڕووی شێوازەکانی ئەو ئامانجانەی لە پشتەوەیەتی، هۆکارێکی ترە بۆ جیاوازی بیروڕاو فرەیی لە بۆچونەکاندا، لە کورتترین پێناسەدا دەتوانین بڵێین بریتییە لە پرۆسەی بەکارهێنانی هێز (هێزی بیر، یان جەستە، یان ئامێر) بۆ ترساندن و تۆقاندن و کوشتنی بەکۆمەڵی هاولاتیان بە ڕێگەی توندوتیژانەی سەرکێشانە ولە خۆوە و بێ پەنابردن بە بڕیاری دەسەڵات و دادگا و بەهای مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی.

تیرۆر لە بنەڕەتدا لە وشەی (تیرۆرزم)ی فەڕەنسیەوە هاتووە بەواتای (ترسێکی زۆر) هەروەها لە سەرچاوە ئەکادیمیە فەڕەنسییەکاندا هاتووە کە وشەی تیرۆر لە دوای پەرەسەندنی شۆڕشی فەڕەنسیەوە سەری هەڵداوە. (الجماني, 1998، ل17)

لە پێناسەی نێودەوڵتیانەی پەیوەندی دار بە کەیسی تیرۆر لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان (1937) ە کرا کە بریتی بوولە" کاری تاوان بارانە دژبە دەوڵەتێك بە ئامانجی دروست کردنی ترس و تۆقاندن لە کەسێکدا یان گروپێ یان گشت خەڵکدا". (الصدفي, 1985، ل8)

هەروەها لە پێناسەیەکی تردا تیرۆر کارێکی توندوتیژیانەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاری کراو تایبەت مەندیەکەشی بریتیە لە کۆمەڵێك کارو کردەوەی توندوتیژی بە شێوەی تاك یان کۆمەڵ کە کاریگەری لەسەر دانیشتوان دادەنێت، باروودۆخێکی نائارام دروست دەکات. (المحي الدين, 1977، ل71)

هەروەها لە فەرهەنگی یاسایی بەریتانیا هاتوە بەواتای ترس یا ئەو حاڵەتەی کەلە مێشکی ئادەمیزاد دا پەیدا دەبێت لەترسی ئەوەی کەتوشی زیان و ڕوداوێك ببێت بە شێوازە جۆربەجۆرەکانی بەرکەوتنی زەبر و توندوتیژی (دەروونی یان جەستەیی و مەعنەوی)، زۆرجار کەسێك یان لایەنێك پەنا دەباتە بەر کاری تیرۆر بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو.

بەرفراوان بوون و گڵۆبالزەبونی کارە تیرۆرستیەکان هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی جگە لەو پێناسانەی لە یاسا ناوخۆیەکانی وڵاتاندا بۆی کراوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتانیش یاسای بۆ دابنرێت وەك مەترسیەکی گشتی دابنرێت بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی تەواوی جیهان بەتایبەت لەدوای (11)ی سێپتەمبەرەوە تیرۆر مۆدێلێکی جیهانی بەخۆوەگرت.

تیرۆر جۆری زۆرە لە بڵاوترین جۆری لە جیهان و لە عێراق و کوردستان بە تایبەتی بریتین لە (تیرۆری سیاسی، تیرۆری چەکداری و جەنگی، تیرۆری کۆمەڵایەتی، تیرۆری ئایدۆلۆژی و مەزهەبی و ئاینی، تیرۆری دەوڵەتی، تیۆری فکری و جەستەیی).

## چوارەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانی تیرۆروتیرۆرستان

ئەگەر ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی پیشەییانە بەکارنەهێنرێت و پەیامی مرۆڤایەتی و ڕاستی و دروستی نەگەیەنێتە وەرگرانی، ئەوا بە شێوازێکی نەرێنی و بەرژەوەندخوازانەوە لە ژێر سێبەری ئایدیایەکدا کە خزمەت بە وەرگرناکات پەخشی خۆی دەکات، بواری ڕاگەیاندن لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە بە شێوەیەکی سەرەتای تاکو ئێستا، گەشەی بەردەوامی لە ڕوی ئامرازەکانی و پانتایی کاریگەریەکانییەوە کردووە، ئەم گەشەکردنە لەسەدەی بیستویەکدا گەیشتە لوتکەی خۆی و جیهانی گلۆباڵیزە کردووە، ڕاگەیاندن لە ڕووی پێناسەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی پەیوەندی کردن بەمەبەستی ڕازیکردنی جەماوەر وە گۆڕینی ڕێڕەویان بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکاردێت ئەم بوارە وەك چەکێکی دووسەر وایە سەرێکیان دەتوانێت هانی تیرۆربدات و پەرەی پێبدات، سەری دووەمیش دەتوانێت سنورێك بۆ بڵاوبوونەوەی تیرۆردابێت. (ئەبوبکر, 2007، ل5). تیرۆرستان دەتوانن سود لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن ببینن، لە گرنگترین ئەو بوارانە بریتین لە/ (چلبي, 1998، ل70)

1- کەڵك وەرگرتن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و بۆچون و هەڕەشەکانیان لە جیهان زۆر بە خێرایی.

2- سوودوەرگرتن لە دەزگاکانی گواستنەوەو پەیوەندی ڕاگەیاندن بۆ پەیوەندی نێوان شانە نوستووەکان و گروپە مەیدانیەکان لە هەرجێگایەك بە مەبەستی ناردنی ڕێنمایی و فەرمانەکانیان بۆ ئەنجامدانی کارە تیرۆرستیەکانیان.
3- بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت کە کارەکانیان زۆر بۆ ئاسان دەکات لە بوارە جیاجیاکاندا، کەلەئێستادا زۆر بە فراوانی بەدەستدەهێنرێت.
4- سوود وەرگرتن لە جیهانگەرایی کە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە گەشەی کردووە و بەرهەم هێنراوە.
5- کردنەوەی چەندەها کەناڵی تەلەفزیۆنی و کەناڵی ناوخۆ و ئێزگە و ڕۆژنامە و گۆڤار، کە هەریەکەیان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئەو گروپانەوە دامەزراوە وە بەردەوام لە خزمەتی بڵاوکردنەوەی بیرو هزری ئەو گروپە تیرۆرستیانەدایە.
6- بڵاوکردنەوەی پەرتوك و نامیلکە و پۆستەر و وێنە... هتد.
7- دامەزراندنی بنکەکانی توێژینەوە و سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لە تەواوی جیهان لە ژێرناوی جۆراوجۆر.

ئەمە و چەندەها جۆری تری بڵاوکراوە بۆ گەیاندنی زانیارییەکانیان، کە زۆر بە ئاشکرا دەبینرێت لای گروپێکی تیرۆرستی وەک داعش کە سوودیان لە بڵاوکراوەکانی وەك ڕۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە بینیوە و ناردوویانە بۆ بەرەکانی جەنگ، کەلەدوای ئازادکردنی مۆڵگە و ناوچەکان بە بەجێهێڵراوی دەبینرا، هەروەها چەندەها کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی و ناوخۆیی و چەندەها سایت و پێگەی ئەلکترونی کە چالاکییەکانیانی تێدا پەخش دەکەن لەهەمانکاتدا ئێزگەی ڕادیۆیی و چەندەها ڕێکخراو و سەنتەر لە ژێر ناوی جیاجیادا بۆ ڕاکێشان و کاریگەری دروستکردن لەسەر بیرو هزری وەرگر.

تیرۆرزم چی ناوخۆیی بێت یان جیهانی بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت پێویستی بەجۆرێك لە پروپاگەندە هەیە، یەکێك لە هۆکارەکانی فراوان بوونی کردەوە تیرۆرستیەکان بریتییە لە مەودای فراوان بونی پروپاگەندە کە کاریگەری لەسەر بەشێکی بەرفراوانی جەماوەر هەیە، تیرۆرستان ڕاگەیاندن بە هۆکارێکی گواستنەوەی پەیامەکان دەزانن بۆ ناوخۆ و دەرەوە، هەتا کردەوەی توندوتیژی زیاتربێت ڕاگەیاندن کاردانەوەی بەهێزی لەناو هەواڵەکان دەبێت، زۆرجار ڕاگەیاندنەکان ڕوداوەکان گەورەتر لە ڕاستی پیشان دەدات، زۆر جار پیشاندانی کارە تیرۆرستیەکان لە ڕاگەیاندنەکانەوە دووبارە کردنەوەی پەیامی تیرۆرستانە ،لە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و ئەو ئامانجەی کە مەبەستیانە، زۆر جار پیشاندانی وێنەی بارمتەکان دەبێتە هۆی ڕزگارکردنی ئەوان، یاخود بڵاوکردنەوەی بەرەکانی جەنگ و زانیارییە جەنگیەکان خزمەت بە تیرۆرستان دەکات لە گەیشتن بە زانیاری بەنرخ بۆ بەردەستی تیرۆرستان.

## باسی دووەم/

## تیۆری توێژینەوەکە و شیکردنەوەی چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

تیۆری theory بریتییە لە "کۆمەڵێک گریمانە کە تێڕوانینێکی ڕێکخراومان دەداتێ سەبارەت بە دیاردەیەک، لە ڕێگەی دیاریکردنی هەموو ئەو گۆڕاکاری و بوارانەی پەیوەندییان پێوەی هەیە، بەمەبەستی پێشبینی و راڤەکردنی دیاردەکە"، هەروەها تیۆر" هەوڵێکی زەینیی مرۆڤە بۆ راڤە و شیکردنەوەی دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنی هەموو ئەو تێبینیانەی لەسەر گەلاڵە بوونە، دواجار خستنەڕووی بەشێوەیەکی گونجاو" (اصبع, 1995، ل67)

لە بواری ڕاگەیاندندا توێژەران گەیشتوونەتە کۆمەڵێک پێناسەی دیاریکراو بۆ چەمکی تیۆر، دیارترینیان: تیۆر" کۆمەڵێک گریمانەیە بۆ دیاردەیەکی دیاریکراوو پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی ڕێکخراوە سەبارەت بەو دیاردەیە" (مناف، 2014، ل187)

سەرهەڵدانی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن مێژوویەکی درێژیان نییە، بەڵکو لەسەرەتای سەدەی بیستەوە دەستی پێکردووە، بەهۆی گەشەکردنی کاری ڕاگەیاندن و ئەو کاریگەرییانەی پەیامی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دروستیان کرد، تیۆرەکانی ڕاگەیاندن لەڕووی زانستییەوە لە گرفت بەدەرنییە، جۆرێک لە کێشە هەیە، سەرەکیترینیان ئەوەیە زانستی ڕاگەیاندن وەک هەموو زانستە مرۆییەکان، ئاوێتەی زانستە مرۆییەکانی دیکە دەبێت، بۆیە دەوترێت تیۆرەکانی ڕاگەیاندن تا ئێستا بەجیا وەک خۆی نە خەمڵیوە و تەنها وەک مۆدێل تەماشا دەکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا بەرگریکاران پێیانوایە ئەم دۆخە لەبەرئەنجامی تازەیی گەشەکردنی زانستی ڕاگەیاندن بەراورد لەگەڵ زانستە مرۆییەکانی دیکە و سروشتی زانستی راگەیاندنە، کە ئاوێتەی زانستەکانی دیکە دەبێت. (علم الدين, 2009، ل95)

توێژەر تیۆری پشتبەستنی وەرگر بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنی (اعتماد الجمهور على وسائل الاعلام) وەک چوارچێوەی تیۆری بەکارهێناوە بە هۆکاری ئەوەی کە ئەم تیۆرە زیاتر جەخت دەکاتەوە سەر ئامڕازی ڕاگەیاندن و گرنگی و کاریگەریەکەی لەسەر تاک هەروەها تیۆری پشتبەستن بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن کۆمەڵێک باشی هەیە لەوانە:

تیۆری پشتبەستن بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن دادەنێت بە نمونەیەکی کراوە بۆ کۆمەڵێک لە کاریگەریە چاوەڕوانکراوەکان، ئەم نمونەیە دووردەکەوێتەوە لە نەبوونی بوونی کاریگەریەکانی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بوونی کاریگەری بێ سنوور، بۆیە پێی ناسراوە بە تیۆری (شامل) گشتگیر، بە جۆرێک تیۆرەکە دەستپێشخەرە لە پەیوەندی نێوان وەرگر و درووستکردنی ڕایگشتی، دورکەوتنەوە لەو پرسیارەی کە ئایا ئامڕازەکانی پەیوەندی کردن (وسائل الاتصال) کاریگەری گەورەی هەیە بەسەر کۆمەڵگەوە؟ (مهنا، 2000، ل398)

تیۆری پشتبەستن گرنگی دەدات بە دۆخی مێژوویی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی زیاتر لە بگۆڕە تایبەتی و خودیەکان، بۆیە زیاتر گونجاوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گەورە لە تیۆرەکانی تر کە پەیوەستن بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن. (ماتلار، 2005، ل178)

تیۆری پشتبەستن جەخت دەکاتەوە سەر کاریگەری ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر وەرگر، دەبێتە هۆی کاریگەری لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی وەلەسەر سیستەمی ئامڕازی ڕاگەیاندن خۆشی، پاشان ئەدای ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن، دەبێتە هۆی داواکاری بۆ گۆڕانکاری یان چاکسازی سیستەمی

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە جۆرێک لە ڕێگەی سیستەمی سیاسی یان لە ڕێگەی بازارگەری ئازاد یان لە ڕێگەی دەرکەوتنی ئامرازی ڕاگەیاندنی جێگیرەوە. (حلمي و عبد الظاهر, 2018، ل7)

تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەو تیۆرەیە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگی و کاریگەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تاک، بیرۆکەی ئەم تیۆرە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە کاریگەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن تاکەوە هیچی کەمتر نیە لە کاریگەری ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژی، کاریگەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەریان زیاد دەبێت هەتاوەکو ئەم ئامرازانە ئەرکی گەیاندنی زانیاری بەبەردەوامی و کاریگەریەوە بگەیەنن بە تاکەکان.

بە پشتبەستن بەم تیۆرە دەتوانین ئاستی پشتبەستنی ئاوارەکان لە پارێزگای سلێمانیدا بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەکاتی کێشە و کارەساتەکاندا بوونی ئەو شڵەژانە دەروونیەی کەلەسەریانە لەڕێگەی ئەو پرسیارەی چۆن ڕاگەیاندن ڕۆڵ دەبینێت؟

لێرەدا تیۆرەکە دەخرێتە ڕوو لە ڕووی خزمەتکردنی بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە:

تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (نظرية الاعتماد على وسائل الاعلام)

تیۆرەکانی کاریگەری (التأثير) لەسەر وەرگر لەگەڵ گەشەسەندن و بەدیارکەوتنی کاریگەری ڕاگەیاندن دا سەریانهەڵدا، هەر تیۆرە بە شێوازێک ئەو کاریگەرییانە شیدەکەنەوە، نزیکترین تیۆر لەم توێژینەوەیەوە تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە، بە هۆکاری ئەوەی کە ئادەمیزاد بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە هەمیشە لە هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری و پەیوەندی یە لەگەڵ خۆیی و دەورووبەریدا، بۆیە هەمیشە وێڵە بە دوای سەرچاوە زانیارییەکاندا لە ئێستادا بەهۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە باشترین سەرچاوەی بەدەستهێنانی زانیارین، هەروەک (ماکلۆهان) لە تیۆرەکەیدا ئاماژە بە گرنگی ڕاگەیاندن دەدات کە جیهانی وەک گوندێکی بچوک لێکردووە، پسپۆران لە ئێستادا ڕایان وایە لەوەش زیاتر کایگەرییەکەی زیادی کردووە و جیهانی لەیەکتر نزیک کردۆتەوە وەک ئەوەی لە یەک ماڵدا بژین بە هۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاوە. (مناف، سەرچاوەی پێشوو، ل152) هەر بەو هۆیەشەوە پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زیادی کردووە، بەتایبەت لەکاتی کێشەو گرفت و قەیران و کارەساتەکاندا کەبەسەر ئادەمیزاددا دێت کە بە شێوازێکی زیاتر لە کاتە ئاساییەکان وەرگر پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت بۆ ئاگاداربوون لەو مەترسی و ڕووداوانەی کە بەسەریاندا هاتووە و دێت، لەم توێژینەوەیەشدا بە هۆکاری ئەو جەنگ و کارەساتانەی کە بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا هاتووە پێمانوایە لە ڕێگەی پشتبەستنیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاردانەوە معرفی و ویژدانی و ڕەفتاریی یەکانیان گۆڕانکاری بەسەردا دێت و کاریگەری دەبێت، تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو تیۆریانەی کە کاریگەری مامناوەندیان هەیە، واتا کاریگەرییەکانی پشتبەستن لە ماوە و مەودایەکی دووردا دەردەکەوێت.

### یەکەم: تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن Reliance on media theory

ئەم تیۆرە لەساڵی 1976 لەسەردەستی ( Melvin L, Defleur & Sandra Ball Rokeach)"میلفین دی فلیر" و "ساندرا بول روکێش" هاتۆتە بوون، ئەم تیۆرە سەر بە قوتابخانەی کۆمەڵایەتی یە لەسەر پاڵنەرە مرۆڤیەکانە، توێژەرانی ئەم تیۆرە وای دەبینن کە پەیوەندییەکی دوولایەنە هەیە لە نێوان ڕاگەیاندنی جەماوەری و سیستەمی کۆمەڵایەتی کەتیایدا گەشەدەکات، (ساندرا بول) تێبینی کردوە کە ئەم تیۆرە گشتگیرە، لە ڕووی وردەکارییەوە بۆ سەر تاک یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە

کاریگەری ڕاگەیاندن لە ڕووی بەکارهێنانەوە، یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکانی بواری ڕاگەیاندن، کە یارمەتی دەرە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرێتی ڕاگەیاندن. (عبدالرحمن, 2016، ل107). بەجۆرێک هێزی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەپێی تیۆرەکە دەست دەکێشێت بەسەر تەواوی زانیاری وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ هەواڵ و زانیاریەکان، کە لە ڕێگەیەوە تاک ئامانج و پێداویستی یەکانی پردەکاتەوە، ئەم ئامانجانە بەردەوام ڕوو لە زیاد بوونە بەگەشەکردنی زیاتری کۆمەڵگە کەتاوەکو بەرەو ئاڵۆزی بچێت، لەگرنگترین ئەو پێکهاتانەی کە کەریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی پشتبەستن بریتین لە (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل108):

1. سروشتی وەرگر و ئامانجەکانی بۆ پشتبەستن بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن .
2. سروشتی کۆمەڵگە و ئاستی بەدەستهێنانی سەرچاوەی زانیاری .
3. سروشت و فرەیی ئامڕازاکانی ڕاگەیاندن.
4. سروشتی کات و ئەو دۆخەی کە تاک و کۆمەڵگە پیایدا تێپەڕدەبێت.
5. سروشت و جۆری ئەو زانیاریانەی کە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن پێشکەشی دەکەن.
6. فرەیی و جیاوازی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی جۆرو پێکهاتەوە.
7. ڕادەی ئاستی تێگەیشتن و ئاگایی وەرگر لە ناوەڕۆکی پەیامەکانی ڕاگەیاندن.
8. کاریگەری پەیوەندیە خودی و کەسییەکان .
9. کاریگەری دۆخ و لێکەوتە و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان.
10. سروشتی پێکهاتەی ڕاگەیاندن لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە.

هەربۆیە بریتییە لە کۆی ئەو ئایدیایانەی کە ئاماژە دەدات بەوەی تا چەند پشت بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ، لە پێناو بەدەستخستنی زانیاری دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، هەروەها ئاماژە دەدات بەو سەرچاوانەی کە هاوکارە بۆ بەدەستخستنی هەواڵ بە شێوازێکی بەردەوام، یان گواستنەوەی ڕووداوی ڕۆژانەی ناوخۆ و نێودەوڵەتیەکان .

گرنگترین لایەن لەم تیورەدا توانای کاریگەری دروستکردنە و فراوانی بڵاوبوونەوەی زانیارییەکانە کە دەبێتە هۆی لێکەوتەی دەروونی لەسەر تاک و کۆمەڵ کە لە ئەنجامدا گۆڕانکاری لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان دەردەکەوێت، گەشەکردنی بەردەوامی تەکنەلۆژیا ئەم هەنگاوە خێراتر دەکات و گەشەی پێدەدات، بەکارهێنانی تاک بۆ ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەرییەکەی کەمتر نیە لە کاریگەری ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژی، هەروەها هێزی کاریگەری ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن زیاد دەبێت کاتێک ئەم ئامڕازانە هەڵدەستن بە گەیاندنی ئەرکی زانیاری بە شێوەیەکی بەردەوام و چڕ. (mawdoo, 2016, p5)

**سەرهەڵدان و گەشەکردنی تیۆری پشتبەستن بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن**

زۆرێک لە زانایان لە سەدەی بیستەمدا گرنگیان بە کاریگەری ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن دەدا لە ئاستی زانین و ئاستی زانینی تاکەکان کە دەگەڕێتەوە بۆ کارلێککردن لە نێوان گۆڕاوەکانی پەیوەندیدار بە سروشتی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بە لەبەرچاوگرتنی جۆری وەرگرەکان و پێکهاتە جیاوازەکەیان، زۆرێک لە زانایانی ڕونکردنەوەیان داوە لەبارەی پەیوەندی نێوان ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و پێکهاتەی

کۆمەڵایەتی و دامەزراوەکان لە کۆمەڵگەدا لەسەر بنچینەی پشتبەستنی دوولایەنە. سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی ڕابردو کە کۆمەڵێک توێژینەوە لەلایەن توێژەر (ساندرا روکیتچ) کرا لەسەر کاریگەری دروستکردن لەسەر تاک، کە بەشدار بووە لە بەهێزکردنی کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی بابەتە جیاوازەکان، کەلەئەنجامی کەموکوڕی تیۆری بەکارهێنان و تێربوون هاتەکایەوە، کە تیۆرەکە کاریگەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پشتگوێ خستبوو کە تەنها جەختی کردبووە سەر وەرگر هۆکارەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکان لای وەرگر، هەربۆیە توێژەران هەستان بە دانانی ڕێسای سیستەمی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی فراوان بۆ شیکاری کاریگەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەجۆرێک کە یەکگرتنی پەیوەندی لەنێوان وەرگر و ئامرازی ڕاگەیاندن و سیستەمی کۆمەڵایەتی تیۆرەکە پێکدێت، کەئەمە سەرەتای دەستپێکردنی تیۆرەکەیە. (الهیتی, 2008، ل132) پاشان روکێتچ بەشداری بە توێژەر (دیفلیر) کرد لە دانانی نمونە ی تیۆری پشتبەستندا، کە پشت بەو توێژینەوانە دەبەستێت کە پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندنە، کە بریتین لە (ئامرازی ڕاگەیاندن، کۆمەڵگە، وەرگر، کە ئەم پێکهاتانە یەکتر تەواو دەکەن، بەجۆرێک کاریگەری ڕاگەیاندن لە نێوانیاندا دروست دەبێت، کەلە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی دەرخستنی مانای پشتبەستن. وەرگرەکان پشتدەبەستن بە هەواڵی هەنوکە و دیار کەلەناو ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژین جێگەی باس و گرنگییە، لە هەمانکاتدا کۆمەڵگە بۆ دەستکەوتنی هەواڵەکان پشت بە ئامرازە بەردەستەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت وەک سەرچاوەی زانیاری، بەو پێیەش کاریگەریەکان لەسەر تاک و کۆمەڵگە دروستدەبن، بەهۆکاری کاریگەری دروستکردن و پشتبەستنی زیاتری تاک بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن تێکەڵبوونی دوولایەنە درووست دەبێت لە نێوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی بڵاوکردنەوەی پەیامی میدیایی لەگەڵ سیستەمی ئابووری و سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی. (بنکراد، 2005، ل159) لێرەدا (دیفلیر و رۆکێتچ) نموونەیەکیان ڕێکخست کە پەیوەندی نێوان ئامرازەکانی راگەیاندن و هێزی کۆمەڵگە ڕوندەکاتەوەکە ناسراوە بە تیۆری پشتبەستن. دەتوانین بیرۆکەی سەرەکی ئەم تیۆرە پوخت بکەینەوە بەم شێوەیە "بەهێزی ئامرازەکانی راگەیاندن و پەیوەندی کردن (الاتصال) بۆ دەستخستنی ڕێژە و ئاستێکی زۆر بەرزی کاریگەری لە ڕووی (زانین، ویژدانی، هەڵسوکەوت) زیاددەکات کاتێک ئەم ئامرازانە هەڵدەستن بە ئەرکی گواستنەوەی زانیاری بە شێوەیەکی بەرزو پڕ لە زانیاری، ئەم ئەگەرە کاریگەرییەکەی زیاد دەکات لەکاتی بوونی نائارامی و کێشە و گرفتەکاندا لەناو کۆمەڵگەدا بە هۆکاری جەنگ و ململانێ و قەیران و گۆڕانکاریەکاندا... هەروەها سەرباری ئەمەش بیرۆکەی گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوت و زانین و لایەنی ویژدانی وەرگر، دەکرێت ببێتە کاریگەرییەکی پێچەوانە بۆ گۆڕانکاریەکان لە کۆمەڵگەدا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان.

ئەو ئەنجامە مانای پەیوەندییە سیانییەکەیە لە نێوان (ئامرازەکانی ڕاگەیاندن-پەیوەندیکردن (الاتصال) و وەرگر و کۆمەڵگە). (KENNCTH, 2001, p34) ئەم تیۆرە وای دەبینێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک پرۆسەیەکی زانیاری پشتدەبەستێت بە پشتبەستنی وەرگرەکان بۆ سەرچاوە دانسقەکانی زانیاری کە دەستی بەسەردا گیراوە لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە. بەو مانایەی کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سیستەمی کۆمەڵایەتییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، لەم دیدگایەوە تیۆری پشتبەستن جەخت دەکاتەوە سەر پەیوەندی نێوان ئامرازی ڕاگەیاندن و وەرگر و سیستەمی کۆمەڵگە کە بە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەڕوات، کە پەیوەندییەکە

دوولایەنەیە، بە جۆرێک کۆمەڵگەی نوێش کاریگەری دروست دەکات لەسەر بیرۆکەکە، تاکەکانی ناو کۆمەڵگە پشت دەبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک سیستەمێکی ناوەندی کە ئەویش ئەو فەزا کۆمەڵایە تیەیە کە دەوری یاون، هەربۆیەش ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرچاوەی سەرەکیان بینیووە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری نوێ و گەرمەکان بە وەرگرەکانیان، ئەم پشتبەستنە ڕووی لە زیادبوون کردووە لە کاتێکدا کۆمەڵگە تووشی حاڵەتەکانی ناسەقامگیری بۆتەوە کە گۆڕاوە بۆ ململانێکان کە تیایدایە. (اسماعیل، 1998، ل478) دەکرێت تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دابنرێت بە تیۆرێک کە گەشەسەندنێکی سۆسیۆلۆجی ئەرکی هەیە کە چاودێری کۆمەڵگە دەکات بەوەی پێکهاتەیەکی بونیاتیە، دەگەڕێت بە دوای چۆنیەتی تێکەڵاوی پەیوەندی پێکهاتە بچوک و گەورەکانی کۆمەڵگە بەیەکەوە،پاشان لە هەوڵی لێکدانەوەی بەشەکانیانە کە پەیوەندی دارە بەم پەیوەندییەوە، بەجۆرێک هەر کاریگەریەک ئەگەری هەیە لە هەر زروفێکی یاخود حاڵەتێکی بە پەلەدا (Contingency) کاریگەریەکەی زیاد بکات. (الهاشمي، 2006، ل27) ئەم تیۆرە بە شێکە لە تیۆری پشتبەستنی دوولایەنە لە نێوان ئامرازەکانی راگەیاندن و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، کە تیایدا وەرگر زیاتر لە هەوڵدایە بۆ وەرگرتنی زانیاری لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ تێگەیشتن لە واقعی کۆمەڵایەتی.

- **قۆناغەکانی گەشە سەندنی تیۆری پشتبەستنی وەرگر بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن**

أ- نمونەی یەکەمی تیۆری پشتبەستن 1976

بۆ یەکەم جار زانایان (میلفین دیفلیر و ساندرا بول روکیتچ) ئەم تیۆرەیان پێشکەشکرد لەساڵی 1976، کاتێک ئەم تیۆرە پەیوەندی نێوان سێ پێکهاتە گرنگەکەی ئەم تیۆرەی خستە ڕوو کە پێکهاتوون لە (ڕاگەیاندن، کۆمەڵگە، وەرگر) بە شێوەیەکی چون یەک، ئەم پەیوەندیە گۆڕاوو جیاوازە بە جیاوازی کۆمەڵگەکان، بە جیاوازی سروشتی ئامرازی ڕاگەیاندن، هەمەچەشنی ولێکچونی پێداویستیەکانی وەرگر، بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەری زانین و لایەنی ویژدانی و هەڵسوکەوتیەکانەوە، کە گۆڕانکاری لە ئاستی پشتبەستنی وەرگر دەکات بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ( Williams, 1984, p281) لەگەڵ ئەوەدا، ئێمە نابێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری وەک تاکە هۆکار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی تاک سێربکەین، تاکەکان هاورێ و خێزان پرۆسەی پەروەردە و ئاین و... هتد، بەکار دەهێنن وەک سەرچاوەی بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، بە جۆرێک تاوەک و کۆمەڵگە بەرەو پێشکەوتن بچێت زیاتر ئاڵۆزدەبێت، بەوەش ئامانجەکانی تاک گۆرانکاری زیاتری بەسەردا دێت بەهەمان شێوە ئاڵۆز دەبێت و زیاد دەکات بەو شێوەیەش ڕاگەیاندن پێویستی بە گەشەسەندن و قوڵبوونەوەی زیاترە بۆ بەدەستهێنانی پرکردنەوەی پێداویستی و ئامانجەکانی وەرگر بە و شێوەیە دەبێت بە شێوەیەکی دوولایەن بە شێوەی تەریب پێشبکەون ئەگەرنا پرۆسەکە سەرکەوتو نابێت و کەلێنی زانیاری و ناتەبایی لە نێوان تاک و کۆمەڵگە و ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا دروست دەبێت. ( Stanly J, Baran & Dennis K.Davis, 1995 , p 232). تاک پێویستی بە تێگەیشتن و هەستکردنی خودی هەیە کە یارمەتیدەرە بۆ دەرخستنی تواناکانی وهاوکاریەتی، لێکدانەوەی بەهاو ئاراستەکان هەروەها هەڵسوکەوت و درککردنی لایەنەکانی خودی بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها پێویستی بە تێگەیشتنە لە جیهان و کۆمەڵگەکەی دەوری تاکیان داوە، چەمک و ماناکان کەلە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بەری دەکەون، هەر بەوهۆیەشەوە توێژەران میلفن و روکێش ئەم تیۆرەیان گەشە پێدا لە ساڵی (1982)، بۆ

ڕونکردنەوەی چۆنیەتی پشتبەستنی تاک بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە تایبەتیەکانیان لە تێگەیشتن (درککردن) و ئاڕاستەکردن و خۆشنوودیکردن،کە ناسرا بە (نموذج) نمونەی تەواوی تیۆری پشتبەستن.

ب- نمونەی تەواوی تیۆری پشتبەستن (النموذج المتكامل لنظرية الاعتماد) 1982. (مکاوي، سيد, 2006، ل189)

نمونەی تەواوی تیۆری پشتبەستن ڕونی دەکاتەوە کە تێکەڵاویەکی زۆر هەیە لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی پرۆسەی پەیوەندی کردندا (ئامرازی ڕاگەیاندن – کۆمەڵگە – وەرگر) کە چەند گۆڕانکاریەک ڕوودەدات بە جۆرێک دەبێتە هۆی کاریگەری ئامڕازی ڕاگەیاندن کە دەرکەوتووە لە دەرئەنجامی پشتبەستنی دوولایەنە لە نێوان ئامرازی ڕاگەیاندن و وەرگر و سیستەمی کۆمەڵایەتی جیاواز دروست بووە. دەتوانین ئەم پەیوەندیە کورت بکەینەوە بەم شێوەیە:

**یەکەم:** بڵاوبوونەوەی ڕووداوەکان گەشە دەستێنێت لەناو کۆمەڵگەدا کە پەیوەستە بە سیستەمی کۆمەڵایەتی، کە ئەرکی بونیاتی (البنائية) بەڕێوە دەبات، دەبێتە پەیوەندی دوولایەنە لە نێوان سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئامرازی ڕاگەیاندن، هەروەها هەر کۆمەڵگەیەک دەناسرێتەوە بە کۆمەڵێک کولتوری تایبەت کە بەها و کولتور و هەڵسوکەوت، کە دەی گوازێتەوە لە ڕێگەی ڕەمزی وتراو و نەوتراو کە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری و سیمای نەتەوەکە یاخود کۆمەڵگەکە و لەوێشەوە ڕەنگدانەوەی لە تاکدا. ئەم پرۆسەیە هێزێک دروست دەکات بۆ مانەوەی کۆمەڵگە و پاراستنی مانەوەی لەڕێگەی کۆدەنگی و کۆنترۆڵکردنەوە هەروەها خۆشگوزەرانی بۆ تاک و کۆمەڵگە، لەناو کۆمەڵگەدا لایەنێکی ترهەیە ئەویش ململانێ و گۆڕانکاریە هەروەها لادانی تاکە، کەکاریگەری دەبێت لەسەر تەواوی پرۆسەکە.

**دووەم:** پێکهاتەی ڕۆشنبری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا کاریگەری هەیە لەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی ئەرێنی و نەرێنی، کە دەبێتە دیاریکردنی خاسیەتی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن کە پێکدێت لە: ئامانجەکان و ڕێکخستن و بەرهەمهێنان، پەیوەندییەکانی نێوانیان، ئەم خاسێتانە کاریگەری دەبێت بەسەر ئەرکی گەیاندنی زانیاریەکان کەلە ڕێگەی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوەیە، هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو چالاکیانەی کە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لێی بەرپرسن بەتایبەت ئەو لایەنەی کە لایەنی سیاسی ڕێکدەخات. هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر پێکهاتەی ڕۆشنبیری و بنیادی کۆمەڵگە لەسەر تاک، بەشدارە لە دروستکردنی جیاوازی لەنێوان تاک و یەکەکانی کۆمەڵگەدا جیاوازی تاکایەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، سیستەمی کۆمەڵایەتی، کەلە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دروستکردنی پێداویستی نوێ بۆ تاکەکان، دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی پشتبەستنی دوولایەنەی نێوان سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن چۆنیەتی گەشەسەندنی تاک پشتبەستنیان بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بۆ تێربوونی پێداویستی یە دەروونی کۆمەڵایەتیەکانیان، کە کاریگەریە جیاواز و فرەلایەنەکان دروست دەکات لەسەر تاک.

**سێیەم:** ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن هەڵدەستن بە شاردنەوەی ڕووداو و زانیاریەکان کە ڕوودەدەن لەناو یاخود دەرەوەی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکەدا بە شێوە جیاوازەکانیەوە، لە تاکەکانی ناو ئەم سیستەمە، وە

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جەخت دەکەنەوە سەر هەندێک لە بابەت و ڕووداو کە خۆیان هەڵی دەبژێرن بە پێی ئەوەی تا چەند گونجاوە بۆ وەرگر، زۆر جار سیاسەتی کەناڵ ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە هەڵبژاردنی بابەتەکان.

**چوارەم:** پێکهاتەی سەرەکی لە چوار چێوەی گشتی ئەم پرۆسەیە تاکە کەسە وەک نوێنەری کۆمەڵگە، وەرگر گرنگترین بەشی ئەم پرۆسەیەیە، تاکەکان خاوەن بونیادێکی گشتگیرن کە لە واقعی کۆمەڵگەکەیان و لەڕێگەی ڕۆشنبیرکردن و خوێندن و هەستی نەتەوەیی و سیاسی و ئاین و ئایدۆلۆژی و... هتد، وەلایەنی دیمۆگرافییەکانی دروست بووە، تاک ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنێت بۆ تەواوکردنی بونیادی واقعی خودی و کۆمەڵایەتی.

**پێنجەم:** کاتێک کەواقعی کۆمەڵگە دیار و ڕوون بوو لەلای تاکەکانەوە، پێداوستی و ئامانجەکانیان تێیدا بەرجەستە بوو، پەیامی ڕاگەیاندن کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێت، تەنها بەهێزکردنی بیروباوەڕەکانیان و بەها و شێوازی هەڵسوکەوت و چەند ئەرکێک بەدی دەهێنێت، بەجۆرێک تاک ڕاگەیاندن بەکار دەهێنێت بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە واقعی چواردەوری هەروەها ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر زانینی بۆچوون و هەڵسوکەوت، بۆیە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت ئاستی پشتبەستنی تاک بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ئامرازێکە .

**شەشەم:** زۆر جار ڕاگەیاندن بابەتەکان گەورە دەکات و زەقی دەکاتەوە، ئامانج لەمە بۆ ئەوەیە کاریگەری لەسەر خەڵک بکات کە بیانهێنێتە سەرشەقام و ڕای گشتی دروست بکات لەسەر بابەتێکی دیاریکراو.

ڕاگەیاندن لێرەدا ململانێ و ئاژاوە دروست دەکات لەناو کۆمەڵدا و لەسەر تاک کە نەتوانن بیربکەنەوە و ئایدیاکانیان ئاڵۆز دەکات، لەم جۆرە ڕووداوانەدا سروشتی پەیوەندیەکە لە نێوان ئامرازی ڕاگەیاندن و وەرگر و سیستەمی کۆمەڵایەتیدا تێکدەچێت چونکە بەڕێگەیەکی هەڵە کارەکە کراوە و لە پرنسیپی ڕاگەیاندن لادراوە بۆیە بۆ ڕاستکردنەوەی زەحمەت دەبێت. بۆیە پەیوەندی پشتبەستنی هەمەلایەنە لە نێوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بەشەکانی تردا لە قەوارە کۆمەڵایەتیدا، پێویستە بە قازانجی کۆمەڵایەتییێت، ئەگەر گۆڕانکاری ڕووی داو بەبێ پلان بوو ئەستەم دەبێت کاریگەری خستە سەری و چاککردنەوەی. توێژەران (میلفن و روکیتچ) گرنگیان دا بەوەی چۆن پەیامی ڕاگەیاندن کاریگەری هەیە بەسەر تاکەوە وە ئەو لێکەوتانە چی یە کە جێ ی دەهێڵێت بەسەر بیروباوەڕ و ڕەفتاری تاکەوە. ئەو کەسانەی کە پشتیان بەستووە بە سەیرکردنی تەلەفزیۆن بۆ نموونە ئەبێت هەڵبژاردن بکەن لە نێوان بەرنامە جیاوازەکاندا کە پەخش دەکرێت لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە، ئەمەش بە جیاوازی تاکەکان بابەتەکانیش کە هەڵی دەبژێرن جیاوازە، لە ئەنجامدا کاریگەریەکە لەسەر هەریەکێکیان بە پێی هەڵبژاردنیان بۆ بابەتەکە جیاوازە بەهۆی ئەو ئامانجەی کە ئەوان ویستویانە پێی بگەن، لە توێژینەوەی (لبول روکێش و هاوەڵانی) بۆ زانینی لێکەوتەی کاریگەری بابەتەکانی تەلەفزیۆن دەرکەوتووە ئەو کەسەی کە مەبەستی بووە بۆ بابەتێکی سیاسی لەکاتی بەرکەوتنی بابەتەکە کاردانەوەی گەورەی کردووە لەسەر هەڵسوکەوتی بەتەواوی ڕەنگی داوەتەوە جیاواز لە کەسێکی تر

که مەبەستی یاخود ئامانج و ئارەزووی بۆ بابەتەکە نەبووە بۆیە کاردانەوەکەشی لەسەر هەڵسوکەوتی نەکردووە بەو شێوە بەهێزەی کەلەسەر کەس کە خۆی ئامانجی بابەتەکە هەبووە. ( Defleur & Rokeach, 1982, p24)

ج- نمونەی درکپێکراوی تیۆری پشتبەستن (1989): لێرەدا توێژەران (میلفن و روکیتچ) گەشەیان بە تیۆریەکەدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو میکانیزمەی کە کاری پێدەکەن لە تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا، بۆیە نمونەیەکی نوێ یان دانا لە ساڵی (1989)، بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان ڕێکخستنی ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، سیستەمی کۆمەڵگەیی، کە درێژە پێدەری یاخود هەڵقوڵاوی نمونەی درکپێکردنی زەینی یە. داهێنەرانی ئەم نمونەیە وای ئەبینن کە پشتبەستنێکی دوولایەنە هەیە لەنێوان ڕاگەیاندنی جەماوەری (ماس میدیا) و سیستەمی کۆمەڵایەتی کە تیایدا گەشەدەکات، جەماوەر دەستنیشانی دەکات بەپێی بەرکەوتنی بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سەرچاوەی تر کە حەزو خولیاکانی پڕ دەکاتەوە، ئەوپێویستیانەش زانین بن یاخود هەستی بن(بۆچونەکان، بیروباوەڕ، بەها، پلەبەندی بایەخبەندی)یان پێداویستییە هەستی و ویژدانییەکان کە بەشدارە لە سەقامگیری تاک لە کۆمەڵگەدا. (المزاهرة, 2012، ل108) کە پێکهاتووە لەوەی کە بوونی پەیوەندی یەکی لۆژیکی لە نێوان پێکهاتەی ئامرازەکە و پاڵپێوەنەری زانینی درکپێکردن کەدەستپێکی ئەم نمونەیە بە درکپێکردن و زانینی تاک دەستپێدەکات لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بە شێوەیەکی وورد، بۆ ئەوەی بڕیاربدات بە شێوازێکی چالاک لە بارەی ئەوەی حەزی پێدەکات لەوەی کە گوێی لێ دەگرێت یاخود تەماشای دەکات یاخود دەیخوێنێتەوە یاخود کەسێک کە پەیوەندی لەگەڵ دەبەستێت لە ڕێگەی یەکێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل29) کە بەم هەنگاوانە جێبەجێ دەبێت: (colostate, 2018, p9)

**هەنگاوی یەکەم:** وەرگر لە ڕێگەی یەکێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بە دوای زانیاریە کاندا دەگەڕێت، دەچێتە ناو زانیاریەکانەوە لە ڕێگەی تێگەیشتن و ئاراستە کردن و یاخود خۆشی لێبینین کە زانینی باکگراوەندی پێشوەخت ڕۆڵی هەیە لەم تێگەیشتنە. زۆر جار ڕەنگە لە ڕێگەی قسەکردن بێت لەگەڵ کەسانی تری وەک هاوڕێ و ناسیاوەکانیدا یاخود لە ڕێگەی ڕەمزی وێنەیی بن وەک لە زۆرێک لە گۆڤارە ڕیکلامیەکان یاخود گۆڤارە ئەدەبی و هونەریەکاندا بێت، واتە خۆیان دەگەڕێن بەدوای زانیاریدا کە دەیانەوێت. بەڵام ئەوکەسانەی کە بەشێوەیەکی ڕێکەوت یاخود پلان بۆ دانەڕێژراو و لە خۆوە زانیاریەکانیان دەستدەکەوێت لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک (چونە ناو شوێنێکی گشتی و تەلەفزیۆن کرابێتەوە) لەم کاتەدا دوولایەنە یاخود دوو دیووی هەیە لە دیوێکدا ڕەنگە بەردەوام بێت لەسەر پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یاخود کۆتایی دەهێنێت بە وەرگرتنی زانیاریەکان.

**هەنگاوی دووەم:** تاوەکو چەند پێداویستی تێربوون زیادبێت لە ڕووی بەدەستهێنانی زانیاریەوە ئەوەندە گەڕان بەدوای زانیاری و تێربوونی ویژدانی زیاد دەکات، کە وادەکات درککردن بەهێزتربێت بۆ ناوەڕۆکی پەیامەکە و زیاد بوونی کاریگەریەکە، بەجۆرێک ئاستی پشتبەستنی جیاوازە بەپێی جیاوازی ئامانجەکان، ئاسانتر دەگات بە ناوەڕۆک و کرۆکی بابەتەکە. گۆڕانکاری لە ئامانجەکانی وەرگر زۆرجار ژینگەکەی پێچەوانە دەکاتەوە، کاتێک ژینگەکەی پڕبێت لە جەنجاڵی و مەترسی،

بۆنمونە پشتبەستنی تاکەکان بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زیاد دەکات لە کاتێکیشدا ئەگەر سەرچاوەی زانیاریەکە نەتوانێت کێشەکەش چارەسەربکات، بۆ نمونە ئەگەر کەسێک خۆی یاخود کەسانێکی نزیکی تووشی جۆرێک لە نەخۆشی بین بەهەموو توانایەکییەوە گوێ قوڵاغ و بەردەوام دەگەڕێت بەدوای زانیاریەکاندا لەسەر ئەو نەخۆشییە لە ڕێگەی سەرچاوەکانی زانیاری کە گرنگترینیان ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە بە ئومێدی دەستکەوتنی زانیاری و لە ئەنجامدا دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ ئەو مەبەستە. لەکاتی پشتبەستنی تاکەکان بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دوو جۆر کاریگەری درووست دەبێت کە بریتین لە: وروژاندنی هەست و سۆز (العاطفية): بەو مانایەی کە مەیلی کەسەکان خۆشەویستیان بۆ ئامرازەکە و ناوەڕۆکی پەیامەکە و وروژاندنی درککردن (الاثارة الادراكية) بەو مانایەی بەرکەوتنی تاکەکەن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە جۆرێک کە یەکبگرێت لەگەڵ پێداویستی و ئامانج و گرنگی پێدانەکان. لەو توێژینەوەیەی کە (ساندرا پول و روکیتچ و هاوڕێکانی) کردوویانە دەرکەوتووە کە تەماشاکەرانی تەلەفزیۆن کە زۆربەیان پشتیان بە تەلەفزیۆن بەستووە لەبەر حەزی زۆریان بۆ ئامرازەکە بووە کە تەلەفزیۆنە چونکە دەتوانن چێژی لێببینن لە هەمانکاتدا کاری تریش ئەنجام بگەیەنن کە ئەمە وای کردووە کە زیاتر گرنگی بە سێرکردنی تەلەفزیۆن بیەن وە بابەتەکانیان حەز لێبێت کە پەخش دەکرێت.

**هەنگاوی سێهەم:** ئاستی بەشداری تێگەیشتنی زانیارییەکان زیاد دەبێت کاتێک کاریگەرییە مەعرفی و سۆزداریەکانی پێشتر بوونی هەبێت، ئەو کەسانای کە کاریگەر بوون تێگەیشتن و سۆزیان بە یەکجار هەستی پێکراوە زیاتر ئەوانەن کە خۆیان لەناو حاڵەتەکەدا ژیاون، وەک وازهێنان لە جگەرە کێشان، جۆری نەخۆشییەکی دیاری کراو،... هتد.

**هەنگاوی چوارەم:** تاوەکو زیاتر کەسەکان بەشداربن لە پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زیاتر کاریگەریە مەعرفی و ویژدانی و هەڵسوکەوتیەکان تیایاندا ڕەنگ دەداتەوە، لە دەرئەنجامی بەرکەوتنی زیاتریان بە بابەت و زانیاریەکان کە دەبێتە بەرەبەرە پەرەسەندنی زانیاریەکانیان و کەڵەکەبوونی زانیاری لەسەریان کە دواجار تیایاندا ڕەنگ دەداتەوە.

ئەگەرە سەرەکییەکانی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەگەری سەرەکی ئەم تیۆرە خۆی دەبینێتەوە لە پشتبەستنی تاک بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەجۆرێک بۆ تێرکردنی پێداویستی یەکانی پشتبە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت، هەرکات ئەو ئامرازە ڕۆڵێکی گەورە و سەرەکی بینی لە ژیانی تاکەکان کاریگەرییەکەی زیاد دەکات و ڕۆڵەکەی زیاتر دەبێت کەلەئەنجامدا پەیوەندیەک دروست دەبێت لە نێوان بەهێزی پشتبەستن ئاستی کاریگەری ئامرازەکە لەسەر کەسەکە، هەروەها تاوەکو کۆمەڵگە بەرەو ئاڵۆزی بچێت ڕادەی یاخود ئاستی پشتبەستنی تاکەکان بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زیاتردەبێت، لە ئەگەرە لاوەکییەکان بریتین لە:

I. ئاستی ئارامی دۆخی سیستەمی کۆمەڵگا کاریگەری دەبێت لە زیاد و کەمی پشتبەستنی وەرگر لە وەرگرتنی زانیاری لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بە جۆرێک تاوەکو پشێوی و ئاژاوە بوونی هەبێت لەناو کۆمەڵگەدا ئەوەندە زیاتر وەرگر پشت بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستیت بۆ دەرباز بوون لەو دۆخە.

II. ئاستی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن وەرگرەوە زیاد دەبێت لە کاتی نەبوون یاخود کەمی سەرچاوەی زانیاری، وەرگرەکان جیاوازن لە ڕووی ئاستی پشتبەستنیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەدەر ئەرئەنجامی بوونی جیاوازی لە ئامانج ی تایبەتی و بەرژەوەندی و پێداویستیە تایبەتیەکانیان.

- **گریمانەکانی ئەم تیۆرە بەم شێوەیە** (gferd, 2017, p20)

گریمانە دەکرێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری زیاتر دروست بکات لەڕووی (هەڵسوکەوت و هەست وسۆز و زانین) لە کاتێکدا کە خزمەتی زیاتر بەتاک بکات، بەجۆرێک کە بتوانێت هەواڵی نوێ و تایبەت ببەخشێت. هەروەها ئەگەری زیاتر بوونی ئەم کاریگەریە لەبەرچاوتر دەبێت، کاتێک کە بەشێوەیەکی بەرز شڵەژان و ناسەقامگیری و شەڕو ئاژاوە لەکۆمەڵگەدا بەرپاببێت، کە دەیگەیەنێت بە کێشمەکێش و گۆڕانکاری. (المصري, 2011، ل19) لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی گۆڕانکاری دۆخی وەرگر لە ڕووی زانین و ویژدانی و ڕەفتارییەوە، کاریگەری هەیە لەسەر ئامرازی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە، بەجۆرێک ئەم پەیوەندییە سیانییە لە نێوان ئامرازی ڕاگەیاندن و وەرگر و کۆمەڵگەدا. (درويش, 2005، ل28)

**دووەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری پشتبەستن**

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازن لەڕووی ئاستی پێشکەوتنیەوە، بە جۆرێک هەتاوەکو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بتوانێت پێداویستیەکانی وەرگر پڕبکات و تێری بکات زیاتر دەبێتە جێگەی متمانەی وەرگر و کۆمەڵگە و پێشدەکەوێت. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشدارە لە بڵاو بوونەوەی زۆرێک لە لێکەوتە لەسەر تاکەکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، کۆمەڵێک لێکەوتە هەیە کەلە ئەنجامی پشتبەستنی وەرگر بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دروست دەبێت، کە "میلفن دي فلير" و "ساندرا بول روكيش" جەختی دەکەنەوە سەر کە پێکدێت لە کاریگەری (زانین و ویژدانی و ڕەفتاریەکان) (old.uqu, edu.sarage, 2017) هەندێک لە شارەزایان وای دەبینن پرسیاری سەرەکی بۆ تیۆری پشتبەستنی شیکردنەوەی کەی یە؟ بۆ کەسەکان خۆیان دەخەنە ژێر کاریگەری ئامرازەکان؟ کاریگەری ئەم بەرکەوتنە کاردەکاتە سەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیان، بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە هۆکارەکەی بەدەستهێنانی ئامانجە تایبەتیەکانی وەرگرە، کە لە ئەنجامی پشتبەستنیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کۆمەڵێک کاریگەری کە دەتوانین پۆلێنیان بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە جێ بە جێ دەبێت:

**یەکەم: کاریگەرییە مەعریفییەکان**

کۆمەڵێک لە کاریگەرییەکان بەشداربوون لە بەپێزکردنی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لە ڕووی دروستکردنی ئاراستەی زانین و بیرکردنەوە لای تاکەکان، ڕێکخستنی بایەخبەندی کارنامە (ترتيب الاولويات) لە ڕووی بابەتەکانی ڕاگەیاندنەوە، کە تاکەکان گرنگی دەدەن بە چاودێریکردنی، بەتایبەت ئەو لایەنانەی کە پەیوەستە بە هەواڵی کۆمەڵایەتی، کە بە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ کاریان تێدەکات. (old.uqu, edu.sarage, 2017) هەروەها بەشدارە لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری تاک لە ڕووی زۆرێک لە بابەتەکان، بە جۆرێک ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەرکەوتووبوون لە تیشک خستنەسەر یان و دەرخستنی زیاتری ئەو بابەتانە، کە بونەتە

هۆکار بۆ گەشەسەندنی زۆرێک لە ئایدیا و بیروباوەڕەکان. وەک ئەو شوێن و بابەتانەی کە لە ڕێگەی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە ناسێنراون و زانراون لای تاک، کە زۆر جار کەرتی گەشتیاری بێهێزبووە دوای ئەوەی لەلایەن ڕاگەیاندنەوە ناسێنراوە بە وەرگر هێزی پێبەخشیراوە، ئەمە بۆ لایەنەکانی تریش هەمان شێوەیە کە کۆمەڵێک لایەن لەخۆ دەگرێت بریتین لە:

1- ناڕوونی: ناڕوونی دروست دەبێت لە ئەنجامی کەمی زانیاری کە کەسەکان پێویستیانە، یاخود بەتەواوی تێنەگەیشتن لە مانا و ناوەڕۆکی ڕووداوەکان یاخود شیکردنەوەی تەواویان نیە لەسەر بابەتەکان، ناڕوونی لەوانەیە دروست بێت لەبەر ئەوەی کەسەکان هەموو زانیاریەکیان لانیە بۆ تێگەیشتنیان لە تەواوی مانای ڕووداوەکان، یاخود گەڕانیانە بۆ یەکلا بوونەوەیان لەو جۆراو جۆری شیکردنەوانەی کە پێیان دەگات لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لەسەر بابەتێکی دیارکراو، زۆرێک لە توێژینەوەکانی پێشتر باس لەوە دەکەن کە ڕێژەی ناڕوونی زیاد دەکات کاتێک کە کارەساتێک یاخود ڕووداوێکی نەخوازراو یاخود چاوەڕوان نەکراو ڕوودەدات، وەک کارەساتی سروشتی (بومەلەرزە، لافاو،...هتد) یاخود کارەساتی مرۆیی وەک کوژرانی کەسێکی ناسراو یاخود تەقینەوەیەک ،...هتر، کاتێک ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن زانیاری تەواو نادەن یان زانیاری جۆراو جۆر بڵاو دەکەنەوە دەربارەی ڕووداوەکە، لەم کاتەدا هەستێک دروست دەبێت کە ئەویش هەستی ناڕوونی یە لەلای وەرگرەکان، لەزۆر کاتدا تاکە سەرچاوەی زانیاری تەنها ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە ناڕوونی دروست دەبێت بەهۆی نەبوونی زانیاری پێویست. (سعید، 2005، ل44)

2- دروستکردنی بۆچوون: ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دروستکردنی بۆچوونن تاکەکان دەربارەی بابەتێک کە ڕایەکی زۆری لێدەکەوێتەوە لەناو کۆمەڵگەدا وەک کێشەی پیس بوونی ژینگە، یان قەیرانی ئابووری، یاخود گەندەڵی سیاسی، ڕێکخستنی خێزان، پەروەردە و فێرکردن،... کە لەتوانایدا هەیە ئاڕاستەی نوێ بەرهەم بهێنێت بە جۆرێک تاوەکو تاکەکان زانیاری بەدەستبهێنن لە ڕێگەی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە بەوشێوەیەش بۆچوونەکان جێی خۆی دەگرێت لای وەرگرەکان. (البشر, 1997، ل47)

3- بایەخبەندی کارنامە: ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن هەڵدەستن بە ڕێکخستنی کارنامەی وەرگر لە ڕووی بابەتێکی دیار و گرنگ، بە جۆرێک وەرگر بابەتە گرنگەکانی ڕێکدەخات بە پێی گرنگی پێدانی بۆ ئەو بابەتەوە جەختکردنە سەر زانیاریەکان کە دەکرێت گرنگتربێت لەگەڵ ئەوەی جیاوازی گرنگی پێدانی هەبێت لەڕووی تایبەتی یەوە. (محمد, 2001، ل136)

4- فراوانبوونی بیروباوەڕ: ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بەشدارە لە فراوانبوون و بەهێزکردنی بیروباوەڕەکان کە مرۆڤەکان پێی ئاشنایە، لەبەرئەوەی زانیاری وەردەگرن دەربارەی کەسەکان و شوێنەکان شتە جۆربەجۆرەکان لە ڕێگەی ئامڕازی ڕاگەیاندنەوە وە ڕێکخستن و

جیاکردنەوەیان کە دەچنەوە سەری وەک خێزان و ئاین و سیاسەت هەروەها گرنگی پێدانی سەرەکی لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان. (الحطیف, 1998، ل26)

5- بەها: بەها کۆمەڵێک بیروباوەڕی چەسپاوە کەلەگەڵ لەدایک بووندا هەیە و کەتاک بەشدار دەکات لەگەڵ کۆمەڵگەکەی کە حەز بە هێشتنەوە و پاراستنی دەکەن، زۆر بەئەستەم گۆڕانکاری بەسەردادێت چونکە چەسپاوە وەک ئەمانەت پارێزی، ئازادی، یەکسانی، لێبووردەیی،... ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە ڕوونکردنەوەی گرنگی بەهادا. (مکاوي و العبد, 2007، ل412 -413)

**دووەم: کاریگەریە ویژدانیەکان**

زۆرجار پرۆسەی ویژدانی تێکەڵدەبێت لەگەڵ هەندێک لە چەمکەکانی وەک هەست و سۆز، یان ترس و ڕاڕایی و دوودڵی و پاڵپشتی مەعنەوی و هاوکاری. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل412 -413) مەبەست لە کاریگەریە ویژدانیەکان هەست و نەستە کە مرۆڤ هەیەتی و دروست دەبێت بەهۆی کاریگەریەکانی دەوروبەری، ئەم کاریگەریە دەردەکەوێت کاتێک زانیارییەک لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەکرێتەوە، کە کاریگەری دەخاتە سەر هەستی تاکەکان درکپێکردن و کاردانەوەیان دەربارەی ئەو ئاراستەیەی کە پەیامە ڕاگەیاندنەکە گەیاندویەتی لە نمونەی ئەو کاریگەریانە:

1-(بێهەستی): هاوبەشی نەکردنی ویژدانی: شارەزایان وای دەبینن کە بەرکەوتنی زۆری تاک بۆ بابەتەکانی توندوتیژی لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە دەبێتە هۆی بێهەستی حەزنەکردن بۆ هاوکاریکردنی کەسانی تر لە کاتەکانی توندوتیژی ڕاستەقینەیی بە جۆرێک تاک وا هەڵسوکەوت دەکات لە بارەیەوە وەک ئەوەی توندوتیژیەکی تەلەفزیۆنی بێت، زۆرێک لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە دەرئەنجامی سێرکردنی کاری توندوتیژی لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە کاریگەری لەسەر درووست بوون یاخود پەرچەکردارەکان کەم دەبنەوە بەشێوەیەکی پلەبەندی بۆ کەمترین ئاست بەپێی کات لە کۆتایدا دەبێتە هۆی بێهەستی، وەک زۆرێک لە شارەزایان باس لەوە دەکەن کە تەلەفزیۆن هاوکارە کە تاک کارەسات و ڕووداوە نەرێنی و نەخوازراوەکانی بیربکەوێتەوە، بەجۆرێک ئەو کارەساتانەی وەک نشوستی یاخود ئاماژەیە بۆ ستەم لێکردنی کەسانی تر، لەبەرئەوەی بیرکەوتنەوەی لا دروست دەکات. (الدليمي, 2012، ل242)

2-ترس و دڵەڕاوکێ: بەرکەوتنی بەردەوامی تاک لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بە پەیام و دراما و کارە شەڕانگێزی و کارەساتەکان دەبێتە هۆی کاریگەری ترس و دڵەڕاوکێ درووست بکات کە هۆکارە بۆ بوونی دوودڵی و نائارامی دەروونی تاک. (هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل242) بە هۆکاری بڵاوکراوەکان کە زۆرجار لە ڕێگەی هەواڵ و باسی لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکی ترسناک بۆ نمونە وەک نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە و سارس و ... کە ئەمانە نائارامی بڵاودەکاتەوە، یاخود هاتنی تیرۆرستان و بڵاوبوونەوە یان وەک لە ئێستادا لە جەنگی دژبەداعش بە ڕوونی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بە نووسراو و خوێندراو و بیستراو هەستی پێدەکرا، لە

بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و وتار و نووسراوەکانیان کە ترس و دڵەڕاوکێ ی زۆری لەناو خەڵکدا بڵاوکردۆتەوە، هەروەها لەلایەکی تریشەوە ڕاگەیاندن دەکرێت ڕاستی بابەتەکان بڵاوبکاتەوە بەوشێوەیەی کە خۆی هەیە هەروەها لە ڕێگەی ڕێنیشاندان لە چۆنیەتی خۆپاریزی و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوو کارەساتەکان بەرگری کردن بەمەش شڵەژان لەسەر تاک کەم دەبێتەوە چونکە زانیاری ڕاستی هەیە و بەمەش دەتوانیت پێش لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو بکات و خۆی بگونجێنێت لەگەڵ واقیعدا.

3-هاوکاری مەعنەوی و پاڵپشتی کردن: ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری هەیە لەسەر لایەنی مەعنەوی تاک بە شێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی، زانایان ئەوەی ڕونکردۆتەوە کە ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵی پەیوەندی کردنی سەرەکی هەیە، روحی مەعنەوی لە نێوان تاکەکاندا بەرزکردۆتەوە، لە دەرئەنجامی زیادکردنی هەستکردنی بەکۆمەڵ و یەکگرتن و تێکەڵاوبوونیان (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل242)، بەتایبەت ئەگەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئاوێنەی کۆمەڵگەکەی بێت کە تاکی تێدا بەرهەم دێت، دەرکەوتووە کە نامۆبوونی تاک زیادی کردووە کاتێک کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زانیاری بڵاونەکردۆتەوە لەسەر خودی تاک و کلتورو رۆشنبیری و ئاراستەکانی تاک و هەستەکانی لە ڕووی نەتەوە ئاین و سیاسی یەوە واتە ئاوێنەی تاک نیە. (سعید، سەرچاوەی پێشوو، ل47)

**سێیەم: کاریگەریە ڕەفتاریەکان**

کۆمەڵێک لە کاریگەرییە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشداربوون لە گەشەسەندنی، لە ڕێگەی بەرزڕاگرتنی کۆمەڵێک ڕەفتارەکان، ڕەتکردنەوەی کۆمەڵێکی تر لێیان، کە بۆتەهۆی بەهێزکردنی هۆشیاری لای تاکەکان، لە ڕێگەی وەبیرهێنانەوە و دووبارەکردنەوەی پەیامەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، کە زۆربەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک ڕەهەندێکی گرنگ مامەڵەیان لەگەڵ کردووە لە ڕێگەی تێکەڵبوون لەگەڵ تاک و بەردەوامی لە ئەنجامدا دروستکردنی کاریگەری لەسەر تاکەکان، لە نمونەی کاریگەری ڕەفتاری وەک ڕێنیشاندان و ئاڕاستەکردنی تاک بۆ کڕین و بەکارهێنانی کاڵایەکی دیاریکراو، لە ڕێگەی پشتبەستن بە زیادکردنی بانگەشەی ڕیکلامی تایبەت بەو بوارە یان بابەتە. (drtahanegm, 2017) هەروەک خۆشگوزەرانی بۆ تاک و کۆمەڵگە، لەناو کۆمەڵگەدا لایەنێکی تر هەیە ئەویش ململانێ و گۆڕانکاریە، لادانی تاکە لە بەهاو داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە، کە کاریگەری دەبێت لەسەر کۆی تەواوی پرۆسەکە، بە جۆرێک ڕاگەیاندن زۆر جار ئەرکی نەرێنی یاخود ئەرێنی ئەگێڕێت بە ئاڕاستە کردنی وەرگر بۆیە لێرەدا ڕاگەیاندن وەک چەکێکی دووسەرە یان لەخزمەت بەرژەوەندی وەرگر کە بەپێی پرنسیپەکانی ڕاگەیاندن دەبێت ئەم لایەنەیان بێت یاخود بەلاڕدابردنی وەرگرە چونکە کاردەکات بە پێی سیاسەت و بەرژەوەندی دەزگا ڕاگەیاندنەکە. (درویش, 2005، ل28) کاریگەری دروست دەبێت لەسەر هەڵسوکەوت لە ئەنجامی دروستبوونی کاریگەری زانین (المعرفية) و هەست و سۆز (العاطفية)، لە گرنگترین کاریگەریەکان کاریگەری هەڵسوکەوتە بەم شێوەیە (Defleur & Rokeach , 1988, p 240- 244)

1-چالاککردنەوە: بەمانای کاردانەوە و هەڵسوکەوتی تاک کە بەهۆی دەرئانجامی بەرکەوتنی بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بووە، کە کۆتا دەرئەنجامە بۆ کاریگەری زانین و هەست وەک

بەدەستخستنی هەڵسوکەوتێکی (بەڵێ یاخود نەخێر) بەمانای لەگڵیدا بوون یاخود دژی بابەتێکی دیاری کراو لە ئەنجامی بەرکەوتنێکی بەهێز و چڕوپڕی تاک بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، چالاککردنەوە ڕۆڵدەبینێت لە بڕیاردان وەک هاوڕابوون لەگەڵ وازهێنان لە جگەرە کێشان، یاخود کۆمەککردنی ئاوارەکان لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە، زۆر جار چالاککردنەوە بەسوودە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بە پێی حاڵەتەکان، بەڵام چالاککردن لە ئەنجامی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕوودەدات زۆرجار زەرەری هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە وەک توشبوونی تاک دژی کۆمەڵگە وەک توندوتیژی و کوشتن و شڵەژانی دەروونی وەک پەیوەستبوون بە گروپە تیرۆرستیەکان کە ڕاگەیاندنی نا بەرپرس ڕۆڵی هەیە لە بڵاوبوونەوەو کاریگەری خستنە سەر تاکەکان و کۆمەڵگە. (عیساني، 2008، ل64)

2-سستی: بەواتای ناچالاکی و دوورکەوتنەوە لە هەڵسان بە کردنی کارێک، کە دەبێتە هۆی گوێ پێنەدان بەشێوەیەکی نەرێنی و دوورکەوتنەوە لە هەر بەشداریەکی کۆمەڵەیی، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات لە ئەنجامی بەرکەوتنی تاک بە پەیامی ڕاگەیاندن کە (المبالغة) ناڕاستی و گەورەکردن و دەستکاری کراوە کە تیایدا تاک وای لێدەکات کە بەشدار نەبێت بەهۆی ئەوەی کە تووشی بێ هیوایی و ڕەشبینی بووە وەک دەنگ نەدان لە کاتی هەڵبژاردەکاندا. (حجاب, 2010، ل306) دوو مەرجی سەرەکی هەیە بۆ ئەوەی پشتبەستنی دوولایەنە هەبێت لەنێوان وەرگر و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە بریتین لە: (عبدالرحمان, 2016، ل109)

1-هەتاوەکو زیاتر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەرکە گرنگەکانی بەرامبەر بە وەرگر جێبەجێ بکات، پشتبەستنی وەرگر بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زیاد دەکات، بەتایبەت ئەرکەکانی کە تایبەتە بە تێرکردنی ئارەزووە پێویستیەکانی وەرگر.

2-کێشمەکێشم و کێشە ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و ڕەگەزی و... کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی پشتبەستنی وەرگر بە ئامرازەکانی وەرگر، کە کێشە و ڕووداوو کارەساتەکان ئەو پرۆسەیەیان درووستکردووە، بەمانای ئەو دۆخەی کە درووست دەبێت بەهۆی جەنگ و گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوریەکانەوە کاریگەری دەبێت لەسەر چڕی پشتبەستنی وەرگر بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

**کاریگەری تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تاک و کۆمەڵ**

پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە بنەمایەک دادەنرێت کە پێویستیەکی گەورەیە لەناو کۆمەڵگەی نوێدا، بەجۆرێک تاک دەتوانێت دربکات بەئاسانی هەر پێویستیەکی هەبێت بەدەستی بێنێت بە جۆرێک لە ڕێگەی دەستکەوتن و کۆکردنەوەی زانیاری لەناوخۆ و لە دەرەوەدا، بە شێوەیەک کە بەتەواوی بچێتە ناو بابەتەکەوە و تێیبگات، بەجیاوازی تاکەکان لە ڕووی بوونی ئامانج و بەرژەوەندییەکانیان کە کاردەکاتە سەر ئاستی پشتبەستنیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لە ئەنجامدا دەبێتە ئاستی بەدەستهێنانی، بۆنمونە ئەو کەسانەی گرنگی دەدەن بە بابەتی ناوخۆیی زانیاریان زیاترە لەسەر ئەو بوارە بەهۆی بەشداریکردنیان و پشتبەستنیان بەو ئامرازە ڕاگەیاندنانەی کە گرنگی بە هەواڵ و زانیاری ناوخۆیی دەدەن، جۆرێکی تر لە گروپەکان دەگەڕێن بەدوای بابەتی تری وەک وەرزش بۆ نمونە کە ئەمانیش بەهەمان شێوە زانیاریان لەسەر ئەم بابەتە زیاترە وەک لە بابەتێکی تر، بەم جۆرە

کۆمەڵی جیاواز دروست دەبێت بەهۆکاری ئامانج و بەرژەوەندی و پێداویستی جیاوازەوە وە فرەیی لە زانیاری جۆراوجۆر.

## باسی سییەم: شڵەژانی دەروونی پاش هێدمە:

### یەکەم: مانا و سەرهەڵدانی شڵەژانی پاش هێدمە:

اللطیف (١٩٩٤) دەربارەی شڵەژانی دەروونی پاش هێدمە دەڵێت "ڕووداوێکی ترسناک کە بە شێوەیەکی لەپڕ ڕوودەدات کە تاک یان کۆمەڵ پێشبینی نەکردووە، کە زۆر لەناکاو دەبێتەهۆی نەخۆشی، بریندار بوون، مردن، لەدەستدانی موڵک و ماڵ، ماڵ وێرانی و دەربەدەری و ئاوارەیی، ژمارەیەکی زۆری خەڵک". (اللطیف, 1994، ل90)

کۆمەڵەی پزیشکی دەروونی ئەمریکی(APA-American Psychiatric Association) وا پێناسەی دەکەن (DSM IV, 1994) : کە تاک تووشی کارەساتێکی لەپڕ و چاوەڕوان نەکراو دەبێت بە جۆرێک:

"هەواڵێ یاخود بینینی لەدەستدانی کەسێکی نزیکی پێبکات، هەروەها کە تووشی کارەساتێک ببێتەوە نزیک بێتەوە لە مردن یان هەڕەشەلێکردن، لێدان و دەستدرێژی کردنە سەری وە کارەساتە جەنگی یەکان کە زۆر کاریگەرە، هەروەها تووشی کارەساتە سرووشتی یەکانی وەک بومەلەرزە و لافاو و زریانی بەهێز،...هتر بێتەوە، پەرچەکرداری کەسەکە لە ترسی زۆر و بێ دەسەڵاتیدا دەمێنێتەوە".

(Diagnostic Statistical Manual) (DSM-III-R-1994 )دا هاتووە کە هێدمە بریتیە لە "هەرچی ڕووداوێکە کە بەدەرە لە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی تاک، بە ترسێکی زۆر و تۆقین و هەست کردن بە بێ توانایی دەردەکەوێت"، بەڵام لە چاپی چوارەم دەرکەوتەکانی فشاری دوای هێدمەی دەروونی (PTSD) و شپرزەیی پاڵە پەستۆی توند (Acute Stress Disorder) کە دووەمیان تووشبوو تیایدا زووتر چارەسەر دەکرێت بەڵام چارەسەرکردنی زۆر دەخایەنێت. (ساڵح ،2002، ل22)

محمد (2003) "کاردانەوەیەک لەلایەن تاکەوە بەرامبەر بەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە ڕووبەڕووی تاک دەبێتەوە وەک (ڕووداوی سروشتی، تاوانکاری، بریندابوون و ئەشکەنجەدان و فشاری دەوروبەر) ". (محمد, 2003، ل228)

سعید (2016)" (تراوما) (هێدمە) بریتییە لەو ناڕەحەتی و کاریگەریی و زیانە دەروونییانەی لەئەنجامی هەندێ ڕوداوو بارودۆخی دەرەکیدا (لەدەرەوەی دەرون) دروست دەبن، بۆ نمونە (جیابونەوە، مایەپوچی، پێکدادانی ئۆتۆمبێل، هێنانی نمرەیەکی زۆر نزم لە تاقیکردنەوەکاندا کە زۆر نزمتربێ لە ئاستی چاوەڕوانییەکان... هتد)، بە مانایەکی دیکە، بریتییە لە ترسی هاوکارینەکردن لەکاتی کارەساتەکاندا، ترسی ئەوەی هیچ یەکێک بەهانای خۆی یان کەسە نزیکەکانەوە نەیەت و پارێزگاریان لێ نەکات، دەرئەنجام زیان بە دەرونی خۆی یا کەسە نزیکەکان بگات" . (سەعید, 2016، ل20)

سعید (2016) "پۆستتراوما لەدوای تراوما دێت، واتە کاتێک تراوما سەخت و ئاڵۆز دەبێت و مرۆڤ توانای دەربازبونی نییە، لەو دۆخەدا کاریگەرییەکان ئاڵۆزتر دەبنەوە و لە دەرئەنجامدا مرۆڤ توشی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەبێت، کە مانای پەشێوی و سترێس دەگرێتەوە، بە شێوەیەکی دیکە، ڕووداوێکی دەرەکی زۆر بەهێز دەرونی مرۆڤ دەهەژێنێت، ئەو مرۆڤە تاماوەیەکی درێژ ئەو

ڕوداوەی بیردەکەوێتەوە، پێوەی دەناڵێنێت، لە ترس و دڵەڕوکێدا دەژێت، لەم حاڵەتەدا مرۆڤەکان تاماوەیەکی درێژ واهەست دەکەن کە هەمیشە شتێکی خراپ بە ڕێوەیە و تارمایی ڕوداوە تراوماوییەکان هەمیشە بەسەر سەریانەوەیە و بەشێکی زۆری توشبوان بە پۆستتراوما زۆربەی کاتەکان نەسرەوتن و بێ ئۆقرەییان پێوەدیارە". (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل21)

- هێدمەی دەروونی (تراوما)

هێدمە یان تراوما لە پێناسە ئاساییەکەیدا و لە ڕوانگەی دەروونناسیەوە بریتییە لەو نارەحەتیی و کاریگەریی و زیانە دەروونییانەی لە ئەنجامی هەندێ ڕووداو و بارودۆخی دەرەکیدا (لەدەرەوەی دەروون) دروست دەبن، بۆ نموونە: جیابوونەوە، مایەپووچیی، پێکدادانی ئۆتۆمبێل، هێنانەوەی نمرەیەکی زۆر نزم لە تاقیکردنەوەکاندا کە زۆر نزمترە لە ئاستی چاوەڕوانییەکان، ... هتد، لە ڕوانگەی پاتۆلۆجییەوە " تراوما باس لەو ئازارانە دەکات کە لە ئەنجامی ئازارێکی جەستەییەوە تووشی مرۆڤێک دێن"، بەڵام تا ماوەیەکی زۆر پێوەی دەناڵێنن بۆ نموونە: زەبروزەنگ، ئەشکەنجە و ڕووداوی هاتووچۆ، لە ڕوانگەی پزیشکی دەروونی شەوە هەموو ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە کە هەڕەشە لە ڕوح و لەشی یەکێک دەکەن، بە مانایەکی دیکە، تراوما بریتیە لە ترسی هاوکارینەکردن لە کاتی کارەساتەکاندا، ترسی ئەوەی هیچ یەکێک بە هانای خۆت یا کەسە نزیکەکانتەوە نەیەت و پارێزگاریتان لێ نەکات، دەرئەنجام زیان بە دەروونی خۆت یا کەسە نزیکەکانت دەگات. ( Gerhardt (s, 2011, p.13

**(DSM-IV)** تۆماری دەستنیشانکردنی ئاماری ڕێکخراوی ئەمریکی تەندروستی دەروونی پێناسەی شڵەژان دەکات بەم شێوەیە،" یەکەیەکە لە یەکەکانی دڵەڕاوکێ (القلق) کە تاک بەهۆی بەرکەوتنی بە کارەساتێکی چاوەڕواننەکراو و نائاسایی و ناخۆش، هێدمەی لە ڕووی دەروونی و جەستەیی بۆ دروست دەبێت کەلە زۆربەی کاتەکاندا ڕاستەوخۆ دوای زەبرەکە تووشی تاک دەبێت، لە هەندێ کاتی تریش کاتی زیاتر دەخایەنێت کە دوای سێ مانگ یاخود زیاتر دوای بەرکەوتنی بە فشارەکە تووشی دەبێت". پۆلێنکردنی دەیەمی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ شڵەژانی دەروونی:

(WHO-ICD 10) بریتیە لە "ژاوەژاو (تەشویش) لەسەر بیرکردنەوە، تێکچوونی مەزاج و ڕەفتار، بەجۆرێک کە یەکناگرێتەوە و ناگونجێت لەگەڵ بیروباوەڕ و یاساکان، لێکەوتەکانی شڵەژان لەزۆر کاتدا پەیوەندی هەیە بە بەرکەوتنی تاک بە هەڵوێستێک کە گەیاندویەتی بەشکاندنەوەلەناوخودی خۆیدا (WHO, 2017)."

ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانی :2006

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ تەندروستی دەروونی" :(DSM IV, 2000) ڕێڕەوێکی ڕەفتاری و دەروونیی یە کە پەیوەندی بەلایەنی تەندرووستی یەوە هەیە، پەیوەندیدارە بە دەرکەوتەیەکی بەئازار یان کەمتەرخەمی لە یەکێک یان زیاتر لە لایەنە گرنگەکانی ژیان". (الخالق, 2006، ل22)

کۆمەڵگە سەرچاوەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و مێژوویەکەیەتی، کۆمەڵگە پێکهاتووە لە تاکەکانی خێزان، خێزان کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر شارستانیەتی مرۆڤایەتی، لەگەڵ بوونی بچوکترین

کەلێن لە پێکهاتەی خێزان دەبێتە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ئەو کەلێنە گەورەیەی کە ڕووبەڕووی ئەو خێزانانە بووەتەوە بەهۆکاری کارەساتە سرووشتی یەکانی وەک بومەلەرزە و لافاو و ... یاخود کارەساتە مرۆیەکانی وەک جەنگ، ئاوارەبوون، جیابوونەوە و کوژران و مردنی کەسێک یان کۆمەڵکوژی و توندوتیژی ...، کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر دەروونی مرۆڤ و کاردانەوەی لە ڕەفتار و هەست ونەست و بیرکردنەوەی تاکی مرۆڤ، هەروەها لەسەر جەستەش دەردەکەوێت، ئەم کاریگەریانە جیاوازە بەپێی هێزی فشاری ئەو بەرکەوتنە نامۆ و ناخۆشەی کە بەری دەکەوێت. (راجح, 1968، ل470)

ڕووداوێکی دەرەکی زۆر بەهێز دەروونی مرۆڤ دەهەژێنێت، ئەو مرۆڤە تا ماوەیەکی درێژ ئەو ڕووداوەی بیر دەکەوێتەوە، پێوەی دەناڵێنێت لە ترس و دڵەراوکێدا دەژی وەک کارەساتی ئەنفال، هەڵەبجە، کۆڕەوی خەڵکی کوردستان 1991، سوتاندن و وێرانکردن و دەربەدەرکردنی دێهات و ڕاوەدونانی خەڵکی کوردستان، ڕفاندنی ژنە ئێزیدییەکان ... هتد، لەم دۆخەدا مرۆڤەکان تا ماوەیەکی درێژ وا هەست دەکەن کە هەمیشە شتێکی خراپ بەڕێوەیە و تارمایی ڕووداوە هێدمەییەکان هەمیشە بەسەر سەریانەوەیە. کەسێك کە PTSD ی هەبێت زۆربەی کات لە ڕێی مۆتەکە و فلاشباك (بیرهاتنەوەی ڕووداوی ڕابوردوو)ەوە ڕووداوە زەبرئامێزەکە دەردەبڕێت، و لەوانەشە هەست بە دابڕان و هەستیاربوون و هەست بە تاوانیشی هەبێت. دەشێت گرفتی خەوزڕان Insomnia یشیان هەبێت، و بە قووڵی هۆشدانیشیان بەلاوە سەخت بێت. بەرەوپێش چوونی دەرکەوتەکانی بەهۆی تووشبوونی هێدمە کە بە هۆکاری تووشبوونی بەکارەساتێک کە لەدەرەوەی زانینی ئادەمیزاد دایە، ئەم دەرکەوتانە بەردەوام لەگەڵیدا دەژی بەشێوەیەکی بەردەوام دووبارە بۆتەوە، کە کاردەکاتە سەر لایەنی مەعریفی و ڕەفتاری و ویژدانی کەسەکە. (حسن, 2004، ل11) شڵەژان دەرئەنجامی بەرکەوتنی تاکە بە هێدمەی دەروونی، لە دەرکەوتە دیارەکانی ئەوەیە کە بەردەوام وێنەی کارەساتەکە یاخود ڕووداوەکە دووبارە دەبێتەوە و دێتەوە بەرچاوی کەسەکە، کە ماوەی دەرکەوتنی نیشانەکان درێژە دەخایەنێت لە مانگ زیاترە، شڵەژان بەشێوەیەکی گەورە کاردەکاتە سەر سەلامەتی تاک، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کار و ڕەفتاری ڕۆژانە و تەواوی ژیانی. (APA.DSM, 1994, p 442) شڵەژانی دەروونی بەهێز،بەهۆی هێدمەیەکی بەهێز و چاوەڕوان نەکراوەوە ڕوودەدات لەپڕ کە تووشی دێت ژیانی دەخاتە مەترسی یەوە وەک لە جەنگ و کارەساتەکاندا ڕوودەدات. (قاسم, 2004، ل323) دۆخێکە لە دڵە ڕاوکێ یەکی بەهێز و شڵە ژانی دەروونی، درووست دەبێت بە هۆکاری بەرکەوتنی تاک بە ڕووداوێکی ناخۆش و ترسناکی کوشندە، وەک لێکەوتەکانی کارەساتی سرووشتی یان بە هۆکاری مرۆیی، کارەساتە جەنگی یەکان کە دەرکەوتەی فشاری دوای هێدمە لەخۆدەگرێت کە دەردەکەوێتەوە لە خەودا وە بیرکردنەوەو وێناکردن لەگەڵ هەر بەشداریکردنێکی چالاکانەی ژیانی قوربانیەکە. (شاهین, 2007، ل8) هێدمەی دەروونی لە ئەنجامی پەستانێکی چاوەڕوان نەکراوی نەزانراوی ناخۆش لە ژیانی کەسێکدا درووست دەبێت، کە بەتەواوی کاریگەری شڵەژانی دەروونی لەسەر نەستی کەسەکە درووست دەکات.

هێدمەی دەروونی یەکێکە لەو شڵەژانانە کە تووشی ئەو مرۆڤانە دەبێت کە تووشی کارەساتێکی دڵتەزێن بوون، کە کەسەکە لەگەڵ ئەو دۆخەدا دەژی کە بەردەوام ژیانی دەخاتە مەترسی یەوە بەهۆی ئەوەی کە فشارێکی دەروونی لەسەر درووست دەکات، کە دەستپێدەکات بە ترسی زۆر تا دەگاتە

دۆخێکی ڕادەبەدەر لە ترس وتۆقین، نیشانەکانی ئەم نەخۆشی دەروونی و جەستەییە دەردەکەوێت لە دوای مانگێک لەسەر کەسەکە و درێژە دەخایەنێت تاوەکو چەندەها ساڵی تەمەنی (العاني, 2006، ل74) زۆرێک لە توێژینەوەکان دەریان خستووە کە ئەم شڵەژانە دەروونی یە لێکەوتەیەکی دەروونی قوڵ بەجێ دەهێڵێت لە کەسێتی قوربانییەکەدا، کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی دەروونی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەکەیاندا. کارەساتە بەکۆمەڵ کوژەکان کاریگەری گەورە و ڕاستەوخۆی هەیە لە فشار بۆ درووست بوونی شڵەژانی دەروونی، کارەساتە کۆمەڵیەکان قورسترە وەک لە کارەساتی تایبەتی کەبەسەر تاکدا دێت، هەروەک دەردەکەوێت کارەساتی مەعنەوی قورسترین کارەساتە کەلەژیانی مرۆڤایەتی دا هەیە وەک مردنی کەسێکی نزیک و ئیهانەکردن. (النابلس, 1991، ل32) لەنێوان شڵەژانە دەروونیەکاندا کەزیاتر باوە و دیارە لەناو جیهاندا ئەو کۆمەڵگانەن کەبەهۆی جەنگەوە ئازار دراون، ئاشکراکردن و دەستنیشانکردنی ئەم نەخۆشیە دەروونییە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی ڤێتنام لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە. (صالح, 2005، ل393)

### مێژووی PTSD

مرۆڤ هەرلەسەرەتای دروست بوونیەوە بە بەردەوامی بەرکەوتنی هەبووە لەگەڵ قورسایی ژیان بە قەیران و ڕووداووی جۆراوجۆر، زۆرێک لە زۆربەی ڕووداوەکان سروشتی بوون وەک بومەلەرزە، بورکان، گێژەڵۆکە، لافاو و زریان، هەروەها هەندێکی تری ڕووداوەکان دڕندەیی مرۆڤ خۆی بووە هەروەک جەنگ،وێرانکاری، بەدیلگرتن، ڕاونان، ترساندن، تۆقاندن، ڕفاندن، ئازاردان، لەناوبردن، دەستدرێژیکردن و...هتد. بۆ یەکەم جار حاڵەتی PTSD لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهاندا بەبەڵگەنامەکرا کاتێك سەربازانی جەنگ لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە پەژارەهێنەی ناو سەنگەرەکاندا دەیانچەشت شۆکی تۆپباران تیایندا سەری هەڵدا. ئەم جۆرە شڵەژانە بەناووی جیاوە باسکراوە بەهۆکاری ئەوەی کە پەیوەندی بە جەنگی ڤێتنامەوە هەبووە بە هێدمەی دوای ڤێتنام ناوبراوە وەبەدوای سەنگەرەکانی جەنگ، فشاری دوای جەنگ و هێدمەی دەروونی ناوبراوە. (شێخەل, 2014، ل14) بەڵام ئەو بارودۆخە تا 1980 وەك بارودۆخێکی تەندروستیی بە فەرمی نەناسرا، لەو ساڵەدا خرایە ناو ڕێبەری دەستنیشانکردن و سەرژمێرییەکانی شێوانە ئاوەزییەکانەوە کە کۆمەڵەی دەروونناسیی ئەمەریکی دەری کرد. (بلانش, 1985، ل300) ئەم نیشانانە زۆربەی کات ئەوەندە توند و بەردەوامن کە دەشێت کاریگەریی خراپیان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی کەسەکە هەبێت.

### دووەم: هۆکارەکانی شڵەژانی پاش هێدمە

PTSD دەکرێت پاش ڕووداوێکی زۆر گرژی هێن یان تۆقێنەر یان پەژارە هێن سەرهەڵبدات، یان پاش بەسەرهاتێکی زەبرئامێزی درێژمەودا، دەکرێت PTSD ڕاستەوخۆ پاش بەسەرهاتی ڕووداوێکی شێوێنەرانەی لەو جۆرە سەرهەڵبدات و دەشکرێت چەند هەفتەیەك یان چەند مانگێك و تەنانەت ساڵانێکیش پاشتر سەرهەڵبدات. (Kirmaryer, 1995, p18) لە نێو جۆرەکانی ئەو ڕووداوانەی دەکرێت ببنە هۆی PTSD ئەمانە هەن:( Green , 1993, p 69

- ڕووداوی مەترسیداری هاتووچۆ
- پەلاماری کەسیی توند و تیژ، وەك پەلاماری سێکسی یان داڕووتاندن یان تاڵانکردن
- خراپ مامەڵەکردن یان توند و تیژی یان پشتگوێخستنی

- بینینی مەرگی توند و تیژانە
- شەڕ و پێکدادانی سەربازی
- بە بارمتە گیران
- هێرشی تیرۆریستییانە
- کارەساتی سروشتی، وەك لافاوی توند یان بومەلەرزە یان تسونامی
- دەستنیشانکردنی بارودۆخێکی هەڕەشەئامێز بۆ سەر ژیان
- مەرگێك یان پێکانێکی قورسی چاوەڕوان نەکراوی ئەندامێکی نزیکی خێزان یان هاوڕێیەکی نزیك

بە گشتی PTSD پەیوەندیدار نیە بەو حاڵەتانەوە کە بە شێوەیەکی سادە بێزارکەرن، وەك جیابوونەوە لە هاوسەر، لەدەستدانی کار یان لە تاقیکردنەوەدا دەرنەچوون.

PTSD لە نزیکەی ٣ کەسدا لەوانەی زەبری قورس دەخۆن لە ١ کەسدا سەرهەڵدەدات، بە تەواوەتی ڕوون نیە بۆچی لەهەندێك کەسدا سەرهەڵدەدات و لە هەندێکی تردا نا، بەڵام هەندێك فاکتەری دەستنیشان کراو هەن کە وا بکەن هەندێك کەس زیاتر ئەوە هەڵبگرن PTSD تیایندا سەرهەڵبدات.

ئەگەر لە ڕابوردوودا خەمۆکی یان نیگەرانیت هەبووبێت، یان پشتیوانیی زۆر لەلایەن خزم و هاوڕێیەکانتەوە نەکرێیت، ئەوا زیاتر هەڵدەگرێت پاش ڕووداوێکی زەبرئامێز PTSD تیاتدا سەرهەڵبدات.

فاکتەرێکی جینیش هەبێت لە PTSD دا تێوەگلابێت. بۆ نمونە، ئەگەر یەکێك لە باوانت هەبێت کە گرفتێکی تەندروستی ئاوەزیی هەبێت، باوەڕ وایە هەلەکانی سەرهەڵدانی PTSD تیاتدا زیاتر بکات.

**-ئەوکەسانەی کە زیاتر ئەگەری توشبونیان هەیە بە شڵەژانی پاش هێدمە:**

کۆمەڵێک فاکتەری یارمەتیدەر هەن کە ڕێگە بۆ درووستبوونی پۆستتراوما (post trauma) خۆش دەکەن بۆ نموونە بوونی نەخۆشییەکانی مێشک لە ناو خێزاندا، ڕووداوی جیابوونەوەی خێزان و دەستدرێژی سێکسی لە سەردەمی منداڵیدا. (2012:Gerge A&Lander K) شارەزایانی بواری نەخۆشییەدەروونییەکان بەم جۆرەباسی دەکەن: (حسن, 2012، ل137)

1- هەرکەسێک توندوتیژی بەرامبەر بکرێت.
2- قوربانیانی توندوتیژی خێزانی.
3- ئەوانەی دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتە سەر.
4- ئەوانەی توشی ڕفاندن دەبن بەرەوڕووی دەست درێژی جەستەیی یان سێکسی دەبنەوە.
5- قوربانیانی ڕوداوی ڕێوبان، تەقینەوە، ئاگرکەوتنەوە، کرداری تیرۆرستی.
6- قوربانیانی ڕووداوە سروشتیەکان وەکو بومەلەرزە (زەمین لەرزە)، لافاو، بورکان.
7- ئەو سەربازانەی لە جەنگدا بەشداری دەکەن.
8- ئەوانەی دەستنیشان دەکرێن بەوەی نەخۆشییەکی مەترسیداریان هەیە یان پێویستیان بە نەشتەرگەریەکی گەورە هەیە.
9- لەدەستدانی کەسوکار بەتایبەتی کەسوکاری پلەیەک.
10- لەدەستدانی ماڵ و دارایی و پیشە.

**ئەو هۆکارانەی تر کە دەشێت هۆکار بن لەوانە: (Skre, I. onstad, S, Torgeresn, 1993 , p 85-92)**

هەرچەندە بە ووردی ڕوون نیە بۆچی لەلای خەڵکی PTSD سەرهەڵدەدات، بەڵام ژمارەیەك هۆکاری تر پێشنیاز کراون کە دەشێت ڕۆڵیان هەبێت، کە بریتین لە:

**میکانیزمی قوتاربوون**

یەکێك لە پێشنیازەکان ئەوەیە کە نیشانەکانی PTSD دەرەنجامی میکانیزمێکی خودییە کە مەبەستەکەی یارمەتیدانە بۆ قوتاربوون لە ئەزموونی زەبرئامێزی تر.

بۆ نمونە، ئەو فلاشباکانەی زۆر کەس کە PTSD یان هەیە و دەیانبینن، دەشێت ناچارت بکەن بە ووردی بیر لە ڕووداوەکە بکەیتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر ڕووی دایەوە باشتر ئامادەی بیت. هەست کردن بەوەی "لەسەر قەراغ" یت (بێداریی زیاد لە پێویست) دەشێت سەرهەڵبدات بۆ یارمەتیدان لە قەیرانێکی تردا کە پەرچەکرداری خێرای هەبێت.

بەڵام، لەکاتێکدا کە دەشێت مەبەستی ئەم وەڵامانەی ئاوەزە یارمەتیدەر بن بۆ قوتاربوون، لە ژیانی واقیعی دا زۆر بە پێچەوانە دەشکێنەوە لەبەر ئەوەی ناتوانرێت ئەزموونی زەبرخواردنەکە چاك بێت و لێی دەربچێت.

**ئاستەکانی ئەدرینالین**

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە ئەو کەسانەی PTSD یان هەیە ئاستی ناسروشتیبوونی هۆرمۆنەکانی گرژییان هەیە. لە باری ئاساییدا، لە کاتی مەترسی دا لەش هۆرمۆنی گرژیی وەك ئەدرینالین Adrenaline دروست دەکات بۆ دەرچواندنی پەرچەکردارێك لە لەشدا. ئەم پەرچە کردارە کە زۆر جار بە پەرچەکرداری "بجەنگە یان هەڵبێ" دەناسرێت، یارمەتیی کوشتنی هەستەکان و ئازار سووك دەکات. دەرکەوتووە ئەو کەسانەی PTSD یان هەیە بەردەوامن لە بەرهەمهێنانی بڕی زیاتر لە هۆرمۆنەکانی بجەنگە یان هەڵبێ، تەنانەت لەو کاتانەدا کە هیچ مەترسییەك نیە. ئەمە هۆی ئەو سڕبوونی سۆز و بێدارییە زیاد لە پێویستەی لە هەندێك کەسی PTSD دا دەبینرێن.

**گۆڕانکاری لە مێشکدا**

ئەو کەسانەی PTSD یان هەیە، ئەو بەشانەی مێشکیان کە لێپرسراوی مامەڵەکردنی سۆزن لە سکانەکانی مێشکدا جیاواز دەردەکەون. بەشێك لە مێشك کە لێپرسراوی یادەوەری و سۆزەکانە بە هیپۆکامپوس Hippocampus ناسراوە، لەو کەسانەدا کە PTSD یان هەیە ئەم هیپۆکامپوسە قەبارەیان پچووکتر دەردەکەوێت، ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەم بەشەی مێشکدا دێن پەیوەندییان بە ترس و نیگەراني و، گرفتەکانی یادەوەری و فلاشباکەوە هەیە.خراپ کارکردنی هیپۆکامپوس دەشێت ڕێگر بێت لە چاککردنی فلاشباك و مۆتەکەکان بە شێوەیەکی گونجاو، لەبەرئەوە ئەو نیگەرانییەی بەرهەمی دەهێنن، بە تێپەڕبوونی کات کەم ناکات. چارەسەرکردنی PTSD دەبێتە هۆی چاککردنێکی گونجاوی یادەوەرییەکان، بۆیە، بە تێپەڕبوونی کات فلاشباککەکان و مۆتەکەکان ووردووردە نامێنن.

مەرج نیە هەرکەسێک یەکێک یان زیاتر لەم رووداوانەی بەسەردا هات یان بینی دووچاری تەنگژەی پاش زەبری دەروونی ببێت، مێینە دووهێندەی نێر ئەگەری توشبوونی هەیە بەڵام هەندێک هۆکارهەن وادەکەن تاک ئەگەری توشبوونی زیاتر بێت لەوانە: (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل137)

1- ڕوداوەکە زۆرتوند و بەهێزبێت.
2- ڕوداوەکە ماوەیەکی زۆر بخایەنێت.
3- پێشتر تەنگژە یان پەشێوی دەروونی هەبوبێت.
4- نەبوونی پاڵپشتی خێزانی یان هاوڕێی نزیک کە هاوکاری بکات.
5- ئەندامێکی تری خێزانەکە حاڵەتی پەشێوی پاش زەبری دەروونی هەبێت.
6- ئەندامێکی تری خێزانەکە حاڵەتی خەمۆکی هەبێت.

هەندێک هۆکاری تر هەن وادەکەن حاڵەتەکە خراپتربێت گرنگترینیان: ( Mayoclinic.org, 2018)

1. گەر ڕووداوەکە کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراوبێت.
2. گەر ڕووداوەکە بۆماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت .
3. کەوتنە ناو ڕوداوەکە وەکو گەمارۆیەک بێت و نەتوانێت لێی ڕزگاربێت.
4. دەستکردی مرۆڤ بێت و هەڕەشەبێت لەسەر ژیان و تەندروستی.
5. قوربانی زۆری لێبکەوێتەوەو لە نێوانیاندا منداڵیشی تێدابێت.
6. ببێتە هۆی شێواوی جەستە و کەمئەندام بوون وەک لەدەستدانی دەست، قاچ، چاو،......

هێدمەی دەروونی کاریگەری زۆر لەسەر مرۆڤ دادەنێت و تەنانەت ڕەفتارەکانیشیان دەگۆڕێت، ئەم ڕەفتار گۆڕینەش لە پێوەرەکانی DSM-IV جێگیر کراون.

نیشانەکانی (PTSD) کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ژیانی ڕۆژانە هەیە. کۆمەڵێک لە نیشانەی نەخۆشی وەک (دووبارە بوونەوەی کارەساتەکە (فلاش باک)، خەوزڕان، دڵەڕاوکێ، بیرکۆڵی، لاوازی ئاگایی، بوونی ئازار بەتایبەت لەناو سک، دوورکەوتنەوە لە خەڵک و نەمانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هەستی تۆڵەکردنەوە، بە ئەستەم نانخواردن،بینینی مۆتەکە لە خەودا، ترس لە دووبارە بوونەوەی کارەساتەکە، هەوڵی خۆکوشتن،... هتد) کە لەدوای بەرکەوتن بە کارەسات و قەیرانێکی ناخۆش و چاوەڕوان نەکراو دەردەکەوێت بەجۆرێک کە کەسەکە ناتوانێت باوەڕی پێبێنێت و بەرگەی بگرێت، ئەم نیشانانە زیاد دەکات لەلای مناڵ و بەتەمەنەکان و ئەوکەسانەی کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان سنووردارە کە هەست بە فشارێکی زۆر دەکەن لە بەرگەگرتنیان بەو کارەسات و هێدمە زۆرەی کە تووشیان هاتووە. (الوهاب, 2001، ل31) لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، نیشانەکان لەماوەی یەکەم مانگی پاش بەسەرهاتە زەبرئامێزەکەدا سەر هەڵدەدەن. بەڵام لە کەمێك لە حاڵەتەکاندا دەشێت ئەم سەرهەڵدانە چەند مانگێك یان تەنانەت ساڵانێکیش دوا بکەوێت پێش ئەوەی نیشانەکانی دەست بەسەهەڵدان بکەن.

هەندێك کەسان بۆماوەی دوور و درێژ بەدەست PTSD ەوە دەناڵێنن کاتێك نیشانەکانی کەمتر تێبینی دەکرێن، پاشان ماوەی تری بەدوادا دێت کە باریان خراپتر دەبێت. کەسانی تر هەن نیشانەی توندتر و لەیەك نەپچڕاوتریان هەیە. نیشانە دیاریکراوەکانی PTSD دەکرێت لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر زۆر لەیەك جیاواز بن، بەڵام بەگشتی لەچوارچێوەی ئەم تەرحانەدان کە وا لەخوارەوە وەسف دەدرێن.

**دووباره تێپەڕین بەئەزموونداَ (American psychiatric Association, 1994, 3rd.ed)**

دووباره تووشبوونەوه نمونەیی ترین نیشانەی PTSD یە, ئەمە بریتییە لەوەی کەسەکە خۆنەویستانە و زیندووانە ڕووداوە زەبرئامێزەکە لەم شێوانەدا دەژێتەوە:

- فلاشباك
- مۆتەکە
- وورووژان یان وێنەی چەندبارەبووە و مەینەتبارانە
- وورووژانی فیزیکی – وەك ئازار یان ئارەق کردنەوه یان دڵتێکهەڵاتن یان لەرزین.

هەندێك کەس بیرۆکەی نێگەتیڤی لەیەکنەپچڕاویان لەبارەی بەسەرهاتەکەیانەوه هەیە، چەندین بارە ئەو پرسیار لەخۆیان دەکەن کە ڕێیان لێ دەگرێت لە گەڵ بەسەرهاتەکەدا بگەنە لێك تێگەیشتنێك.

بۆ نمونە، لەوانەیە بپرسن بۆچی بەسەرهاتەکە بەسەر ئەواندا هات و ئایا دەیانتوانی هیچ شتێك بکەن ڕێگە لە ڕوودانی بگرن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هەست بە تاوانباری یان عەیبە.

**خۆلادان و سڕبوون لەلایەنی سۆزەوه**

هەوڵدان بۆ خۆلادان لە بیرخستنەوەی بەسەرهاتە زەبرئامێزەکان نیشانەیەکی سەرەکیی تری PTSD یە. بە گشتی ئەمە واتای خۆ دوورەپەرێز گرتنە لە هەندێك کەس یان هەندێك شوێن کە بەسەرهاتەکەی بیردەخەنەوه، یان خۆلادانە لە قسەکردن لەبارەی ئەزموونەکەیەوه لەگەڵ هەرکەسێکدا بێت. زۆر لەوانەی PTSD یان هەیە هەوڵ دەدەن بیرەوەرییەکانی ڕووداوەکە بۆدەرەوەی مێشکیان پاڵ پێوە بنێن، زۆربەی کات خۆیان بە کار یان خولیایەکەوه سەرقاڵ دەکەن. هەندێکی تر تەقەلا دەکەن لەگەڵ هەستەکانیان وا مامەڵە بکەن کە هەوڵ بدەن بەهێچ شێوەیەك هەست بە هیچ نەکەن. بەمە دەووترێت سڕکردنی سۆزانە ئەمە دەکرێت وا لەکەسەکە بکات ببێتە گۆشەگیر و خۆکێشەوه، و هەروەها دەشێت دەست لە ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەش هەڵبگرن کە ڕاهاتوون لەسەر خۆشی لێ ببینییان.

**بێداریی زیاد لەپێویست:**

کەسێك کە PTSDی هەبێت دەشێت زۆر نیگەران بێت و بەلایەوه سەخت بێت خاوبوونەوه بەخۆیەوه ببینێت. دەشێت بەردەوام بێدارلا و هوشیاربن بەرامبەر هەر هەڕەشەیەك و بە ئاسانی دابچڵەکن. ئەم بارەی مێشك پێی دەووترێت بێداریی زیادلە پێویست Hyperarousal.

بێداریی زیاد لە پێویست زۆر جار دەبێتە هۆی:

- هەستیاری
- تەقینەوەی توڕەیی
- گرفتی خەو (خەوزڕان)
- ناڕەحەتی لە هۆش دان بە شت.

**گرفتی تر**

زۆر کەس لەوانەی PTSD یان هەیە ژمارەیەك گرفتی تریشیان هەیە، لەوانە:

- گرفتی تەندروستیی ئاوەزیی تر – وەك خەمۆکی، نیگەرانی، یان فۆبیا (= ترس لە شتێك)
- ڕەفتاری خۆ-ئازاردەر یان وێرانکەر – وەك بەد بەکارهێنانی دەرمان یان بەد بەکارهێنانی ئەلکۆهۆل
- نیشانەی فیزیکیی تر – وەك سەرئێشەن گێژی، ئازاری سنگ و گەدە.

PTSD هەندێك جار دەبێتە هۆی گرفتی پەیوەندیدار بە کارەوە و لێکترازاندنی پەیوەندییەکان. (American Psychiatry Association, 2018)

**سێیەم: جۆرەکانی هێدمە(تراوما):**

1- سووکە تراوما: کە لە ئەنجامی ڕووداوێکی پێشبینینەکراوەوە دروست دەبێت وەکو: ڕووداوی هاتوچۆ، ماڵبڕێن، بانکبڕین و لێدان،...هتد.

2-گرانە تراوما: کە بریتییە لەو ڕووداوانەی بە شێوەیەکی سیستماتیک (بەردەوام) ڕوو دەدەن بۆ نموونە هەڕەشە و دەستدرێژیی سێکسی، مەینەتی و ئەشکەنجەکانی جەنگ، زەبرەزەنگی جەنگ، ژیانی دیلی لەکاتی جەنگ، هەندێ لەم تراومایانە دەبن بە پۆستتراوما. (سەعید, 2016، ل15)

پۆستتراوما لە دوای تراوما دێت، واتە کاتێک تراوما سەخت و ئاڵۆز دەبێت و مرۆڤ توانای دەربازبوونی نییە، لەو دۆخەدا کاریگەرییەکان ئاڵۆزتر دەبنەوە و لە دەرئەنجامدا مرۆڤ تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەبێت، بۆیە دەروونناس و پزیشکە دەروونییەکان باس لە پۆستتراوما (Postraumatic Stress Disorder) یان کورتکراوەکەی (PTSD) دەکەن، کە بە کوردیش بە مانای پەشێویی و سترێسی پاش تراوما (هێدمە) دێتەوە.

**PTSD ی ئاڵۆز:**

ئەو کەسانەی باری زەبرئامێزیان چەندبارە بەسەر دێتەوە، وەك پشتگوێخستنی قووڵ یان خراپەکاریی قورس یان توند و تیژییەکی زۆر، دەشێت بارەکەیان بە PTSD ی ئاڵۆز دەستنیشان بکرێت. PTSD ی ئاڵۆز دەکرێت ببێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەی هاوشێوەی نیشانەکانی PTSD و ناشێت چەند ساڵ پاش ڕووداوەکە دەربکەون. ئەم PTSD یە ئاڵۆزە زۆربەی جار زۆر توندتر دەبێت ئەگەر زەبرخواردنەکە لە سەرەتای ژیاندا بووبێت چونکە ئەمە کاریگەری لەسەر پەرەسەندنی منداڵ دەبێت. ئاساییە پاش ڕووداوی زەبرئامێز بیری بێزارکەر و سەلێشێوێن بەمێشکدا بێن، بەڵام زۆربەی خەڵك پاش چەند حەفتەیەك بە شێوەیەکی سروشتی باش دەبن. ئەگەر منداڵەکەت پاش چوار حەفتەش لە بەسەرهاتە زەبرئامێزەکە هێشتا هەر گرفتی لەوبارەیەوە هەبوو، یان ئەگەر نیشانەکان بە تایبەتی گرفت ئامێز بوون، ئەوا دەبێت سەردانی پزیشکی تایبەت بکەیت. PTSD ی ئاڵۆز دەشێت لەو هەراش و منداڵانەدا دەستنیشان بکرێت کە چەندبارە ڕووداوی زەبرئامێزیان بەسەرهاتبێت، وەك توند و تیژی یان پشتگوێ خستن یان خراپەکاری. باوەڕ وایە PTSD ی ئاڵۆز قورس تر دەبێت ئەگەر: ( True, W.R, Rice, 1993 , p257) ڕووداوە زەبرئامێزەکان لەسەرەتای تەمەندا ڕوویان دابێت

- زەبرخواردنەکە لەسەر دەستی یەکێك لە باوان یان بەخێوکەر بووبێت
- کەسەکە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ زەبری پێکەوتبێت
- کەسەکە لەو ماوەیەدا تەنها بووبێت

- تائێستاش بەیەکگەیشتن لە نێوان کەسەکە و کەسی هۆکاری زەبرخواردنەکە هەبێت لەبەرئەوەی ساڵانێکی پێدەچێت تا نیشانەکانی PTSD ی ئاڵۆز بناسرێنەوە، پەرەسەندنی منداڵ، بە ڕەفتار و متمانەبەخۆبوونیشیانەوە، دەکرێت لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەنیدا بگۆڕێت.

هەراشەکانی کە PTSD ی ئاڵۆزیان هەیە دەشێت متمانەیان بەخەڵك نەمێنێت و هەست بە دابڕان لەخەڵکانی تر بکەن.

**نیشانەکانی PTSD ی ئاڵۆز** (solomon, Z., Mikulincer, 1998, p .279-285)

نیشانەکانی PTSD ی ئاڵۆز لە نیشانەکانی PTSD دەچن بەڵام دەشێت ئەمانەش لەخۆ بگرن:

- هەست بە عەیبە یان تاوان
- ناڕەحەتی لە کۆنترۆڵکردنی سۆزەکاندا
- دەم دەم سەرنج و هۆشدانی قووڵیان نامێنێ – ئەمە بە دابڕان dissociation ناسراوە
- نیشانە فیزیکییەکان – وەك سەرئێشە، گێژی، ئازاری سنگ و ئازاری گەدە
- خۆدابڕین لە هاوڕێیان و خێزان
- ناڕەحەتی لە پەیوەندییەکاندا
- ڕەفتاری وێرانکەر یان مەترسیدار – وەك خۆ ئازاردان یان خراپ بەکارهێنانی دەرمان یان خراپ بەکارهێنانی ئەلکۆهۆل.
- بیرکردنەوە لە خۆکوژی

**چوارەم: قۆناغەکانی سەرهەڵدان و چارەسەرکردنی شڵەژانی هێدمەی دەروونی:** (سەعید, 2016، ل15-16)

ئەو کەسانەی تووشی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە دەبن زوو هەڵدەچن، زوو تووڕە دەبن، بە ئاسانی ڕادەچڵەکێن، دڵیان خێرا لێ دەدات، ناتوانن بە باشی سەرنجبدەن و زوو سەریان لێ تێک دەچێت، دەمارەکانی لەشیان گرژ دەبێ، زوو ماندوو دەبن، لە بڕیارداندا پێویستیان بە کاتی زۆرترە، مەودای بیرکردنەوەکانیان لە کەسانی ئاسایی تەسکتر دەبێ، هۆرمۆنەکانیان (ڕژێنەکانیان) تێک دەچێت، هەست بە شەرم دەکەن و خۆیان لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا بە گوناهبار دەزانن، تووشی خەمۆکی و بێ ئومێدی دەبن، تووشی ترس و ڕاڕایی دەبن، خۆیان لە کەسانی دیکە و گروپ دوور دەگرن و تێکەڵ نابن، هەروەها کەسی تراومادار بەدەست کەمخەویی و مۆتەکە و خەوزڕانەوە دەناڵێنێت، دڵی بە خێرایی لێ دەدات، هەست بە ئازار و ژان دەکات... هتد، هەروەها پەرچە کردارێکی بەهێزە لە ئەنجامی ڕووداوێکی نەخوازراو درووست بووە، وە ئەم پەرچەکردارانە دەگرێتەوە: (خیربک, 2008، ل19)

1- تیاژیانی بەردەوامی ڕووداوەکە: تیاژیانی بەردەوامی ڕووداوەکە بەجۆرێک هەستکردن بەوەی کە کارەساتەکە دووبارە دەبێتەوە، بەردەوام بە خەوی ناخۆشی وەک مۆتەکە دێتەوە یادی، یادگاریەکی بێزارکەرە هەمیشە لەگەڵیدایە.

2- حاشاکردن: حاشاکردن یان خۆدوورخستنەوە و خۆگێلکردن لە بیرەوەریەکە، بەمەبەستی بیرچوونەوە لە ڕووداوەکە لە هەوڵی خۆدوورخستنەوە و لەبیرکردنیدایە، لەبیرکردنی ئەو کارەساتەی کە تووشی هاتووە.

3- وروژاندنی بەردەوام: وروژاندنی بەردەوام و هەستکردن بە بێزاری و هەڵچوون و زەحمەتی لە تێبینی کردندا.

ئەم دەرکەوتانە دەبێتە درووستکەری زەحمەتی و ناڕەحەتی بەدیهێنان و ئەنجامدانی ئەرکەکانی ڕۆژانەدا، کە ژیانی ئاسایی خۆی و ئەوانەی لەدەورین تێکدەدات.

هەریەک لە (پرتچارد و سکواب) (Pritchard & Schwab) شڵەژانی دەروونیان کردووە بە سێ بەش کە بریتین لە: (یونس, 2005، ل581)

1- فشاری سوک: کاریگەریەکەی بەردەوام دەبێت لە چرکەیەکەوە بۆ چەند کاتژمێرێک وەک تووشبوون بە بێزارکردن کەلە کەسێکەوە دەکرێتە سەر کەسێکیتر، یاخود شکاندنی لەبەرچاوی کەسانێکی زۆر... هتد، ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە ڕۆژانە لەژیانی ئاسایی کەسەکاندا ڕوودەدەن.

2- فشاری مامناوەند: کە کاریگەریەکەی بەردەوام دەبێت لە کاتژمێرێکەوە بۆ چەند ڕۆژێک وەک دیارنەمانێکی کاتی کەسێکی ئازیز، یان کارکردنێکی زۆر یان بینینی کەسێکی نەخوازراو واتە ڕووداوێکی کاتی کە کاتێکی کەم بخایەنێت کە دەبێتە هۆکاری شڵەژانی دەروونی لە ژیانی تاک دا وەک زەحمەتی و قورسی لە بەڕێکردنی خوێندندا وە درووست بوونی سەرئێشە وە ئازاری گەدە ... هتد.

3- فشاری بەهێز: کاریگەریەکەی بەردەوام دەبێت لە هەفتەیەکەوە بۆ چەند مانگ و ساڵیش وەک لەدەستدانی کەسێکی نزیک و ئەزیز، جیابوونەوەی خێزانی، لەدەستدانی ماڵ و موڵکی زۆر و کار، ئاوارەبوون، دەستدرێژی کردنەسەر، لێدان، ئیهانەکردن، ...هتد.

شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە (PTSD) ئەو شڵەژانەیە کەلەئەنجامی بەرکەوتنی تاک بە هێدمەی دەروونی (Traumatic Stress) کە پەرچە کردارێکی بەهێزە و لە پاش پەستانە دەروونیەکە دەردەکەوێت، کە بەم هۆیەوە کاردانەوەکانی بەردەوامی و دووبارە بوونەوەی کارەسات و ڕووداوەکە و ئەو هێدمەیەی کە تووشی هاتووە لەلای تاک وە دوورکەوتنەوە و خۆدزینەوە لەهەر شتێک کە پەیوەندی داربێت بە کارەساتەکەوە و ئەو هێدمەیەی کە بەهۆیەوە تووشی هاتووە لەلادرووست دەبێت هەروەها زەحمەتی و قورسی لە بیرکردن و هەڵچوونی بەردەوام و خەوزڕان و زەحمەتی خەولێکەوتن وە زۆر بوونی دڵەڕاوکێ، تێدا درووست دەبێت کە ئەم شڵەژانە دەروونی یە کاردەکاتە سەر ژیانی تاک لەڕووی تەندرووستی و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی و کارکردن،... هتر، بەمەرجێک ئەم دەرکەوتانە لە مانگ زیاتر بخایەنێت. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل587)

بە کۆمەڵێک قۆناغدا دەڕوات لەوانە:

1-قۆناغی شۆکبوون (ساکان): لە ئەنجامی ڕووداوێکی لە ناکاو یا نەخوازراودا مرۆڤ تووشی شۆک دەبێت، لەم قۆناغەدا دەست بە گریان، پێکەنین و هاوارکردن ... هتد دەکات، کەسی توشبوو ئەو حاڵەتەی وەکو خۆی پێ ناپەژرێنرێت و بڕوای وا نییە کە ئەو ڕووداوە بە ڕاستی ڕووی داوە، بۆ نموونە دوای مردنی کەسێکی نزیک، ئەم دۆخە لە چەند کاژێرێکەوە تا چەند رۆژێک درێژە دەکێشێت.

2-قۆناغی کاردانەوە: لەم قۆناغەدا دۆخەکە کاریگەری بەجێ دەهێڵێ و کەسی تراومادارێش دەست بە کاردانەوە دەکات، دۆخەکە دەپەژرێنێت و دان بەوەدا دەنێت کە ئەم کارەساتە بە ڕاستی ڕوویداوە، هەروەها هەست بە کەمتەرخەمیی دەکات، دەگری، دەناڵێنێت، دەتلێتەوە، ... هتد، ئەم قۆناغە تا چەند هەفتەیەک و چەند مانگێکیش دەخایەنێت.

3-قۆناغی سازێژ بوونەوە: تا دێت ڕووداوەکە وەکو بەشێک لە واقعی ڕۆژانە زیاتر دەپەژرێنرێت، کەسی تراومادار وەکو جاران هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ ناکات، نایەوێت هەموو دەمێک باس لەو ڕووداوە یا کارەساتە بکاتەوە، بەڵام هەندێ جاریش وەکو پێشووی لێدێتەوە، لەم قۆناغەدا کەسی تراومادار زیاتر بایەخ بە عەقڵ و بیرکردنەوە دەدات و تەماشای دوارۆژیش دەکات، ئەم قۆناغە لە 6-12 مانگ دەخایەنێت.

4- قۆناغی چاکبوونەوە: کەسی تراومادار هەست بە چاکبوونەوە دەکات، چاوی لە داهاتووە، بەدوای ڕێگا چارەی نوێدا دەگەڕێت و دەبێتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی.

Ahlstrom B & Hoglund I, (2000 , p15-16)

بە خراپوونی دۆخی کەسی تووشبوو بە شڵەژانی دەروونی و چارەنەبوونی ڕێگای چارەسەر هەیەکە چارەسازیی دەروونی و دەرمانن. ڕووداوە زەبر-ئامێزەکان دەکرێت زۆر زەحمەت بێت لەگەڵیان بگەیتە ئاشتەوایی، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی هەستەکانت و گەڕان بەدوای یارمەتیی پرۆفیشناڵ دا زۆرجار تاکە ڕێگەن بۆ چارەسەر. کە دەکرێت چەندین ساڵ پاش ڕووداوە زەبرئامێزەکە سەرکەوتووانە چارەسەری بکرێت، کە واتای وایە هەرگیز درەنگ نیە بەدوای یارمەتیدا بگەڕێین.

## PTSD لە منداڵاندا

ڕووداوەکان دەکرێت کار لە منداڵانیش و لە هەراشیش بکات، دەکرێت ئەو منداڵانەی یان هەیە نیشانەی هاوشێوەی نیشانەکانی هەراشیان هەبێت، وەك بوونی گرفتی خەو و مۆتەکەی بێزارکەر. وەك پێگەیشتووەکان، منداڵانیش کە PTSDیان هەبێت دەشێت ئیتر گرنگی دانیان بەو چالاکییانە نەمێنێت کە ڕاهاتوون لەسەر خۆشی لێبینینیان و دەشێت نیشانەی فیزیکییان لێ دەربکەوێت، وەك سەرئێشە و ئازاری گەدە. بەڵام، هەندێك نیشانە هەن کە زیاتر لەو منداڵانەدا دەردەکەون و تایبەتن پێیان کە PTSD یان هەیە، وەك:

- میزبەخۆدا کردن لە خەودا
- لە ڕادەی سروشتی بەدەر نیگەران بوون لەوەی لە یەکێك لە باوانی یان لە هەراشێکی تر جیا بکرێتەوە.
- دووبارە نواندنەوەی بەسەرهاتە زەبرئامێزەکە/زەبرئامێزەکان لە ڕێی یارییەکانیانەوە.

## چارەسەرکردنی PTSD ی ئاڵۆز (Blair, E.H, Torabi, 2004.look smart .com)

(ڕێگاکانی چارەسەرکردنی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە):

دەتوانرێت PTSD بە سەرکەوتوویی چارەسەر بکرێت، تەنانەت ئەگەر چەندین ساڵیش پاش ڕووداوە زەبرئامێزەکە سەرهەڵبدات. هەر چارەسەرێك لەسەر توندیی نیشانەکان و چەند زووتر دەرکەوتنیان پاش ڕووداوە زەبرئامێزەکە، ڕادەوەستێت، دەشێت گرتنەبەری هەریەك لەم بژاردانەی چارەسەر ڕابسپێردرێن:

•چاوەڕوانیی چاودێریکەرانە – چاودێری و ڕوانین لە نیشانەکان تا بزانرێت ئایا بەبێ چارەسەر باشتر دەبن یان خراپتر.
•چارەسازیی دەروونی – وەك چارەسازیی ڕەفتارانەی دەرك پێکەرانە cognitive behavioural therapy (CBT) کە تیشکۆی لەسەر زەبرەکە بێت، یان دووبارە چاککردن و لابردنی هەستیاربوونی جوولەی چاو (EMDR).
•خەمۆکی ڕەوێنەکان – وەك پارۆکسێتین Paroxetin یان میرتازاپین Mirtazapine .
یەکێك لە نیشانە هەرە سەرەکییەکانی PTSD ی ئاڵۆز نەمانی متمانەیە بە خەڵك ئەگەر بکرێت، واباشە ئەو کەسانەی PTSD ی ئاڵۆزیان هەیە بەهێواشی دەست بە چالاکییە ئاساییی و باوەکان بکەن، وەك:

- هاوڕێ دۆزینەوە
- پەیداکردنی کارێك
- ڕاهێنانی دەم بۆ دەم
- سەرقاڵ بوون بە خولیاوە

گرنگە هەوڵی پەرەپێدانی هەندێك هەستی متمانەپەیداکردن بدرێت دەشێت هەندێك کاتی پێ بچێت، بەڵام پەیوەندییەکی متمانە پێکراو لەگەڵ چارەسازێکدا یارمەتیی چارەسەرکردنی PTSD دەدات.
چارەسەری لەلایەن چارەسازێکەوەدەشێت بە سێ قۆناغ ئەنجام بدرێت وەك:

**هێورکردنەوە**

لە یەکەمین هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی PTSD ی ئاڵۆزدا دەشێت قسەکردن بێت لەگەڵ چارەسازێکدا بۆ فێربوونی چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی هەستەکانی متمانە نەکردن و نەمانی هەست بە 'پچڕان' لە هاوڕێیان و خێزان.
هەندێك تەکنیکی وەك تەکنیکەکانی 'زەمینەسازی' دەشێت بتوانن یارمەتیت بدەن ڕابوردوویەکی خراپەکارانە یان زەبرئامێزانە لە ئێستا جیا بکەیتەوە ئامانج لەمە ئەوەیە ڕابوردوو وا لێ بکرێت کەمتر بەسام دیاربێت و بڕی ئەو فلاشباکانەی دێنەوە کەم بکرێنەوە.
بە تێپەڕبوونی کات، دەتوانیت هەست بە کەمبوونەوەی نیگەرانی بکەیت و فێردەبێت ململانێ لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەتدا بکەیت.

**چارەسازیی تیشکۆ- لەسەر زەبرخواردن**

چارەسازیی تیشکۆ- لەسەر زەبرخواردن دەشێت ئەمانە لەخۆ بگرێت:

- هەندێك جۆری تایبەت لە چارەسازیی دەروونی
- چارەسازیی ڕەفتارانەی دەرك پێکەرانە (CBT)
- دووبارە چاککردن و لابردنی هەستیاربوونی جوولەی چاو (EMDR)

دەشێت ئەم چارەسەرییانە یارمەتیت بدەن کۆنترۆڵی هەر هەستێکی پەژارەئامێز بکەیت بەڵام دەبێت بە وورياییەوە بەکار بێن بۆ ئەوەی بارەکە خراپتر نەبێت.

**تێکهەڵکێشکردنەوە**

دوایین قۆناغ دەستپێکردنی بەکارهێنانی ئەم کارامەیی یە تەکنیکانەیە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی باشتر لەگەڵ خەڵکانی تردا.

دەرمانبەکارهێنان، وەك دژە خەمۆکییەکان، دەشێت هێشتا ڕابسپێردرێن ئەگەر چارەسازیی دەروونی نەکرێت بەکاربهێنرێت یان هەست بە ئاسایش نەکەیت.

**ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە:**

لێکەوتەی کارەساتی (سروشتی و دەستکرد) لەسەر تاکی بەرکەوتووی کارەساتەکان بەتایبەت جەنگ کە دەرهاویشتەی وێرانکاریە، تێکشکانی مرۆیی دروست دەکات لەسەر تاك و کۆمەڵ بەتایبەتر منداڵ و گەنج، ژن، کەبە شڵەژانی پاش هێدمە ناسراوە. زۆر لە توێژینەوەکان جەخت لەسەر ئەم حاڵەتە دەکەنەوە، شڵەژانی پاش هێدمە وەك یەکێك لە شڵەژانەکانی دەروونی تا ڕادەیەك بەربڵاوە لە کۆمەڵگەکەمان بەهۆی بوونی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم شڵەژانە وەك شەڕو وێرانکاری و توندوتیژی خێزانی و دەست درێژی سێکسی و ئاوارە بوون وگەلێ هۆکاریتر، بوونی ئەم شڵەژانەش لای تاکەکانی کۆمەڵ بە کێشە هەژمار دەکرێت و دەبێتە ئاستەنگ بۆ بەڕێوەچونی ژیانیان بە شێوەیەکی ئاسایی و کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر تەندروستی دەروونی و ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان. شڵەژانی پاش هێدمە لەو بابەتە تازە و گرنگانەیە کە بۆتە جێگای بایەخی زۆرێك لە توێژەران و زانایانی دەروونی لەسەرتاسەری جیهان بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە ڕاددەیەکی کەم بۆتە بابەتی توێژینەوەو نوسین وە بەدەگمەن توێژینەوەی چارساز ئەنجامدراوە بۆ چارەسەری شڵەژانەکانی دەروونی، سەرباری توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندن وەك ڕێگایەکی چارەسەر بەهۆکاری ئەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن توانایەکی گرنگیان لە کاریگەری دروستکردن لەسەر تاك هەیە، بە شێوەیەك دەتوانن لەسەر پرسێکی دیاریکراو کار لە بیروباوەڕیان بکەن، لە ڕێگەی بەگەڕخستنی توانا و زیرەکی زۆر بۆ دروستکردنی ئاڕاستەگەلی جیاجیا کە لە ڕێگەی دووبارە کردنەوەی پەیامەکان جۆرێك لە بیروبۆچوون نمایش دەکەن کە دواجار وەرگری بەئامانجکراو باوەڕی پێ دەهێنێت، ئەگەرچی ئەم بابەتە بابەتێکی تاك لایەنە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کاریگەری هۆکارە دیمۆگرافییەکان و هۆکارە جیۆگرافی و هۆکارە سایکۆگرافیەکانە، کە بە هۆیانەوە کاریگەری جیاواز بەرهەم دێت لەلای وەرگر. بەڵگەنامە مێژوویی یەکان ئەوە دووبات دەکەنەوە کە زۆربەی چەوساندنەوە و ئازارەکانی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ بوون کە ڕێژەکەی زیاترە لە کارەساتی سروشتی. لەعێراق بەگشتی و بە تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا لە سەدەکانی پێشوو هەتاوەکو ئێستاش خەڵکەکەی بە شەڕو و قەیران و وێرانکاری و کوشتن و ئاژاوە ژیانی بەڕێکردووە بە هۆکاری جۆراو جۆر کە لە گرنگترینیان کێشەی سیاسی و نەتەوەیی بووە، کاریگەری بەردەوامی دەروونی لەسەر تاکەکانی درووست کردوە، لە توێژینەوەیەکی زانستی کەلەسەر سامپڵێکی هەڕەمەکی کە ڕێژەکەی (4332) کەس کراوە لەناوچەکانی عێراق لەساڵی (2003) دەرکەوتووە کە (16.6%) لە عێراقیەکان شڵەژانی پاش هێدمە یان هەیە، شڵەژانە دەروونیەکە لای ژنان زیاترە بەبەراوورد لە پیاوان وە تەمەنی (50) ساڵی زیاترە وەک لەتەمەنی (18) ساڵی. (القیسي, 2004، ل28)

لە توێژینەوەیەکی تردا کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەهاوکاری حکومەتی عێراقی کە بۆ ساڵەکانی جەنگ کراوە دەرکەوتووە کە(70% )ی عێراقیەکان شڵەژانی پاش هێدمە یان هەیە وە لەناو

نەخۆشیە دەروونیەکاندا لە هەموویان زیاتر و بڵاوترە، هەندێکیان گەیشتونەتە بیرکردنەوە لە خۆکوشتن. (الکبیسي، 2004، ل13) ڕاگەیاندن کاریگەری زۆری لەسەر ئەم دیاردەیە هەیە بەجۆرێک دەکرێت لایەنی باش خراپ ببینێت دەکرێت جێگای چارەسەری تەندروستی دەروونی بگرێتەوە لە ڕێگەی ڕێنمایی و گفتوگۆی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەم بوارەدا و ئاشنا کردنی زانیاری و ڕێنمایی پێویست لە بارەیەوە وە بە دیوێکی تریشدا دەکرێت ئامرازێک بێت بۆ دروستبوونی حاڵەتەکە بە کەسانێک کە ڕاستەوخۆ ئەو کارەساتەیان بەسەر نەهاتووە لە ڕێگەی دروستکردنی ترس و تۆقاندن لە سەر بابەتێک هەروەک ئەو توێژینەوەیەی کە لە ئەمریکا کراوە لەسەر (National Survey Of U.S.adults) توێژینەوە لەسەر گەنجەکانی ئەمریکا لەپاش کارەساتی تە قینەوەی (11ی سێپتیمبەری 2001)، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە ئەو کەسانەی کە زۆرتر بینەری تەقینەوەکەبوون لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە زیاتر لە بە ڕێژەی (8 کاتژمێر) زیاتر تووشی سترێس و ترس بوون بەبەراوورد بەو کەسانەی کە کەمتر بینەری دیمەنەکە بوون لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە. (BBC, 2009)

ڕاگەیاندن دەکرێت ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە هێورکردنەوەو چارەسەرکردنی دەروونی دا، لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوەی تاک و کۆمەڵگە و پێدانی زانیاری پێویست لە ڕێگەی کەسانی شارەزا و پسپۆڕی دەرونی و شیکردنەوەو و باسکردنی کەیسەکان بۆ تاک و کۆمەڵگە بەمەبەستی زانیاری پێدان بۆ کەسی تووشبوو لە هەمانکاتدا بۆ کەسی نزیکی نەخۆش بۆ زانینی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشە کە و هەروەها بۆ کەمکردنەوەی سترێس و لە بیربردنەوەی ڕووداوەکە ئەگەر بە کاریگەرییەکی کەمیشبێت و بۆ چەند ساتێکیشبێت. هەروەها پەخشکردن و بوونی بەرنامەی تایبەت بەو بوارە بە شێوازێکی ئەکادیمی زیاتر وا لە کەسی تووشبوو دەکات کە شەرم لە کەیسەکەی نەکات و هەست نەکات کە تەنها ئەو بەو دۆخەدا ڕۆشتوە کە ئەمە زیاتر بەهێزی دەکات و باشتر دەتوانێت بەسەر نەخۆشییەکەیدا زاڵبێت، لە گۆشەگیری و خۆبەکەمزانین بێتە دەرەوە، هەروەها ڕاگەیاندن بە هۆکاری گەشەسەندی و بڵاوبوونەوەی ئاسانتر دەتوانێت بچێتە لای تاک و کۆمەڵ و ڕۆڵی هەبێت وەک چارەسازێکی پزیشکی، چونکە زۆر جار بە هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵ و نەزانینی زانیاری پێویست لەسەر بابەتە دەروونییەکان نەزانین یان ترس لە پزیشکی دەروونی و دانپێدانەنان بە کێشەی دەروونی و بوونی نەخۆشی دەروونی و باسنەکردنی کەیسە ناباوەکان ئەم کەیسانە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە بێ چارەسەر کە لێکەوتەی زۆر ترسناک و خراپی لێدەکەوێتەوە لای تاک و کۆمەڵ. ڕاگەیاندن دەکرێت جێگرەوەی چارەسەری دەروونی بێت، چونکە ڕاگەیاندن دەتوانێت سنوورەکان ببەزێنێت و لە ڕێگەی ئامرازە جیاجیا کانییەوە پەیامەکان بە گەورەترین کاریگەری بگەێنێت. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ڕاگەیاندن بەشێوازێکی هەڵە بەجۆرێک ترس و دڵەڕاوکێ دروستبکات و بەردەوام کێشەکان گەورەتر بکات و زیاتر ڕووداوەکان باسبکات و زەقی کاتەوە خۆی دەبێتە هۆکار بۆ دروستبوون و بڵاو بوونەوەی نەخۆشی دەروونی.

**ئاڕاستەی مەعریفی**

تیۆری زانین پشتدەبەستێت بەو گریمانەیەی کە شڵەژانی دەروونی لەسەر بیرکردنەوەیەکی ناعەقڵانی وەستاوە کە پەیوەستە بەخود و ڕووداوەکانی ژیان و جیهان بەشێوەیەکی گشتی.

لەسەر ئەم بنەمایەی ئەم گریمانەیە (فوا و هاوڕێکانی) (Foa eta, 1999) پێیانوایە تیۆری زانین لە شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە (PTSD) ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەکارەساتە هێدمەیەکان گریمانە

ئاسایی و مانای ئاسایش دەخاتە مەترسییەوە یاخود کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر مانای بەدەستهاتووی گریمانەکە، بەجۆرێک سنووری نێوان ئاسایش و ترس والێدەکات کە ڕوون نەبێت، کە ئاستی ترس گەورەدەکات لە یادەوەری دوورمەودادا، ئەوکەسانەی کە بونیەتێکی ترهەیە لە ناخیاندا، بە ڕێرەوێکدا گوزەردەکەن کە زانیاری کەم و کەلێنی زانیاریان هەیە لە پێشبینی کردن و لاوازن بەرامبەر بە کۆنترۆڵکردنی ژیانی خۆیاندا، ئەم هۆکارانە کاریگەری گەورەیان هەیە لە بوونی ئاستێکی بەرزی شڵەژان و دوودڵی و ڕاڕایی لەلایان. (شێخەل, 2014، ل17) هەربەم هۆیەوە میللر (Miller،1995) وای دەبینێت کەتاک وا ڕووداوە هێدمەیەکان دەبینێت کە زانیارییەکی نوێ و نامۆیە لە بیرکردنەوەی خۆیدا نازانێت کە چۆن مامەڵە بکات لەگەڵیدا، ئەمە بۆ تاک وەک فشارێکی تۆقێنەر وایە کەوای لێدەکات شڵەژان لە ڕەفتاریدا دەربکەوێت، مرۆڤ دەچێتە دۆخی دڵەڕاوکێوە کاتێک کە زانیاری نەبێت کە ئەو هێدمەیە شیبکاتەوە و لێی تێبگات یان کاتێک کە کۆنترۆڵ لەدەست دەدات لەکاتی ڕووداوەکاندا، چونکە تاوەکو لێی تێنەگات ناتوانێت بیربکاتەوە کە چۆن مامەڵە و ڕەفتاری لەگەڵدا بکات، هەربۆیە هەست بەترس دەکات کاتێک شتێکی نامۆ و نوێ دەردەکەوێت کە دەچێتە ناو ڕێکخستنی (بنائي) ژیان و لێتێگەیشتنەکانی، هەست بەفشار و ترس دەکات کە هەست دەکات گۆڕانکاریەک هەیە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەری هەیە. (صالح, 1997، ل195)

## باسی چوارەم: توێژینەوەکانی پێشوو

### یەکەم: خستنە ڕووی توێژینەوەکان

1- توێژینەوەی (نوری یاسین هەرزانی) بەناونیشانی (ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئەنجامدانی تاوان)، نامەیەکی دکتورایە پێشکەشکراوە بە کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر، 2003. ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە:

ا- زانینی ڕۆڵی نەرێنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ڕەفتار و بەهای تاکەکانی کۆمەڵگە.

ب- زانینی ئەو بەها و ڕەفتارانەی کەلە ڕێگەی ئامرازە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنەوە دەگوێزرێنەوە.

ت- دانانی چارەسەر بۆ ئەو بەهایانەی کە وەریاندەگرین لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کەمکردنەوەی کاریگەریەکانیان لەسەر ڕەفتاری تاک و دەزگاکانی کۆمەڵگە.

ئەم توێژینەوەیە مەیدانییە، توێژەر بۆ وەرگرتنی نمونەی لێکۆڵینەوەکەی پشتی بە یاسای مۆزەر بەستووە و (300) تاکی بەشێوەی یەکسان لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر وەرگرتووە، نمونەی لێکۆڵینەوەکەی هەڕەمەکی چینایەتییە، میتۆدی لێکۆڵینەوەکەی بریتییە لە میتۆدەکانی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی، بەراوردکاری و بەدەستهێنانی بەرهەم، توێژەر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ئامرازەکانی فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە و ئاستی ڕاستگۆیی بریتییە لە (92.67٪) و جێگیری بریتییە لە (92٪).

**توێژینەوەکە گەیشتۆتە چەند ئەنجامێک لەوانە:**

ا- ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی تەلەفزیۆن ململانێی نێوان گەورەکان و توندوتیژییەکانیان بۆ گەنجان و تازە پێگەیشتووان دەخاتە ڕوو، بەمەش فێری ئەو ڕەفتارانەیان دەکات.

ب- چەندە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پڕبن لە توندوتیژی و تاوان، ئەوەندە تاوان و توندوتیژی زیاد دەکات.

ت- ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری لەسەر بونیادی کەسایەتی تاکەکان دەکات، ئەگەر کاریگەر و پەیوەست بن بەبەرنامە ئامانجدارەکانەوە .

پ- پەیوەندی هەیە لەنێوان هەندێ ڕەفتاری خراپی گەنجان و سروشتی ئەو بەرنامانەی کە ڕاگەیاندن بڵاوی دەکەنەوە.

2-توێژینەوەی شوان شێرزاد شێخەل بە ناونیشانی (کاریگەری پرۆگرامێکی چارەساز بۆ شڵەژانی فشاری دەروونی دوای هێدمە لای نەوجەوانانی خانەی چاودێری تایبەت لە هەولێر)، نامەیەکی ماستەرە پێشکەشکراوە بە کۆلێژی ئەدەبیات بەشی دەرونزانی، زانکۆی سەلاحەددین، 2014.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە:

ا- ئامادەکردنی پرۆگرامێکی چارەساز بۆ شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە.

ب- زانینی کاریگەری پرۆگرامە چارەسازەکە بۆ شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە.

سنوری توێژینەوە پێکدێت لەو هەرزەکارانەی کەلەخانەی نەوجەوانانی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتیدان لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی (2013-2014)، کە بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون کە پێکهاتوون لە (12) هەرزەکار، کە تەمەنیان لە نێوان (13-17) ساڵە وە دابەشکراون بەسەر دوو کۆمەڵە (6) تاک بۆ کۆمەڵەی تاقیکردنەوە و (6) تاکیش بۆ کۆمەڵەی جێگیر بە ژمارەی (4) نێر و (2) مێ بۆ هەردوو کۆمەڵە، وە توێژەر هەستاوە بەبەکارهێنانی پێوانەی (الازیر جاوی، 2005) بەکار هێناوە کە پێکدێت لە (31 برگە) کە دابەشکراوە بۆ (4) بوار (وروژانی هەڵچونی، دورە پەرێزی لە چالاکی پەیوەندیدار بەڕووداوی هێدمە، گەڕانەوەی بەردەوامی زانیاری هێدمەیی، کەمبونی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان).

**ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە:**

ا- پرۆگرامە چارەسازەکە کاریگەرییەکی ئەرێنی هەبوو بۆ کەمبوونی نیشانەکانی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە.

ب- جیاوازیەکی ئاماری نیە لە کاریگەری پرۆگرامە چارەسازەکە لەسەر بوارەکانی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە.

**دووەم: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو**

دوای خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو هەوڵ دەدەین کە ڕووە لێکچوو وە جیاوازەکانی ئەو توێژینەوانە لە ڕووی ئامانج و میتۆد و نمونەی توێژینەوەکە و ئامرازە بەکارهاتووەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، لەگەڵ توێژینەوەکەماندا بەراوورد بکەین:

1- میتۆدی توێژینەوەکانی پێشوو

لە ڕووی بەکارهێنانی میتۆدەوە، توێژینەوەی (هەرزانی: 2003) پەنای بۆ بەکارهێنانی میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بردووە وپشتی بە یاسای (مۆزەر) بەستووە، توێژینەوەی (شێخەل: 2014) پێوانەی (الازیر جاوی 2005) بەکارهێناوە، چونکە ئەوە سروشتی دیاردە یان گرفتەکەیە کە میتۆدی

توێژینەوەکە دەستنیشان دەکات و توێژەر ناچار دەکات ئەو میتودە بەکاربهێنێت کە لەگەڵ توێژینەوەکەیدا دەگونجێت، میتۆدی بەکارهاتووی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (وەسفی ڕووپێوی)یە.

2- ئامانجی توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەکان جیاوازییان هەیە لە ڕووی بەئامانجگرتنی ئامڕازە جۆربەجۆرەکانی ڕاگەیاندن و شڵەژانی پاش هێدمە (PTSD)، توێژینەوەی (هەرزانی) ڕاگەیاندنی بە شێوەیەکی گشتی بەئامانج گرتووە بۆ توێژینەوە، بەڵام توێژینەوەی (شێخەل) تەنها باسی لە شڵەژانی فشاری دەروونی دوای هێدمە (PTSD) کردووە.

لە ڕووی ئامانجەوە بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەی (هەرزانی) بەدوای کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندنەوەیە لە سەر بەکارهێنەرانی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن، تا ڕادەیەک لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا نزیکە، هەرچەندە زیاتر ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێتوێژینەوەیە لە ئاوارە بەجۆرێک بە چ ڕادەیەک کاریگەری لێکراوە لە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە، ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە بۆ ئاوارەکانی شەڕی داعش لە پارێزگای سلێمانی بە چ ئاست و ڕادەیەکە، دۆزینەوەی ئەو ڕۆڵ و پەیوەندییەیە.

3- جۆر و قەبارەی نمونەی توێژینەوەکانی پێشوو

لە ڕووی جۆری هەڵبژاردنی نمونەوە توێژینەوەی (هەرزانی) لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا لێکنزیکن، کەبە شێوەی هەڕەمەکی ئەو تاکانەیان وەرگرتووە کە تەمەنیان لە هەژدەساڵ و بەسەرەوەیە، بەڵام توێژینەوەی (شێخەل) لە ڕووی جۆری نموونەکانیانەوە جیاوازییان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا هەیە، هەروەها قەبارەی نمونەکانیش بە ڕێژەی جیاجیایە، توێژینەوەی (شێخەل: 2014) بچوکترین قەبارەی نمونەیە و بریتییە لە (12) تاک، قەبارەی نمونەی ئەم توێژینەوەیە لە (418) تاک پێک دێت، کۆمەڵی توێژینەوەکە بریتییە لە ئاوارەکانی شەڕی داعش لە پارێزگای سلێمانی.

4- ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

لە ڕووی ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەوە،هەردوو توێژینەوەکانی پێشوو لەیەکەوە نزیکن کە پشتیان بە ئامڕازەکانی (تێبینیکردن، چاوپێکەوتن، فۆرم) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەستووە.

لەم توێژینەوەیەشدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پشت بە ئامڕازەکانی (پرسیارنامە و تێبینیکردن و چاوپێکەوتن) بەستراوە لەگەڵ بەرتوێژانی توێژینەوەکە، بەمەش ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی بەکارهێنانی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەوە تاڕادەیەک لە توێژینەوەکانی پێشووەوە نزیکە.

5- ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەکان بە شێوەیەکی گشتی گەیشتوون بە هەندێک ئەنجام کە تاڕادەیەک لەیەکتری جیاوازن، جیاوازی ئەنجامەکان بۆ جیاوازی ئامانجەکان و جۆری میتۆد و قەبارەی نمونە و کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە و هەروەها جیاوازی تێڕوانینی هەریەکێک لەو توێژەرانە بۆ بابەتەکان دەگەڕێتەوە.

# دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە

## بەشی سێیەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوە

**میتۆدی توێژینەوە**

**یەکەم: کۆمەڵی توێژینەوە**

**دووەم: سامپڵی توێژینەوە**

**سێیەم: سنوری توێژینەوە**

**چوارەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

**پێنجەم: ئامرازە ئامارییەکان**

### ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

هەر توێژینەوەیەک پێویستی بەچەند ڕێکارێک هەیە کە یارمەتی توێژەر دەدات بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی بە شێوەیەکی زانستی، لەوانە جۆری میتۆد و کۆمەڵگای توێژینەوەکە و قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە و ئەو ئامڕازانەی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتوون لەگەڵ ئامڕازە ئامارییەکان کە بەکاردێن بۆ شیکردنەوەی داتاکان، هەوڵماندداوە لەم بەشەدا زانیاری پێویست لەسەر میتۆدی توێژینەوەکە و ئەو ڕێکارانە بخەینە ڕوو کە بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە گرتوومانەتەبەر.

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوە یە مەیدانییە، لە چوارچێوەی میتۆدی وەسفیدا ڕێکاری ڕووپێوی (مسحی Survey) بەکارهێنراوە، بەمەبەستی دەرخستنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە بۆ ئاوارەکانی شەری داعش لە پارێزگای سلێمانی.

**دووەم: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە:**

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم ئەو خێزانە ئاوارانەی لەناو کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی نیشتەجێکراون کە ژمارەیان (3880) خێزانە، بە پێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی سلێمانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا بەم شێوەیە یە، کەلەخشتەی (1) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(1) کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە***

| ژ | ناو و شوێنی کەمپ | ژمارەی خێزان | کۆی ئەندامانی خێزان | تەمەن 18 ساڵ و زیاتر | کەمتر لە 18 ساڵ | سامپڵی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | قورەتوو /کەلار | 398 | 2388 | 716 | 1672 | 43 |
| 2 | تازەدێ/کەلار | 490 | 2940 | 882 | 2058 | 53 |
| 3 | ئاشتی/ناحیەی عەربەت | 2703 | 13515 | 4854 | 8661 | 291 |
| 4 | عەربەت/ناحیەی عەربەت | 105 | 735 | 188 | 547 | 11 |
| 5 | بەرزنجە/عەربەت | 106 | 636 | 189 | 447 | 11 |
| 6 | سیتەک | 52 | 364 | 102 | 262 | 6 |
| 7 | کەنیسەی چوارچرا | 26 | 167 | 50 | 117 | 3 |
| کۆ | | 3880 | 20745 | 6981 | 13764 | 418 |
| | | | | ٪33.651 | ٪66.348 | |

لەکۆمەڵگەی توێژینەوە، سامپڵێک وەرگیراوە کە ژمارەیان (418) کەس بوون لەو ئاوارانەی لەکەمپەکانی پارێزگای سلێمانی نیشتەجێکراون واتا بەڕێژەی (5.987٪) لە هەریەک لەکەمپەکانی (قورەتوو /کەلار، تازەدێ/ کەلار، ئاشتی/ ناحیەی عەربەت، عەربەت/ناحیەی عەربەت، بەرزنجە/ عەربەت، سیتەک، کەنیسەی چوارچرا).

**خەسڵەتە دیمۆگرافیەکانی سامپڵی توێژینەوە:**

* ژمارەی ئەندامانی هەر خێزانێک بەڕێوەبەرانی کەمپەکان وەرگیراوە بەلام ژمارەی خێزان لە ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق- سلێمانی، لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١٠/١، وەرگیراوە.

**ا- ڕەگەز:**

لە کەمپەکاندا خێزانە ئاوارەکان نیشتەجێکراون، بۆیە پێکهاتەی سامپڵی ئەم توێژینەوەیە لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)ن، توێژەر بەشێوەیەکی هەرەمەکی سادە ئامڕازی توێژینەوەکەی بەسەر هەردوو ڕەگەزەکەدا دابەش کردووە، شایانی ئاماژەیە ڕەگەزی نێر لەم توێژینەوەیەدا زیاتر لە دەرەوەی خێمەکان و لەناو کەمپەکان دەبیندران، ڕەگەزی مێ زیاتر لەناو خێمەکاندا بوون و کەمتر دەگەڕان و دەچوونە دەرەوە. لە خشتەی (2) ڕەگەزی بەشداربووانی توێژینەوەکە ڕوون کراوەتەوە.

**خشتەی (2) ڕەگەزی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| ڕەگەز | دووبارەبۆوە | ڕێژەی سەدی% | پلە |
|---|---|---|---|
| مێ | 228 | ٪54.55 | یەکەم |
| نێر | 190 | ٪45.45 | دووەم |
| کۆ | 418 | | |

**ب- تەمەن:**

هەر ئاستێک لە ئاستەکانی تەمەن زانیاری و شارەزایی و ئەزمونێکیان هەیە، لەم توێژینەوەیەدا ئەو تاکانە وەرگیراون کە تەمەنیان (18) ساڵ و بەسەرەوەیە، هەتاوەکو ئاستی تەمەنی مرۆڤ بەرەو هەڵکشان بچێت، ئەوەندە جێگیری لە ئاستی بیرکردنەوەو ئاراستەکانیان زیاد دەکات و بەرچاوڕوونتر دەبن دەربارەی بارودۆخ و کێشە و گرفتەکانیان، خشتەی (3) ئاستی تەمەنی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (3)تەمەنی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| تەمەن | دووبارە بۆوە | ڕێژەی سەدی% | پلە |
|---|---|---|---|
| 27-18 | 64 | %15.31 | سێیەم |
| 37-28 | 156 | %37.32 | یەکەم |
| 47-38 | 120 | %28.71 | دووەم |
| 57-48 | 63 | %15.07 | چوارەم |
| 58-زیاتر | 15 | %3.59 | پێنجەم |
| کۆ | 418 | | |

لە خشتەکەوە دەردەکەوێت کە زۆرینەی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە زیاتر دەکەوێتە نێوان تەمەنی (28-48) ساڵیەوە .

**ت- ئاستی خوێندن:**

چەندە ئاستی خوێندنی مرۆڤ بەرزبێت ئەوەندە هۆشیارتر و بەرچاوڕوونتر دەبن دەربارەی کێشە و گرفتەکان، هەر ئاستەو بە شێوازێک لە لایەنەکانی کێشە و تەنگەژەکان دەڕوانن و کاریگەریان دەبێت لە سەریان، خشتەی (4) ئاستی خوێندنی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (4) ئاستی خوێندنی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| ئاستی خوێندن | دووبارەبۆوە | ڕێژەی سەدی% | پلە |
|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 78 | %18.66 | دووەم |
| خوێندن و نووسین | 57 | %13.64 | پێنجەم |
| سەرەتایی | 60 | %14.35 | چوارەم |
| ناوەندی | 75 | %17.94 | سێیەم |
| ئامادەیی | 107 | %25.60 | یەکەم |
| زانکۆ و سەروتر | 41 | %9.81 | شەشەم |
| کۆ | 418 | %100 | |

زانیارییەکانی نێو خشتەکە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، بە پلەی یەکەم سامپلی توێژینەوەکە ئاستی خوێندنیان ئامادەییە، بە پلەی دووەم نەخوێندەوارن، بەپلەی کۆتایی و کەمترین رێژە ئاستی زانکۆ و سەروترە.

**پ- پیشەی پێش ئاوارەبوون:**

پیشە کاریگەری دەبێت لەسەر تەواوی ژیانی تاکەکان، هەروەها بەرگەگرتنیان بۆ کارەسات و ڕووداووەکان، لە خشتەی (5) پیشەی پێش ئاوارەبونی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی(5) پیشەی پێش ئاوارەبوونی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| جۆری کار | دووبارەبۆوە | ڕێژەی سەدی% | پلە |
|---|---|---|---|
| کاری سەربەخۆ | 121 | %28.95 | دووەم |
| فەرمانبەر ی میری | 96 | %22.97 | سێیەم |
| فەرمانبەری کەرتی تایبەت | 29 | %6.94 | چوارەم |
| بێکار | 172 | %41.15 | یەکەم |
| کۆ | 418 | %100 | |

لەم خشتەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە (41.15%) بێکاربوون، ئەمەش جێگای سەرنجە ئەوەمان پێدەڵێت کە ئاوارەکانی نێو کەمپەکان زیاتر لە چینی هەژار و بێکارن و ئەوانەی کەباری ئابورییان باش بووە لەکاتی ئاوارەبووندا نەچوونەتە نێو کەمپەکان و لەنێو شارەکاندا شوێنی نیشتەجێبونیان بۆخۆیان دابین کردووە.

**ج- باری خێزانی:**

باری خێزانی تاکەکان کاریگەری هەیە لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان، ڕەنگە کەسێکی سەڵت هەستی لێپرسراوێتی کەمتر بێت، بتوانێت سەربەستانە تر بڕیاربدات و ڕفتاربکات وەک لە کەسێکی خێزاندار یان جیابۆوە، لە خشتەی (6) باری خێزانی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە ڕوون کراوەتەوە.

**خشتەی (6) باری کۆمەڵایەتی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| باری کۆمەڵایەتی | دووبارەبۆوە | ڕێژەی سەدی% | پلە |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەڵت | 52 | %12.44 | دووەم |
| خێزاندار | 312 | %74.64 | یەکەم |
| تاک مردوو | 39 | %9.33 | سێیەم |
| جیابۆوە | 15 | %5.59 | چوارەم |
| کۆ | 418 | %100 | |

ئەوەی لەم خشتەیەدا جێگای سەرنجە، لە(74.64%)ی بەشداربووانی توێژینەوەکە خێزاندارن، واتا بەرپرسیارێتی خێزانیان لە ئەستۆدایە و وابەستەی چەندین ئەرکن سەبارەت بەخێزانەکانیان، هەر ئەم هۆکارەش بێت وای لێردون بەدوای پەناگادا بگەڕێن و لەنێو کەمپەکاندا جێگیربن.

**ح- ژمارەی منالْ:**

بوونی منالْ لە ژیانی تاکدا بەتەواوی کاریگەری هەیە بەهۆی ئەوەی لە هەر دۆخێکدا ناتوانێت تاک لایەنانە بڕیاربدات بە شێوازێک کە هەر خۆی بێت بەتەنها بەڵکە بوونی زۆر و کەمی منالێش هەست بە لێپرسراوێتیکەی زیاتر دەکات، لە خشتەی (7) ژمارەی مندالْ لای یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

خشتەی(7) ژمارەی مندالْ لای یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژمارەی مندالْ | دووبارەبۆوە | ڕێژەی سەدی٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| سفر | 63 | %15.07 | چوارەم |
| 1-3 | 90 | %21.53 | دووەم |
| 4-6 | 191 | %45.69 | یەکەم |
| 7- زیاتر | 74 | %17.70 | سێیەم |
| کۆ | 418 | %100 | |

**خ- نەتەوە:**

کە چەندان نەتەوە و نژادی جۆراو جۆر لە عێراق و کوردستان دەژین و بوونیان هەیە*.

---

* نەتەوەی کورد کۆنترین گروپە لە هەرێمدا نیشتەجێ بووبێ و ساڵی (431پ.ز) لە کتێبی (لەشکرکێشی دەهەزار سوارە)ی زەینەفۆن بە شێوەی کاردۆخییەکان ناویان هاتووە. (خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دابەشبوونی جوگرافی نەتەوەی کورد لە عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە 2، تەمووزی 1993، ل18-19)

نەتەوەی عەرەب تا هەزارەی یەکەمی پێش زاین هیچ بەڵگەیەک لەسەر بونی عەرەب لە عێراقدا نیە، لەسەدەی 9ی پێش زایندا بۆ یەکەم جار ناوی عەرەب یان شتێکی لەو بابەتە لە نوسینە ئاشورییەکاندا بەرچاو دەکەوێ، ئەویش بەمانای شێخ نشینی ناوچەکانی بیابانی سەر سنوری سوریا. (ئەحمەد سوسە، تاریخ حضارة وادی الرافدین، ج2، دار الحریة للطباعة، بغداد، 1983، ص125.) هەڵکشانی عەرەب بۆ سەر عێراق لەسەردەمی فەتحی ئیسلامدا لەسەدەی حەوتەمی زاینی دا گەورەترین رووداوە سەبارەت بە پێکهاتەی ڕەگەزی دانیشتوانی عێراق. (جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی، 1999، ل177)

ڕیشەی تورکمانی عێراق دەچێتەوە سەر گروپە خێڵە تورکە ڕەشماڵ نشینەکانی ناوەڕاستی ئاسیا لە نێوان دەریای قەزوین و سنوری ڕۆژئاوای چین، بە پێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنەکەی کۆمەڵەی گەلان بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ دەرکەوتووە کە هەموو ئەو تورکانەی کالەسەدەی یانزەهەمی زاینی دا لە ڕوباری جیحۆن پەڕیونەتەوە

خشتەی(8) نەتەوەی ئاوارەکانی نێو کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی خراوەتەڕوو.

**خشتەی(8) نەتەوەی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە**

| نەتەوە | دووبارەبۆوە | ڕێژەی سەدی% | پلە |
|---|---|---|---|
| کورد | 116 | %27.76 | دووەم |
| عرب | 267 | %63.88 | یەکەم |
| تورکمان | 28 | %6.70 | سێیەم |
| هیتر | 7 | %1.67 | چوارەم |
| کۆ | 418 | %100 | |

لە خشتەی (8) دەرکەوتووە کە، زۆرترین ژمارە لە خێزانە ئاوارەکان کە ڕێژەی (%63.88) نەتەوەی عەرەبن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە ڕوداوو کارەساتەکان زیاتر لەو ناوچانەی عێراقدا ڕوویانداوە کە زۆرینەی دانیشتوانەکانیان لە نەتەوەی عەرەبن.

**د- ئاین*:**

بەو پێیەی کە ئاین لە توخمە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵە، چەندین ئاین لەناو دانیشتوانی عێراق بەتایبەت کوردستان بوونی هەیە، جگە لە ئاینی ئیسلام، مەسیحی وەک ئەرمەن و ئاشوری و کلدان و پەیڕەوانی دینی ئێزیدیش بە تایبەت لە پارێزگای نەینەوا لە هەرێم دا نیشتەجێن. خشتەی (9) ئاینی پەیڕەوکراو لای یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی (9) ئاینی پەیڕەوکراو لەلایەن نمونەی توێژینەوەکەوە**

| ئاین | دووبارەبۆوە | ڕێژەی سەدی% | پلە |
|---|---|---|---|
| ئیسلام | 301 | %72 | یەکەم |
| مەسیحی | 36 | %8.61 | سێیەم |
| ئێزیدی | 78 | %18.66 | دووەم |
| کاکەیی | 3 | %0.72 | چوارەم |
| کۆ | 418 | %100 | |

---

بونەتە موسڵمان بە تورکمان ناسران. (جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی، 1999، ل187)

* ئاینی ئێزیدی یاخود یەزدانی یەکێکە لە کۆنترین ئاینەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی گشتی، ئەم ئاینە پێش چەندەها هەزارساڵ لە ناوچەی دۆڵی رافدەین سەری هەڵداوە ،تاوەکو ئێستا (73)جار گوشاریان خراوەتە سەر و شاڵاوی بنبڕکردن و لەناوبردنیان بۆ دەرکراوە و ژنانیشیان بە کەنیزە براون، کۆتا فەرمان دوای ئەوەی داعش لەمانگی حوزەیرانیساڵی 2014 شاری موسڵی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە دەستی و گرت بەسەر ئێزیدییەکاندا بۆئەوەی دینی خۆیان بگۆڕن، نزیکترین بۆچون لە ڕاستی یەوە ئەوەیە کە ئێزیدییەکان دەباتەوە سەر دینی زەردەشت و پێیان وایە ئێزیدییەکان جگە لە دینی زەردەشت هەندێ بیروباوەڕی پێش دینی زەردەشتیان هەیە.

لە خشتەی (9) دەردەکەوێت (72%) یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە پەیڕەوانی ئاینی ئیسلامن، دیارە کە ئیسلام ئاینی زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەیە کە ڕوداوو و کارەساتیان تێدا

| پلە | ڕێژەی سەدی% | دووبارەبۆوە | مەزهەب |
|---|---|---|---|
| سێیەم | %22.49 | 94 | شیعە |
| یەکەم | %49.52 | 207 | سوننە |
| دووەم | %27.99 | 117 | هی تر |
| | %100 | 418 | کۆ |

ڕویداوە،هەروەها(8.61%) مەسیحین، (18.66%) ئێزیدین، (0.72%) کاکەیین.

**ژ- ئایینزا(مەزهەب):**

لە ئاینی ئیسلامدا دوو مەزهەبی دیار هەن کە (سوننی مەزهەب و شیعی مەزهەب)ن لە ئاینەکانی تریش مەزهەبی تر بوونیان هەیە، خشتەی (10) مەزهەبی پەیڕەوکراو لای یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی (10) مەزهەبی سامپڵی توێژینەوەکە**

شایانی ئاماژەیە ئاینزای نزیکەی نیوەی موسوڵمانان کە ئاوارە بوون (سوننەن) کە زیاتر دانیشتووی ناوەڕاست و باکوری عێراقن.

**سێیەم: سنوری توێژینەوە**

1-بواری شوێن: کە سنوری جوگرافی توێژینەوەکەیە بریتییەلە کەمپی ئاوارەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی و پێکهاتوون لە کەمپی (عەربەت، بەرزنجە، سیتەک، کەلار، چوارچرا).
2-بواری مرۆیی: سەرجەم ئەو ئاوارانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان (18)ساڵ و زیاترە لە هەموو چین و توێژ و ئاستە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری و ئاین و مەزهەب و نەتەوەن لە کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی نیشتەجێکراون.
3-بواری (کات): بواری کاتی ئەم توێژینەوەیە، کراوەیە و لەسەرەتای ئاوارەبوونەکەوە دەستپێدەکات.
4-بواری بابەت: ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و شڵەژانی پاش هێدمە (PTSD) دەگرێتەوە.

**چوارەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

بۆ کۆکردنەوەی داتا وزانیاری لەسەر هەر توێژینەوەیەکی زانستی پێویستە کەرەستە و ئامرازی شیاو و گونجاو بەکاربهێنرێت، بەکارهێنانی ئەو کەرەستە و ئامرازانە دەوەستێتە سەر جۆری بابەت و ئامانجی توێژینەوەکە، لێرەدا جۆری ئەو ئامرازانە دەخەینە ڕوو، بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە سودیان لێوەرگیراوە سوودیان لێوەرگیراوە.

1.فۆڕمی ڕاپرسی: ئامرازێکه بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی بابەتی توێژینەوە لە ڕێگەی فۆرمێکی دیاریکراو کە چەند پرسیارێک لەخۆ دەگرێت، کەبە شێوەیەکی گونجاو پێکەوە گرێ دراون، دابەش دەکرێت لەسەر کەسانی دیاریکراو بۆ بەدەستهێنانی زانیاری. (علیان، ربحي مصطفی, 2004، ل76)

لەم توێژینەوەیەدا دوو بەگۆڕمان هەیە کە ڕاگەیاندن و شڵەژانی پاش هێدمەیە بۆیە بۆ زانینی پەیوەندی نێوانیان بە سودوەرگرتن و لەبەر ڕۆشنایی پێناسە و نیشانەکانی شڵەژانی پاش هێدمە زانیارییە تیۆریەکانی تایبەت بە بابەتەکە و توێژینەوەکانی پێشوو، هەروەها بە پشتبەستن بە پێوەری پزیشکی دەروونی پۆلێنی (DSM-IV)، هەندێک لە زانیارییەکانی نێو پێوەرەکەمان داڕشت، بە باشمان زانی پێوەرێکی تایبەت ئامادەبکەین بەو نەخۆشییە دەروونییە لەو ڕووانگەیەوە کە پێوانەی نیشانەکانی هێدمە دەکات پاش کارەساتەکە لەبەر بوونی پێوەری جۆراوجۆر و جیاواز لە ڕووی زمان و ژینگە و ئەو مەبەستەی بۆی بەکارهێنراوە، توێژەر پێوەرێکی لەو پێوەرانە بە زمانی کوردی ئامادەکرد بە شێوەیەک وردەکاری دیاردەکە پێوانە بکات، پاشان بۆ زانینی راستی وەرگێران لە ڕێگەی پسپۆرانی زمانی عەرەبییەوەکرایەوە بە عەرەبی بەهۆکاری جیاوازی زمان لەناو یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا زاڵی یاخود باوی و بڵاوی زمانی عەرەبی بە هۆکارە جۆربەجۆرەکانەوە لەلایان، پاشان پێوەرێک ئامادەکراو شێوازی (لیگەرت)ی تێدا پەیڕەوکرا، دواجار پرسیار و بڕگەکانی نێو پێوەرەکەمان بەم شێوەیە داڕشت:

ا-گۆڕاوەکان کە بریتی بوون لە (5)گۆڕاو.

ب-پرسیاری داخراو و کراوە، کە بریتی بوون لە(19) پرسیار و تەرخان کرابوو بۆ زانیاری تایبەت بە تەوەرەکانی یەکەمی توێژینەوەکە.

ت-پێوەری چواری لیگەرت* (هەمووجار، هەندێ جار، کەم جار، هیچجار) بریتی بوون لە (56)بڕگە و تەرخان کرابوون بۆ بیروبۆچوونی یەکەکانی توێژینەوەکە سەبارەت تەوەری دووەم و سێیەم و چوارەمی توێژینەوەکە.

بەو شێوەیەی کەلە پاشکۆی (1) دا خراوەتە ڕوو، فۆڕمی توێژینەوەکە لە (75) پرسیار و بڕگەدا ئامادەبوو بۆ هەڵسەنگاندن و ئاڕاستەی پسپۆران لە بوارەکانی (ڕاگەیاندن، دەروونناسی، کۆمەڵناسی) کرا.

توێژەر لە هەڵبژاردنی بڕگە و پرسیارەکانی توێژینەوەکەدا ڕەچاوی چەند خاڵێکی کردووە کە ئەمانەن:

-ڕوونی ناوەڕۆکی بڕگەکانی لەگەڵ وەڵامدەرەکاندا بگونجێت.

-هەر بڕگەیەک یەک بیرۆکە بگرێتە خۆی.

-بڕگەکان کورت و بێزاری دروست نەکەن. (الروبعي، عبد الجلیل، 1981، ل69)

---

* پێوەری لیگەرت: ئەم پێوەرە لەسەر بنەمای پێوانەی ڕێبەندکراوی ڕەهەندی جێگیر دادەمەزرێت، واتە هەبوونی نمرەی پێوانەیی خاوەن ڕەهەندی شوێنی یان کاتی یان مادی نەگۆڕ و زنجیرەیی بە شێوەیەکی سیستماتیکی، بۆیە ئەم پێوەرە لەگەڵ پێوەری پێوانەیی زارەکی بەکار نایەت، ئامانجی بنەرەتی ئەم پێوەرە بریتیە لە دیاریکردنی ئاراستەی رای ئەو تاکانەی توێژەر دەیەوێت پێوانەی بکات، یان بەدەرخستنی ڕەهەندەکانی فاکتیکی کۆمەلایەتی دیاریکراو. (مەعن خەلیل عومەر، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، و: محەمەد شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2011، ل 343-344)

بۆ دڵنیابوون لە ڕوونی و ئاشکرایی بڕگەکان و دیاریکردنی کەم و کوڕی و ئاڵۆزی لە بڕگەکاندا توێژەر تاقیکردنەوەیەکی بەرایی ئەنجامدا بە جێبەجێکردنی پێوەری توێژینەوەکە لەسەر ژمارەیەک لە یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە کە ڕێژەیان (20) ئاوارە بوو لە خوێندەوار و نەخوێندەوار، دەرکەوت پرسیارەکان بەلایانەوە ئاشکرایە و ماوەی وەڵام دانەوە وەک چاوپێکەوتن بەهۆکاری ئەوەی زۆرێک نەخوێندەواربوون و توێژەر ڕوونکردنەوەی بۆ دەکردن وە وەک وەڵامدانەوەی نووسین نزیکەی (35) خولەک دەبوو.

ئەم پرسیار و بڕگانە بە پێی ئامانجی توێژینەوەکە لە چوار تەوەردا ڕێکخران:

**تەوەری یەکەم:** ناسینی بەرتوێژانی توێژینەوەکە زانینی جۆری ئەو کارەساتانەی کە تووشی ئاوارەکان بووە بە پێی دۆخەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، پیشەی پێش ئاوارەبوون، باری کۆمەڵایەتی، ژمارەی منداڵ، نەتەوە، ئاین، مەزهەب).

**تەوەری دووەم:** ئاستی پشتبەستن و پەیوەستبوونی وەرگر(بەرتوێژانی توێژینەوەکە)بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کاتی جەنگ و ڕووداوەکاندا و کاریگەری لەسەر ڕێژەی شڵەژانی پاش هێدمە..

**تەوەری سێیەم:** زانینی ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە لای بەرتوێژانی توێژینەوەکە.

**تەوەری چوارەم:** زانینی ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە لای بەرتوێژانی توێژینەوەکە.

**پێنجەم: مەرجە سایکۆمترییەکانی ئامرازی توێژینەوە:**

ا-ڕواڵەتە ڕاستی Face Validity: توێژەر ڕاستی ڕواڵەتی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستی فۆڕمی ڕاپرسییەکەی بەکارهێناوەبۆ ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هێورکرددنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە بۆ ئاوارەکانی شەڕی داعش لە پارێزگای سلێمانی بە نموونە، بەر لەوەی ئەو فۆڕمە بکرێتە بنەمای کارکردن دوای ئامادەکردنی پێوەرەکە کەلە (75) پرسیار و بڕگە پێکهاتبوو، بەوشێوەیەی کەلەپاشکۆی (1)دا خراوەتە ڕوو بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردن و ڕێکخستن و شەن و کەوکردنی بڕگەکان، فۆڕمەکە ئاڕاستەی ژمارەیەک لە پسپۆڕان و شارەزای بوارەکانی ڕاگەیاندن، دەروونناسی و کۆمەڵناسی کرا، ئەو پسپۆڕ و شارەزایانەی فۆڕمەکەیان بینیوە چەند تێبینییەکیان بۆ فۆڕمەکە زیادکردووە کە زیاتر جەختیان لە کورتکردنەوەی بڕگەکان و لابردنی ژمارەیەکی کەمی ئەو بڕگانە کردۆتەوە پاشان بڕگەکان ڕێکخراون و فۆڕمەکە لە شێوەی کۆتاییدا ئامادەکراوە کە تێکڕای ڕەزامەندی پسپۆڕان لەسەر پرسیار و بڕگەکانی نێو پرسیارنامەکە گەیشتە (92%) کە ڕێژەیەکی گونجاوە بۆ پشتبەستن پێی بۆ دەرخستنی زانیاری لەبارەی بابەتی توێژینەوەکە وەک لە خشتەی (11) ڕوون کراوەتەوە.

**خشتەی (11) هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان بۆ پێوەرەکە ڕوون دەکاتەوە**

| ژمارەی بڕگەکان | پسپۆڕەکان | | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| | پەسەندکراو | پەسەندنەکراو | %100 |
| 75 | 69 | 6 | |
| کۆی گشتی | %92 | %8 | |

ژمارەی تەواوی پرسیارەکانی پێوەر (75) پرسیار
ژمارەی پسپۆران = (13)
بەم شێوەیە کۆی گشتی پرسیارەکان(ژمارەی پرسیارەکانی پێوەر * ژمارەی پسپۆران)
975 = (13 * 75)
ژمارەی پرسیارە دروستەکان= 69، ژمارەی پرسیارە نادروستەکان =6
897=13*69
ڕاستی گشتی پێوەر = کۆی گشتی پرسیارە دروستەکان / کۆی گشتی پرسیارەکانی پێوەر *100
%92= 100 * 75 / 69
%92=100*975/897

**ڕاستی وەرگێڕان:**

زۆرجار توێژەران بۆکۆکردنەوەی زانیاری، پەنادەبەنە بەر ئامرازێکی ئامادەکراو، بەومەرجەی ئەو ئامرازە تەواوی خەسڵەتەزانستییەکانی تێدابێت، ڕەنگە ئەو ئامرازە پێوەرێکی جیهانی بێت و بۆ زمانە زیندووەکان وەرگێڕدرابێت، لەلایەن توێژەرانی نەتەوە جیاوازەکانەوە بەکارهێنرابێت. (بۆکانی, 2016، ل175) بۆ ئەو مەبەستە پشتمان بەست بە پێوەرێکی جیهانی تایبەت بە قیاسکردنی شڵەژانی دەروونی پاش هێدمە (PTSD) بەست. سەرەتا لەلایەن وەرگێڕێکی* پسپۆڕ لە زمانی عەرەبی کرا بە کوردی پاشان قۆناغی دووەم وەرگێڕی دووەم لە زمانی کوردییەوە پێوەرەکەی گێڕایەوە سەر زمانی عەرەبی، پاشان هەردوو پێوەرەکە بە زمانی عەرەبی سەرەکییەکەو وەرگێڕدراوەکە، بە مەبەستی بەراووردکردن، لەلایەن سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەوە بینرا، بەو پێیەش کە هیچ جیاوازییەک نەبوو وە لە ڕووی ماناوە لەیەکەوە نزیکبوون، پاشان توێژەر فۆڕمەکەی بەزمانی عەرەبی بەسەر یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا دابەشکرد، بەهۆکاری ئەوەی زۆربەی ئاوارەکان شارەزای زمانی عەرەبین.

**ب- جێگیری:**

بەمەبەستی دەرهێنانی جێگیری ئامرازی توێژینەوە شێوازی دووبارە تاقیکردنەوە ( Test Retest Reliability) بەکار هێنراوە بە مەبەستی دەستنیشانکردنی پەیوەندی وەڵامەکان لە نێوان دابەشکردنی یەکەم تاقیکردنەوەی پێوەرەکە کە بە سەر (40) یەکە لە نمونەی توێژینەوەکە بە هەڕەمەکی دابەش کرابوو، لەگەڵ دووەم تاقیکردنەوەی پێوەرەکە کە دوای (20) ڕۆژ لەسەر هەمان ئەو (40) یەکەیە دابەش کرابۆوە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی پەیوەستی (پێرسۆن)، دەرکەوت کە جێگیری لە وەڵامەکانی تاکەکاندا بە ئاستی (0.92) کە ئەمە نیشاندەری بوونی پەیوەستێکی باشە لە نێوان وەڵامەکانی تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەمی پێوەرەکەدا.

**2- تێبینیکردنی سادە:** تێبینیکردن یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری، بریتییە لە تێبینیکردنی بابەتیانە و مەبەستدار، توێژەر لە ڕێی هەستەکانی بینین و بیستنەوە سەرنج دەدات بەبێ ئەوەی پشت بەراوبۆچوونی کەسەکە ببەستێت و زانیاری وەڵامدەر لە ڕێیدانپێدانان و دەربڕینی

* وەرگێری یەکەم پ. ی. بێستوون علی کەریم، شریعة – زانکۆی سلێمانی، وارگێری دووەم پ. ی. د. ئیدریس کریم، کۆلێژی زمان بەشی عەرەبی زانکۆی سلێمانی.

خۆییەوە کۆبکرێتەوە، هەروەک لە چاوپێکەوتن و فۆرم و پێوەردا هەیە. (بۆکانی, سەرچاوەی پێشوو، ل169)

**3-چاوپێکەوتن:** توێژەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری چاوپێکەوتنی کەسی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کەسانی پسپۆر و شارەزا لە بوارەکەدا ئەنجام داوە.

**شەشەم: ئامرازە ئامارییەکان**

پاش کۆکردنەوەی فۆرمەکان لەلایەن توێژەرەوە، توێژەر هەستاوە بە پۆلێنکردن و جیاکردنەوە و ڕێکخستن و شیکردنەوەی زانیارییەکانی پێوەر بۆ ئەم مەبەستەش بەرنامەی ئاماری ( SPSS) (Statistical Package For The Social Sciences) بەکارهێناوە بەهۆی کۆمپیوتەرەوە بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ئامراز و یاسا و هاوکێشە کەلەبەرنامەکەدا بەردەستن.بەمەبەستی شیکردنەوەی داتا و زانیارییە بەدەستهاتووەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە و گۆڕینی ئەو داتا و زانیاریانە بۆ ژمارە سوود لە چەند ئامرازێکی ئاماری وەرگیراوە کە بریتین لە:

1-ئامرازە وەسفییەکان(Descriptive) / (دووبارەبووەکان، ڕێژەی سەدی، ناوەندە ژمێرەیی، لادانی پێوەری، ناوەندی گریمانەیی)

٥) (المصدر نفسه، ص١٧٤)

-ڕێژەیی سەدی= $\frac{\text{بەش} \times 100}{\text{گشتی کۆی}}$ (چلبي, 1989, ل189 )

- ناوەندەژمێرەیی س= $\frac{\text{مجـس}}{\text{ن}}$ (ملحم،2005،ل167)

- لادانی پێوەری ع= $\sqrt{\frac{\text{مجـ}(\text{ح2ك})}{\text{مجـك}}}$

2-ئامرازە ئاماژەدارییەکان(Constructive) (ئاستی ئاماژەداری)بەڵگەداری، ناوەندی گریمانەیی، بەهای ئەگەری، نمرەی ئازادی، هاوکێشەی سامپڵە سەربەخۆکان ( Independent Samples T test)بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان کۆمەڵە جیاوازەکان.

-هاوکێشەی پەیوەستی بیرسۆن:ڕ= $\frac{\text{ن}\sum\text{س ص}-(\sum\text{س})(\sum\text{ص})}{\sqrt{\left(\text{ن}\sum\text{س2}-(\sum\text{س})2\right)\left(\text{ن}\sum\text{ص2}-(\sum\text{ص})2\right)}}$

-هاوکێشەیی پەیوەستی سپێرمان براون: $\frac{6\times\text{مج ف2}}{\text{ن}(\text{ن2}-1)}$

-تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نموونەی یەکسان لە قەبارەدا (T.test) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی بیروبۆچوونی یەکەکان لە تەوەرەکانی توێژینەوەکە.

-ناوەندی ژمارەیی سەنگکراو (امین، السامرائي،2001 ،ل182-184)

(ت1*5)+(ت2*4)+(ت3*3)+(ت4*2)+(ت5*1)

-----------------------------------

ن

-ت=دووبارەکانی برگەکان(التكرارت)

-ن=ژمارەی گشتی یەکەکانی نمونەکە

3-هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ (Cranach's alpha ) بۆ جێگیریی بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی.
هەڵسەنگاندنی هەر بڕگەیەک بە پێی ئەم پێوەرەی خوارەوە بووە:

| هەمووجار | هەندێ جار | کەم جار | هیچ جار |
|---|---|---|---|
| 4 | 3 | 2 | 1 |

لە کاتێکدا سەنگی وەڵامی هەر بڕگەیەکی چواری لیگەرت بەم شێوەیەی خوارەوە بوو* (هەر بڕگەیەک کە ناوەندی بۆ دەرهێنراوە، بەراورد کراوە بە هێزی ئەو کێشانەی لەسەرەوە دیاری کراون، بەمەبەستی زانینی ئاستی هێزەکەی، کە ئایا (لاوازە یان ناوەندە یاخود بەهێزە) واتە ئەو کێشانە پێوەرن بۆ وەڵامەکان.

# بەشی چوارەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی زانیارییەکان

**باسی یەکەم: خستنە ڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و گفتوگۆکردنیان**

**باسی دووەم: دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان**

**یەکەم: دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە**

**دووەم: ڕاسپاردەکان**

**سێیەم: پێشنیازەکان**

## بەشی چوارەم: خستنەڕووی زانیارییەکان و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕونکردنەوەیان

لەم بەشەدا ئەنجامەکان بە پێی زانیاری سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکەو ئامانجەکانی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو پاشان بە پشتبەستن بە چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو، گفتوگۆی ئەنجامەکان کراوە، دواتر دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو.

### یەکەم/ زانیاری سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە:

### 1.ڕاگەیاندن و بیرهێنانەوەی ڕووداوەکە:

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەبیرهێنانەوەی ئەو کارەساتەدا کەبەسەر ئاوارەکاندا هاتووە و لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکە بەتەواوی ڕەتدەکەنەوە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو و نەرێنی هەبووە لە نوێکردنەوەی زام و ئازاری ئاوارەکاندا. بۆ زانیاری فراوانتر، بڕوانە خشتەی (12).

خشتەی (12) ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بیرهێنانەوەی ڕووداوەکەدا

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 82 | 20 | 76 | 18 | 158 | 38 | یەکەم |
| هەندێجار | 45 | 11 | 60 | 14 | 105 | 25 | دووەم |
| کەمجار | 33 | 8 | 37 | 9 | 70 | 17 | چوارەم |
| هیچجار | 30 | 7 | 55 | 13 | 85 | 20 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 190 | 46 | 228 | 54 | 418 | 100 | |

### 2. ڕاگەیاندن و شپرزەبوون

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە شپرزەبوونی ئاوارەکان و لە پلەی یەکەمدان، دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکان لە یەک ئاستدان کە پلەی سێیەمە، پێکهاتوون لە ئەگەرەکانی (کەمجار و هیچجار)، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو و نەرێنی هەبووە لە زیاتر شپرزەبوونی ئاوارەکاندا. بۆ زانیاری فراوانتر، بڕوانە خشتەی (13).

خشتەی (13) ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە شپرزە بووندا

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 39 | 9 | 68 | 16 | 107 | 26 | دووەم |
| هەندێجار | 50 | 12 | 69 | 17 | 119 | 28 | یەکەم |
| کەمجار | 55 | 13 | 40 | 10 | 95 | 23 | سێیەم |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هیچجار | 46 | 11 | 51 | 12 | 97 | 23 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 190 | 45 | 228 | 55 | 418 | 100 | |

**3.ڕاگەیاندن و کەمکردنەوەی بینینی خەوی ناخۆش**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاوی نەبووە لە کەمکردنەوەی بینینی خەوی ناخۆشی تایبەت بەو کارەساتەی کەبەسەر ئاوارەکاندا هاتووە و لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بە کەمکردنەوەی بینینی خەوی ناخۆشی ڕووداوەکە بەتەواوی ڕەتدەکەنەوە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو و نەرێنی هەبووە لە زیادکردنی نیشانەکانی شڵەژانی پاش هێدمە لای ئاوارەکان. بۆ زانیاری فراوانتر، بڕوانە خشتەی (14).

خشتەی (14) ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کەمکردنەوەی بینینی خەوی ناخۆشی تایبەت بە ڕووداوەکە

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەند بارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەند بارە | ٪ | |
| هەمووجار | 26 | 6 | 33 | 8 | 59 | 14 | چوارەم |
| هەندێ جار | 31 | 7 | 40 | 10 | 71 | 17 | سێیەم |
| کەم جار | 53 | 13 | 69 | 16 | 122 | 29 | دووەم |
| هیچ جار | 80 | 20 | 86 | 20 | 166 | 40 | یەکەم |
| کۆ | 190 | 46 | 228 | 54 | 418 | 100 | |

**4.ڕاگەیاندن و کاریگەری لەسەر چالاکی و پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاوی نەبووە لە بوونی کاریگەری ئەرێنی سەر چالاکی پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکانی ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی کردۆتە سەر چالاکی و پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکاندا ڕەتدەکەنەوە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو و نەرێنی هەبووە لەسەر ئاوارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. بۆ زانیاری فراوانتر، بڕوانە خشتەی (15).

خشتەی(15) ڕۆڵی ڕاگەیاندن کە کاریگەری ئەرێنی کردۆتە سەر چالاکی و پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکاندا

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 35 | 8 | 37 | 9 | 72 | 17 | سێیەم |
| هەندێ جار | 32 | 8 | 26 | 6 | 58 | 14 | چوارەم |
| کەم جار | 71 | 17 | 76 | 18 | 147 | 35 | یەکەم |
| هیچ جار | 52 | 13 | 89 | 21 | 141 | 34 | دووەم |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | 190 | 46 | 228 | 54 | 418 | 100 | |

**5.ڕاگەیاندن و هەستی دوورەپەرێزی**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاوی نەبووە لە بوونی کاریگەری ئەرێنی بەسەر بوونی هەستی دوورەپەرێزی لای ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی کردۆتە سەر کەمکردنەوەی هەستی دوورەپەرێزی ڕەتدەکەنەوە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو و ئەرێنی هەبووە لەسەر ئاوارەکان بۆ چارەسەرکردنی نیشانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکانیان. بۆ زانیاری فراوانتر، بڕوانە خشتەی (16).

خشتەی(16) ڕۆڵی ڕاگەیاندن کە هەستی دوورەپەرێزی بۆ سامپڵی توێژینەوەکە زیاد کردووە

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 69 | 17 | 72 | 17 | 141 | 34 | دووەم |
| هەندێ جار | 60 | 14 | 101 | 24 | 161 | 39 | یەکەم |
| کەم جار | 31 | 7 | 29 | 7 | 60 | 14 | سێیەم |
| هیچ جار | 30 | 7 | 26 | 6 | 56 | 13 | چوارەم |
| کۆ | 190 | 45 | 228 | 55 | 418 | 100 | |

**6.ڕاگەیاندن و بەخشینی ئارامی**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاوی نەبووە لە بوونی کاریگەری ئەرێنی لە بەخشینی ئارامی بۆ ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی کردۆتە سەر درووستبوونی هەستی بەخشینی ئارامی ڕەتدەکەنەوە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو و ئەرێنی هەبووە لەسەر ئاوارەکان بۆ ئارامکردنەوەیان و دڵنەواییان. بۆ زانیاری فراوانتر، بڕوانە خشتەی (17).

خشتەی(17)ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بەخشینی ئارامی

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 30 | 7 | 10 | 3 | 40 | 10 | چوارەم |
| هەندێ جار | 34 | 8 | 40 | 10 | 74 | 18 | سێیەم |
| کەم جار | 74 | 18 | 97 | 23 | 171 | 40 | یەکەم |
| هیچ جار | 52 | 12 | 81 | 19 | 133 | 32 | دووەم |
| کۆ | 190 | 45 | 228 | 55 | 418 | 100 | |

**7.ڕاگەیاندن و شڵەژانی دەروونی**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاوی نەبووە لە بوونی کاریگەری ئەرێنی لە کەمکردنەوەی شڵەژانی دەروونی بۆ ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی کردۆتە سەر کەمکردنەوەی شڵەژانی دەروونیاندا ڕەتدەکەنەوە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو و نەرێنی هەبووە لەسەر ئاوارەکان بۆ ڕەوینەوە و هێورکردنەوەی ئەو شڵەژانە دەروونییەی کە تووشیان بووە لە ئەنجامی ئەو کارەساتانەی کە بەسەریان هاتووە. بۆ زانیاری فراوانتر، بڕوانە خشتەی (18).

خشتەی(18) ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کەمکردنەوەی شڵەژانی دەروونیدا

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 21 | 5 | 22 | 5 | 43 | 10 | چوارەم |
| هەندێ جار | 45 | 11 | 17 | 4 | 62 | 15 | سێیەم |
| کەم جار | 49 | 12 | 69 | 16 | 118 | 28 | دووەم |
| هیچ جار | 75 | 18 | 120 | 29 | 195 | 47 | یەکەم |
| کۆ | 190 | 46 | 228 | 54 | 418 | 100 | |

**8.ڕاگەیاندن و زیادکردنی زانیاری و ئاگایی لەسەر ڕووداو و کێشەکان**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاوی نەبووە لەسەر زیادکردنی زانیاری و ئاگایی لەسەر ڕووداو و کێشەکان لای ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی کردۆتە سەر زیادکردنی زانیاری و ئاگایی لەسەر ڕووداو و کێشەکاندا ڕەتدەکەنەوە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو و نەرێنی هەبووە لەسەر پێدانی زانیاری و گەیاندنی پەیامەکانی کە لە پێداویستی ئاوارەکاندابێت و بووبێتە هۆی تێربوونیان لە وەرگرتنی زانیارییەکانی تایبەت بەوان. بۆ زانیاری فراوانتر، بڕوانە خشتەی (19).

خشتەی(19)ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەسەر زیادکردنی زانیاری و ئاگایی لەسەر ڕووداو و کێشەکاندا

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 36 | 9 | 11 | 3 | 47 | 11 | چوارەم |
| هەندێ جار | 40 | 9 | 39 | 9 | 79 | 19 | سێیەم |
| کەم جار | 67 | 16 | 107 | 26 | 174 | 42 | یەکەم |
| هیچ جار | 47 | 11 | 71 | 17 | 118 | 28 | دووەم |
| کۆ | 190 | 45 | 228 | 55 | 418 | 100 | |

**9.ڕاگەیاندن وەک چاودێر بەسەر کێشە و گرفتەکان**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاوی نەبووە کە بوبێتە چاودێر (رەقیب) بەسەر کێشەو گرفتەکانی ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە کە وەک چاودێر ڕۆڵی بینیوە ڕەتدەکەنەوە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو و ئەرێنی هەبووە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا وەک میدیایەکی نیشتمانی وهەست بەلێپرسراوێتی سەبارەت بە ئاوارەکان و ئەو پرسە گرنگەیان. بۆ زانیاری فراوانتر، بڕوانە خشتەی (20).

خشتەی (20) رۆڵی راگەیاندن کە بۆتە چاودێر (رەقیب) بەسەر کێشەو گرفتەکاندا

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 18 | 4 | 14 | 3 | 32 | 7.6 | چوارەم |
| هەندێ جار | 49 | 12 | 29 | 7 | 78 | 18.6 | سێیەم |
| کەم جار | 63 | 15 | 95 | 23 | 158 | 37.7 | یەکەم |
| هیچ جار | 60 | 14 | 90 | 22 | 150 | 36 | دووەم |
| کۆ | 190 | 45 | 228 | 55 | 418 | 100 | |

**10.ڕاگەیاندن و بەشداربوون لە پێشکەشکردنی هاوکاری و پشتیوانیی ناوخۆیی و دەرەکی**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاوی نەبووە لە بەشداربوون لە پێشکەشکردنی هاوکاری و پشتیوانیی ناوخۆیی و دەرەکیدا سەبارەت بە ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە پێشکەشکردنی هاوکاری ناوخۆیی و دەرەکیدا ڕەتدەکەنەوە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو و ئەرێنی هەبووە کە نەیتوانییوە بەشێوەیەکی بەرچاو رۆڵێکی گەورە ببینێت کە هاوکاری و پشتیوانییەکانی بۆ ئاوارەکان لەسەر ئاستی دەرەوە و ناوخۆیدا لە ئاست گەورەیی ڕەوش و دۆخ و قەبارەی کارەساتەکەدابێت. بۆ زانیاری فراوانتر، بڕوانە خشتەی (21).

خشتەی(21) رۆڵی راگەیاندن لە بەشداربوون لە پێشکەشکردنی هاوکاری و پشتیوانیی ناوخۆیی و دەرەکیدا

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 58 | 14 | 80 | 19 | 138 | 33 | دووەم |
| هەندێ جار | 81 | 19 | 98 | 23 | 179 | 43 | یەکەم |
| کەم جار | 33 | 8 | 40 | 10 | 73 | 17 | سێیەم |
| هیچ جار | 18 | 5 | 10 | 2 | 28 | 7 | چوارەم |

| ئەگەرەکان | نێر چەندبارە | نێر % | مێ چەندبارە | مێ % | کۆ چەندبارە | کۆ % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | 190 | 46 | 228 | 54 | 418 | 100 | |

**11.ڕاگەیاندن و وروژاندنی هەست و سۆز**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە کە بۆتە هۆی وروژاندنی هەست و سۆز، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری نەرێنی هەیە لە وروژاندنی هەست و سۆز پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو و ئەرێنی هەبووە کە توانییەتی بەشێوەیەکی بەرچاو رۆڵێکی گەورە ببینێت لە ڕووی ویژدانییەوە کاریگەری لەسەر ئاوارەکان بکات . بۆ زانیاری فراوانتر، بڕوانە خشتەی (22).

خشتەی (22)رۆڵی راگەیاندن کە بۆتە هۆی وروژاندنی هەست و سۆز

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 79 | 19 | 119 | 28 | 198 | 47 | یەکەم |
| هەندێ جار | 60 | 15 | 80 | 19 | 140 | 34 | دووەم |
| کەم جار | 36 | 9 | 17 | 4 | 53 | 13 | سێیەم |
| هیچ جار | 15 | 4 | 12 | 2 | 27 | 6 | چوارەم |
| کۆ | 190 | 47 | 228 | 53 | 418 | 100 | |

**12.ڕاگەیاندن و هێورکردنەوە**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن نەیتوانیوە ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە هێورکردنەوەی توڕەبوونەکان لای ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە هێورکردنەوەی توڕەبوونەکاندا پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو و نەرێنی هەبووە کە نەیتوانییوە بەشێوەیەکی بەرچاو رۆڵێکی گەورەی هەبێت لەکەمکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکانی ئاوارەکان. بۆ زانیاری فراوانتر، بڕوانە خشتەی (23).

خشتەی(23) رۆڵی راگەیاندن کە بۆتە هۆی هێورکردنەوەی تورەبوونەکاندا

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 29 | 7 | 19 | 5 | 48 | 11 | چوارەم |
| هەندێ جار | 40 | 10 | 29 | 7 | 69 | 17 | سێیەم |
| کەم جار | 45 | 11 | 71 | 16 | 116 | 28 | دووەم |
| هیچ جار | 76 | 18 | 109 | 26 | 185 | 44 | یەکەم |
| کۆ | 190 | 46 | 228 | 54 | 418 | 100 | |

**13.ڕاگەیاندن و لەیادکردنی ڕووداوەکە**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن نەیتوانیوە ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لەیادکردنی ڕووداوەکە ئەگەر بۆماوەیەکی کەمیشبێت لای ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە کەمکردنەوەی کاریگەری ڕووداوەکە و لەیادکردنی لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو و نەرێنی هەبووە کە نەیتوانییوە بەشێوەیەکی زۆر رۆڵێکی گەورەی هەبێت لەکەمکردنەوەی ئەو خەمە گەورەییەی کەبەسەر ئاوارەکانەوە جێماوە. بۆ زانیاری فراوانتر، بڕوانە خشتەی (24).

خشتەی(24) ڕۆڵی ڕاگەیاندن کەبۆتە هۆی لەیادکردنی ڕووداوەکە ئەگەر بۆماوەیەکی کەمیشبێت

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 26 | 6 | 23 | 5 | 49 | 12 | چوارەم |
| هەندێ جار | 38 | 9 | 16 | 4 | 54 | 13 | سێیەم |
| کەم جار | 69 | 17 | 99 | 24 | 168 | 40 | یەکەم |
| هیچ جار | 57 | 14 | 90 | 21 | 147 | 35 | دووەم |
| کۆ | 190 | 46 | 228 | 54 | 418 | 100 | |

**14.ڕاگەیاندن و هەستکردنەوە بە ژیان**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن نەیتوانیوە ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە دووبارە هەستکردنەوە بە ژیان (خۆشویستنەوەی ژیان) لای ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە سەرلەنوێ دروستکردنەوە و بەردەوام بوونی ژیان لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە کە نەیتوانییوە بەشێوەیەکی بەرچاو رۆڵێکی گەورەی هەبێت گەڕاندنەوەی هیواو گەشبینی بۆ ئاوارەکان. بۆ زانیاری فراوانتر، بڕوانە خشتەی (25).

خشتەی(25) ڕۆڵی ڕاگەیاندن کە بۆتە هۆی دووبارە هەستکردنەوە بە ژیان (خۆشویستنەوەی ژیان)

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 36 | 9 | 34 | 8 | 70 | 17 | سێیەم |
| هەندێ جار | 35 | 8 | 32 | 8 | 67 | 16 | چوارەم |
| کەم جار | 70 | 17 | 89 | 21 | 159 | 38 | یەکەم |
| هیچ جار | 49 | 12 | 73 | 17 | 122 | 29 | دووەم |
| کۆ | 190 | 46 | 228 | 54 | 418 | 100 | |

**15.ڕاگەیاندن و خۆکۆنترۆڵکردن**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن نەیتوانیوە ڕۆڵی هەبێت لە هاندان بۆ خۆکۆنترۆڵکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ دەورووبەر لای ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە هاوکاریکردن و پشتگیری کردنی ئاوارەکان بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی مامەڵەی ئاسایی لەگەڵ دەورووبەردا لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە کە نەیتوانییوە رۆڵێکی گەورەی هەبێت بۆ ڕێنوێیکردنی ئاوارەکان بۆ زانینی چۆنییەتی مامەڵەکردن و خۆگونجاندن لە گەڵ خودی خۆیی و دەورووبەردا. بۆ زانیاری فراوانتر، بڕوانە خشتەی (26).

خشتەی(26) رۆڵی راگەیاندن کە هاندەرە بۆ خۆکۆنترۆڵکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ دەورووبەر

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 20 | 5 | 17 | 4 | 37 | 9 | چوارەم |
| هەندێ جار | 43 | 10 | 31 | 8 | 74 | 18 | سێیەم |
| کەم جار | 59 | 14 | 87 | 21 | 146 | 34 | دووەم |
| هیچ جار | 68 | 16 | 93 | 22 | 161 | 38 | یەکەم |
| کۆ | 190 | 45 | 228 | 55 | 418 | 100 | |

**16.ڕاگەیاندن و بینینی دێوەزمەی ناخۆش(کابوس)**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن نەیتوانیوە ڕۆڵی هەبێت لە کەمکردنەوەی بینینی دێوەزمەی ناخۆش(کابوس)ی بێزارکەر لای ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە هاوکاری ئاوارەکان بۆ کەمکردنەوەی بینینی دێوەزمەی ناخۆش کە نیشانەیەکی دیاری شڵەژانی پاش هێدمەیە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە و نەیتوانییوە بەبەرنامە پەیامەکانی بڵاوبکاتەوە و ڕەچاوی لایەنی دەروونی بکات، بڕوانە خشتەی (27).

خشتەی(27) رۆڵی راگەیاندن لە کەمکردنەوەی بینینی دێوەزمەی ناخۆش(کابوس)ی بێزارکەر، بەهۆی زۆری دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکەوە

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 41 | 10 | 81 | 19 | 122 | 29 | دووەم |
| هەندێ جار | 77 | 18 | 111 | 27 | 188 | 45 | یەکەم |
| کەم جار | 46 | 11 | 19 | 5 | 65 | 16 | سێیەم |
| هیچ جار | 26 | 6 | 17 | 4 | 43 | 10 | چوارەم |

| کۆ | 190 | 45 | 228 | 55 | 418 | 100 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|

**17.ڕاگەیاندن و هەڵچوون و تووڕەبوون**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن نەیتوانیوە ڕۆڵی هەبێت لە هێورکردنەوەی هەڵچوون و تووڕەبوون لای ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە هاوکاری ئاوارەکان بۆ کەمکردنەوەی هەڵچوونەکانیان کە نیشانەیەکی دیاری شڵەژانی پاش هێدمەیە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە و نەیتوانییوە بەبەرنامە بەهۆی باسکردنی کێشەو گرفتی ئاوارەکانەوە پەیامەکانی بڵاوبکاتەوە و ڕەچاوی لایەنی دەروونی بکات، بڕوانە خشتەی (28).

خشتەی(28) ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی هەڵچوون و تووڕەبوون، بەهۆی باسکردنی کێشەو گرفتی ئاوارەکانەوە

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 37 | 9 | 73 | 17 | 110 | 26 | دووەم |
| هەندێ جار | 31 | 8 | 15 | 4 | 46 | 11 | چوارەم |
| کەم جار | 49 | 12 | 21 | 5 | 70 | 17 | سێیەم |
| هیچ جار | 73 | 17 | 119 | 28 | 192 | 46 | یەکەم |
| کۆ | 190 | 46 | 228 | 54 | 418 | 100 | |

**18.ڕاگەیاندن و هەستی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکە**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەبێت لە دروستبوونی هەستی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکە لای ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە کەمکردنەوەی هەستی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە بە هۆکاری زۆر نمایشکردنی تاوانکاری و دڕندەیی چەکدارانی داعش و دەرخستنی هێز و دەسەڵاتیان، بڕوانە خشتەی (29).

خشتەی(29) ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کەمکردنەوەی دروستبوونی هەستی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکە

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 29 | 7 | 16 | 4 | 45 | 11 | چوارەم |
| هەندێ جار | 34 | 8 | 29 | 7 | 63 | 15 | سێیەم |
| کەم جار | 68 | 16 | 90 | 22 | 158 | 38 | یەکەم |
| هیچ جار | 59 | 14 | 93 | 22 | 152 | 36 | دووەم |
| کۆ | 190 | 45 | 228 | 55 | 418 | 100 | |

### 19.ڕاگەیاندن و هەستی خەمۆکی و تاوان

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی کەم بێت لە لە کەمکردنەوەی هەستی خەمۆکی و تاوان کەتا ئێستا لە ژیاندا ماوە بۆ ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە کەمکردنەوەی هەستکردنیان بە تاوان کە تا ئێستا لە ژیاندا ماون بەهۆکاری ڕووداوەکە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە کە نەیتوانیوە ڕێنوێی و هاوکاری مەعنەویان پێشکەش بکات لە ڕێگەی کەسانی پسپۆڕ و شارەزای دەروونی، بڕوانە خشتەی (30).

خشتەی(30) ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کەمکردنەوەی هەستی خەمۆکی و تاوان کەتا ئێستا لە ژیاندا ماوە

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 27 | 6 | 16 | 4 | 43 | 10 | چوارەم |
| هەندێ جار | 41 | 10 | 12 | 3 | 53 | 13 | سێیەم |
| کەم جار | 90 | 22 | 140 | 33 | 230 | 55 | یەکەم |
| هیچ جار | 32 | 8 | 60 | 14 | 92 | 22 | دووەم |
| کۆ | 190 | 46 | 228 | 54 | 418 | 100 | |

### 20.ڕاگەیاندن و کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵ

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەبێت لە کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵی ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە ڕێکخستنی جموجۆڵ کە یەکێکە لە نیشانەکانی شڵەژانی پاش هێدمە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە لە گرینگیدان بە لایەنی دەروونی وەرگرەکانی و بوونی زانیاری لەسەر نیشانەکانی شڵەژانی دەروونی پاش هێدمە تا بتوانێت بە شێوازێکی درووست بابەت و پەیامەکانی پەخش بکات بە تایبەت لە کاتی جەنگ و ئاوارە بوون و قایرانەکاندا، بڕوانە خشتەی (31).

خشتەی(31) ڕۆڵی ڕاگەیاندن کە بۆتە هۆی کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵ

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 39 | 9 | 14 | 4 | 53 | 13 | چوارەم |
| هەندێ جار | 35 | 8 | 34 | 8 | 69 | 16 | سێیەم |
| کەم جار | 39 | 9 | 83 | 20 | 122 | 29 | دووەم |
| هیچ جار | 77 | 19 | 97 | 23 | 174 | 42 | یەکەم |
| کۆ | 190 | 45 | 228 | 55 | 418 | 100 | |

**21.ڕاگەیاندن و ئاسایی کردنەوەی گفتوگۆ**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەبێت لە ئاسایی کردنەوەی گفتوگۆی قوربانییەکە لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا سەبارەت بە ڕووداوەکە لای ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە ئاسایی کردنەوەی گفتوگۆ و قسەکردن لەسەر ڕووداوەکە بەبێ ترس و دوودڵی لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە لە هۆشیارکردنەوەیان و پشاندان و باسکردنی ڕووداوی تری هاوشێوە کە ڕوویانداوە بەشێوازێکی سانا لە پێناو چارەسەرکردن و ئاسایی بوونەوەی گفتوگۆدەربارەی ڕووداوەکە، بڕوانە خشتەی (32).

خشتەی (32) رۆڵی راگەیاندن کە بۆتە هۆی ئاسایی کردنەوەی گفتوگۆی قوربانییەکە لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا سەبارەت بە ڕووداوەکە

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 31 | 7 | 18 | 4 | 49 | 12 | چوارەم |
| هەندێ جار | 37 | 9 | 27 | 6 | 64 | 15 | سێیەم |
| کەم جار | 47 | 11 | 89 | 22 | 136 | 33 | دووەم |
| هیچ جار | 75 | 18 | 94 | 23 | 169 | 40 | یەکەم |
| کۆ | 190 | 45 | 228 | 55 | 418 | 100 | |

**22.ڕاگەیاندن و یادەوەری**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی کەم بێت لە کەمکردنەوەی یادەوەری ڕووداوەکە لای ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە کەمکردنەوەی یادەوەری ناخۆشی ڕووداوەکە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە لە چارەسەرکردن و ئاسایی بوونەوەی ڕووداوەکە، بڕوانە خشتەی (33).

خشتەی(33) رۆڵی راگەیاندن لە کەمکردنەوەی یادەوەری ڕووداوەکە

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 28 | 7 | 27 | 6 | 55 | 14 | چوارەم |
| هەندێ جار | 34 | 8 | 29 | 7 | 63 | 15 | سێیەم |
| کەم جار | 69 | 17 | 87 | 21 | 156 | 37 | یەکەم |
| هیچ جار | 59 | 14 | 85 | 21 | 144 | 34 | دووەم |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | 190 | 46 | 228 | 55 | 418 | 100 | |

**23.ڕاگەیاندن و ناهاوسەنگی کەسایەتی**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەرێنی هەبێت و بووبێتە هۆی ناهاوسەنگی کەسایەتی لای ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە دروستکردنی هاوسەنگی کەسایەتی لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە لە دروستکردنەوەی کەسایەتی ئاوارەکان، بڕوانە خشتەی (34).

خشتەی(34) رۆڵی راگەیاندن کە بۆتە هۆی ناهاوسەنگی کەسایەتی

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 47 | 11 | 71 | 17 | 118 | 28 | دووەم |
| هەندێ جار | 75 | 18 | 106 | 25 | 181 | 43 | یەکەم |
| کەم جار | 37 | 9 | 31 | 8 | 68 | 17 | سێیەم |
| هیچ جار | 31 | 7 | 20 | 5 | 51 | 12 | چوارەم |
| کۆ | 190 | 45 | 228 | 55 | 418 | 100 | |

**24.ڕاگەیاندن و بڕیاردان**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەرێنی هەبێت کە بوبێتە هۆی هاوکاریکردن بۆدانی بڕیاری یەکلاکەرەوە لەژیانی ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە دروستکردنەوەی متمانە بۆ بڕیاردان لەژیانیان لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە بەهۆی پێنەدانی زانیاری ورد و گرنگ کە هاوکاربێت و بتوانێت بەهۆی پشتبەستنی بە ئامڕازەکانی راگەیاندن متمانە درووستبکات و سەرچاوەیەکی باشی زانیارییبێت بۆ بڕیاردانی گرنگی ژیانی، بڕوانە خشتەی (35).

خشەی(35)رۆڵی راگەیاندن کە بۆتە هۆی دانی بڕیاری یەکلاکەرەوە لەژیان

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 30 | 7 | 29 | 7 | 59 | 14 | سێیەم |
| هەندێ جار | 58 | 14 | 85 | 20 | 143 | 34 | دووەم |
| کەم جار | 68 | 16 | 97 | 24 | 165 | 40 | یەکەم |
| هیچ جار | 34 | 8 | 17 | 4 | 51 | 12 | چوارەم |
| کۆ | 190 | 45 | 228 | 55 | 418 | 100 | |

**25.ڕاگەیاندن و حەزی تۆڵەسەندنەوە**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی ئەرێنی هەبێت لە کەمکردنەوەی حەزی تۆڵە سەندنەوە بۆئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری نەرێنی هەیە لە درووستکردن و زیادکردنی حەزی تۆڵە سەندنەوە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبووە لە دەرخستنی تاوان و ناشرینکردنی توندوتیژی دژ بە مرۆڤایەتی، بڕوانە خشتەی (36).

خشتەی(36) ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کەمکردنەوەی حەزی تۆڵە سەندنەوە

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 42 | 10 | 87 | 21 | 129 | 31 | دووەم |
| هەندێ جار | 76 | 18 | 103 | 25 | 179 | 43 | یەکەم |
| کەم جار | 41 | 10 | 21 | 5 | 62 | 15 | سێیەم |
| هیچ جار | 31 | 7 | 17 | 4 | 48 | 11 | چوارەم |
| کۆ | 190 | 45 | 228 | 55 | 418 | 100 | |

**26.ڕاگەیاندن و ڕاڕایی**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەرێنی هەبێت لە کەمکردنەوەی ڕاڕایی بۆئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە نەهێشتن وکەمکردنەوەی ڕاڕایی لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە نەیتوانیوە ڕاڕایی و دوودڵی کەمبکاتەوە لایان، بڕوانە خشتەی (37).

خشتەی(37) ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کەمکردنەوەی ڕاڕایی

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەند بارە | ٪ | |
| هەمووجار | 25 | 6 | 20 | 5 | 45 | 11 | چوارەم |
| هەندێ جار | 40 | 10 | 27 | 6 | 67 | 16 | سێیەم |
| کەم جار | 58 | 14 | 84 | 20 | 142 | 34 | دووەم |
| هیچ جار | 67 | 16 | 97 | 23 | 164 | 39 | یەکەم |
| کۆ | 190 | 46 | 228 | 54 | 418 | 100 | |

**27.ڕاگەیاندن و گرژبوونی دەست و قاچ**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەرێنی هەبێت لە کەمبوونەوەی گرژبوونی دەست و قاچ لە کاتی بیرکەوتنەوە و بەرگوێ کەوتنی ڕووداوەکەدا

بۆئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە کەمکردنەوەی نیشانەکان و چارەسەری توشبووان بە نەخۆشی شڵەژانی دەروونی پاش هێدمە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە نەیتوانیوە ڕۆڵی چارەسەرسازێکی دەروونی ببینێت کەوەک چارەسەرێکی سەرەتایی بێت یان بە ئەرکی خۆی بزانێت لە کاتەهەستیارەکاندا ڕۆڵی گەورەی هەبێت بۆ هێورکردنەوەی وەرگرەکانی لە پێناو تەندروستی تاک و کۆمەڵگە و سەقامگیری نیشتمان، بڕوانە خشتەی (38).

خشتەی(38) ڕۆڵی ڕاگەیاندن کە بۆتە هۆی کەمبوونەوەی گرژبوونی دەست و قاچ لە کاتی بیرکەوتنەوە و بەرگوێ کەوتنی ڕووداوەکەدا

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەند بارە | ٪ | |
| هەمووجار | 54 | 13 | 43 | 10 | 97 | 23 | سێیەم |
| هەندێ جار | 45 | 11 | 49 | 12 | 94 | 22 | چوارەم |
| کەم جار | 38 | 9 | 69 | 16 | 107 | 26 | دووەم |
| هیچ جار | 53 | 13 | 67 | 16 | 120 | 29 | یەکەم |
| کۆ | 190 | 46 | 228 | 54 | 418 | 100 | |

**28.ڕاگەیاندن و هەستی خۆبەکەمزانین**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی ئەرێنی هەبێت لە کەمکردنەوەی هەستی خۆبەکەمزانین بەرامبەر بە کەسانیتر کە ئاوارە نین یان ئەو ڕووداوەیان بەسەردا نەهاتووە لای ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری نەرێنی هەیە لە زیادکردنی هەستی خۆبەکەمزانین لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبووە بە نمایشکردنی ئاوارەکان وەک قووربانی کە شایەنی هاوکارین، بڕوانە خشتەی (39).

خشتەی(39) ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کەمکردنەوەی هەستی خۆبەکەمزانین بەرامبەر بە کەسانیتر کە ئاوارە نین یان ئەو ڕووداوەیان بەسەردا نەهاتووە

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 51 | 12 | 80 | 19 | 131 | 31 | دووەم |
| هەندێ جار | 74 | 18 | 98 | 23 | 172 | 41 | یەکەم |
| کەم جار | 37 | 9 | 38 | 9 | 75 | 18 | سێیەم |
| هیچ جار | 28 | 7 | 12 | 3 | 40 | 10 | چوارەم |
| کۆ | 190 | 46 | 228 | 54 | 418 | 100 | |

**29.ڕاگەیاندن و ئاسایی بوونەوەی ڕووداوەکە**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەرێنی هەبێت لە ئاسایی کردنەوەی ڕووداوەکە لای ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە ئاسایی بوونەوەی ڕووداوەکە لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە کە نەبۆتە هۆی ئەوەی ڕووداوەکە لای بەربژێری توێژینەوەکە ئاسایی بووبێتەوە بەهۆی زۆر باسکردن و نیشاندانی هاوشێوەی ئاوارەکان و لایەنگیری بۆ حاڵەتەکە، بڕوانە خشتەی (40).

خشتەی(40) ڕۆڵی ڕاگەیاندن کە لە ئاسایی بوونەوەی ڕووداوەکە

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 27 | 6 | 16 | 4 | 43 | 10 | چوارەم |
| هەندێ جار | 27 | 6 | 22 | 6 | 49 | 12 | سێیەم |
| کەم جار | 75 | 18 | 101 | 24 | 175 | 42 | یەکەم |
| هیچ جار | 61 | 15 | 89 | 21 | 150 | 36 | دووەم |
| کۆ | 190 | 45 | 228 | 55 | 418 | 100 | |

**30.ڕاگەیاندن و حەزی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکە لای کەسانیتر**

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی ئەرێنی هەبێت لە کەمکردنەوە و نەهێشتنی حەزی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکە لای کەسانیتر بۆ ئاوارەکان، لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن سەبارەت بەوەی کە کاریگەری نەرێنی هەیە لە حەزکردن بەوەی کە کەسانیتر ئەم ڕووداوەیان بەسەردا بێت لە پلەی چوارەمدان کە دواپلەی ڕیزبەندی ئەگەرە نمایشکراوەکانە، ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبووە لە نەهێشتنی حەزی دووبارە بوونەوەی ڕووداوەکە لای کەسانیتر کە ڕووداوەکەیان بەسەردا نەهاتووە، بڕوانە خشتەی (41).

خشتەی(41) ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە زیادکردنی حەزی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکە لای کەسانیتر

| ئەگەرەکان | نێر | | مێ | | کۆ | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەمووجار | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | چوارەم |
| هەندێ جار | 2 | 0 | 1 | 0 | 3 | 1 | سێیەم |
| کەم جار | 5 | 1 | 3 | 1 | 8 | 2 | دووەم |
| هیچ جار | 183 | 44 | 224 | 54 | 407 | 97 | یەکەم |
| کۆ | 190 | 45 | 228 | 55 | 418 | 100 | |

**دووەم: پەیوەندی ڕاگەیاندن و بەرتوێژان**

**زانینی هۆکاری پشتبەستنی ئاوارەکان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کاتی ئاوارەبوندا**

ئاستی پشتبەستنی نمونەی توێژینەوەکە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری لەسەر جۆری وەڵامدانەوەیان بۆ پرسیار و برگەکان هەیە، لە یەکێک لە بنەماکانی تیۆری پشتبەستن بە ڕاگەیاندن ئەوەیە کە (تاکەکان چەندە لە ڕاگەیاندنەوە نزیکبن لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، ئەوەندە کارتێکراوترن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن )لەبارەی هەر هەواڵ و زانیارییەک سەبارەت بە بارودۆخە جیاجیاکان بە شێوەیەکی گشتی وە بابەتە کانی پەیوەست بەخۆیان بە شێوەیەکی تایبەتی.

**هۆکاری پشتبەستنی ئاوارەکان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:**

هۆکاری پشتبەستنی نمونەی توێژینەوەکە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە لە خشتەی ژمارە (42) خراوەتە ڕوو، ئەوهۆکارانەی کەوایان لێدەکات بە ڕاگەیاندنەوە پەیوەستبن سەرچاوەی سەرەکی بەدەستهێنانی زانیاری بێت بۆیان.

**خشتەی (42) ڕیزبەندی هۆکاری پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن**

| هۆکاری پشتبەستن | دووبارەبۆوە | ڕێژەی سەدی ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| زانیاری گشتیم پێدەدەن | 313 | 26 | یەکەم |
| زانیاری لەسەر پرسی ئاوارە و گرفتەکانیان پەخش دەکەن | 240 | 20 | دووەم |
| باس لە موعانات و ئازاری ئاوارەکان دەکات | 235 | 19 | سێیەم |
| پێداویستیە دەروونی و ویژدانییەکانم پردەکاتەوە | 228 | 19 | چوارەم |
| دەنگی ئاوارەکان دەگەیەنێت بە دەرەوە | 189 | 15 | پێنجەم |
| هیتر | 15 | 1 | شەشەم |
| کۆ | 1220 | 100 | |

لە خشتەکەوە دەردەکەوێت، کە بە پلەی یەکەم ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەرچاوەی زانیارین واتا کە یەکەکانی سامپڵی توەژینەوە پێویستیەکی زۆریان بە زانیاری هەیە، بە پلەی دووەم برگەی زانیارییە لەسەر پرسی ئاوارەکان و ئەو گرفت و کێشانەی کە هەیانە، بۆیە دەیانەوێت لەم سەرچاوەیەوە ڕێگا چارەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەو دۆخەی کە تیایدان، بە پلەی سێیەم بە هۆکاری باسکرنی ئازار و موعاناتی ئەوانە، پاشان بە پلەی چوارەم پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستن بە هۆکاری ئەوەی کە پێداویستیە دەروونی و ویژدانییەکانیان بۆ پڕبکاتەوە، هەروەها بە پلەی پێنجەم هۆکاری ئەوەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەنگی ئەوان بگەیەنێت بە جیهان تاوەکو لەم ڕێگەیەوە مافەکانیان بۆ بگەڕێتەوە و ئەو ستەمەی کە لێیان کراوە و تووشیان بووە بناسێنرێت. یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە پشت بە هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی وەک (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و گۆڤار، ئینتەرنێت) دەبەستن، بۆیە پێویستە بزانرێت کاریگەرترین ئامرازی ڕاگەیاندن لای ئاوارەکان دەستنیشان بکرێت. خشتەی

(43) ئاستی پشتبەستنی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (43) پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە**

| ئامرازەکانی ڕاگەیاندن | هەمووجار | | هەندێ جار | | کەم جار | | هیچ جار | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| کەناڵی ئاسمانی | 276 | 66.0 | 129 | 30.9 | 10 | 2.4 | 3 | 0.7 | 418 | 100 |
| کەناڵی ناوخۆیی | 45 | 10.8 | 157 | 37.6 | 64 | 15.4 | 153 | 36.4 | 418 | 100 |
| ڕۆژنامەو گۆڤار | 7 | 1.7 | 56 | 13.4 | 158 | 37.8 | 197 | 47.1 | 418 | 100 |
| ئێزگە(ڕادیۆ) | 63 | 15.1 | 115 | 27.5 | 169 | 40.4 | 71 | 17.0 | 418 | 100 |
| ئینتەرنێت | 161 | 38.5 | 88 | 21.1 | 81 | 19.4 | 88 | 21.1 | 418 | 100 |

هەروەک لە داتاکانی ئەم خشتەیەدا دەرکەوتووە بە دەرهێنانی ڕێژەی سەدی ڕادەی زۆر دووبارە بونەوەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زیاتر لە بژاردەیەک هەڵبژێردراوە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە، بە مەبەستی زانینی ڕادەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لە نێو ئامرازەکان دەردەکەوێت کە بە پلەی یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنی سەتەلایتی دێت بۆ وەڵامی هەمیشە بەکارهێنانی تەلەفزیۆن لای سامپڵی توێژینەوەکە، ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەی (مهدی، 2011) یەکدەگرێتەوە، دەرکەوتووە کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی لە بینراو، بیستراو و خوێندراو هەریەکە و بە ڕێژەیەک کاریگەری لەسەر وەرگر هەیە بە بەرزترین ڕێژە لە بەرژەوەندی تەلەفزیۆنە. بە پلەی دووەم ئینتەرنێتە کە بریتیە لە بەکارهێنانی (فەیس بووک، تویتەر، ئینیستاگرام، یوتوب، ماڵپەڕە هەواڵیەکان، و سایتەکان،...) پاشان (ڕادیۆ) و کەناڵی ناوخۆیی دێت، ڕۆژنامە و گۆڤار بەدوای یەکدادێن. لێرەدا ڕوون دەبێتەوە، کە هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریان هەیە و بەکاردەهێنرێن لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە، بەڵام ئەو ئەنجامەی کە سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەیەکی زۆر و یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنی سەتەلایتی بەکاردەهێنن، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەکارهێنانی تەلەفزیۆن ئاسانترە، لە هەموویان بەربڵاوترە و لەزۆربەی ماڵەکاندا بونی هەیە و هەموو چین و توێژەکان و ئاستەکانی تەمەن و ئاستە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری تەماشای دەکەن و دەتوانن لە پەیامەکانی بگەن، بەبەراوورد بە ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن کە پێویستی بە زانیاری و خوێندەواری زیاترە، پاشان کەناڵە سەتەلایتیەکان بەردەستترو پەخش و کوالیتی باشتر و ئاسانتر وەردەگیرێت لە کەناڵی ناوخۆیی، کەناڵی ناوخۆیی بەهۆی بوونی جەنگ و کارەسات و ڕووداوەکان کە ڕووی داوە لاواز بوون و نەماون بۆ ئەو ناوچانەی کە جەنگی تیا کەوتۆتەوە، پاشان ئەگەر هەبن پەخشەکەیان زۆر بەکەمی دەگات بە ئاوارەکان کە ئێستا لە کەمپەکان نیشتەجێن لە هەرێمی کوردستان – پارێزگار سلێمانی کە چەندین کیلۆمەتر دوورە لە ناوچەکانی

نیشتەجێ ی پێشوویان و شوێنی کەناڵە ناوخۆیەکان، کەناڵی ئاسمانی هەمەڕەنگە ئاوارەکان دەتوانن ئەو کەناڵەی کە خۆیان پەسەندی دەکەن بیدۆزنەوە و بە پەخشێکی باشتر بەهۆی ئامێری سەتەلایتەوە.

بە پلەی دووەم ئینتەرنێت دێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەم سەردەمەدا کە بە سەردەمی تەکنەلۆژیا ناسراوە زۆربەی کەس بەئاسانی دەتوانن ئینتەرنێت بەکاربهێنن، بەکارهێنانەکانی زۆر فراوانە بۆ زۆر مەبەست بەکاردەهێنرێت، لەم سەدەیەدا مرۆڤی هاوچەرخ بە ئەستەم دەتوانێت بە ئینتەرنێتەوە پەیوەندی نەبێت، هۆکارێکی باشی گواستنەوەی زانیاریە بەئاسانی لە ڕێگەی مۆبایلی زیرەک و ئایپاد و لاپتۆپ ...، دەتوانرێت بەکاربهێنرێت. زیاتر کەسانی خوێندەوار و شارەزا لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر دەتوانن کاری لەسەر بکەن و لە ڕووی بەکارهێنانەوە لای سامپڵی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گەنجان بەتایبەت ڕەگەزی نێر لە کەمپەکاندا ئەم ئامرازە زیاتر بەکاردەهێنن، بەردەست نیە بۆ هەمووان بە هۆی کەمی شارەزایی و خوێندەواری و نەبوونی توانای ئابووری بۆ بەدەستهێنانی ئینتەرنێت بەهۆی پێویستبوونی بە بوونی ئامرازی تر بۆ بەکارهێنانی، لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی بوون و فراوان بڵاو بوونەوەی مۆبایلی زیرەک و ئۆفەرەکانی خزمەتگوزاری تەلەفۆن ڕێژەی بەکارهێنان بەرزە بە بەراوورد بە ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن.

بە پلەی سێهەم ئێزگە (ڕادیۆ) بەکاردەهێنن کە بەکارهێنانی ڕادیۆ ئاسانترە لە ئامرازەکانی تر کە لە ڕێگەی شەپۆلی کاهرۆموگناتیسی یەوە پەیامەکان لە دوورترین شوێنەوە دەگات و لە ڕێگەی ئامێرێکی سادەی وەک ڕادیۆ کە دەتوانرێت لە هەرجێگایەک بێت بەکاربهێنرێت لەناو ئۆتۆمبێل و شوێنی کار و حەوانەوە.کەمترین پلە لە بەکارهێنانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەکارهێنانی ڕۆژنامە و گۆڤارە، خوێنەری ڕۆژنامە و گۆڤار ڕووی لە کەمی یە، قەیرانی کەمی خوێندنەوە لەناو سامپڵی توێژینەوەدا بەرچاو دەکەوێت، هۆکارەکەی بەهۆی نەگەیشتنی ڕۆژنامەو گۆڤارە بە دەستی ئاوارەکان وە بە هۆکاری زۆری ڕێژەی نەخوێندەواری لای ئاوارەکان، جیاوازی زمان، کە هۆکارن بۆ کەمی ئەم ڕێژەیە لە پشتبەستنیان بە ڕۆژنامە و گۆڤار بۆ بە دەستهێنانی زانیاری.

لە ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی خشتەی پێشتر بۆمان ڕوون بۆوە کە بەربڵاوترین ئامرازی ڕاگەیاندن لای ئاوارەکان ئامرازە بینراوەکانە، بەتایبەت ئامرازە ڕاگەیاندنە دەرەکییەکان وەک کەناڵی ئاسمانی و ئینتەرنێت کە فراوانە و لە توانای سامپڵی توێژینەوەکەدا هەیە بگەڕێت بەناو زۆرێک لە کەناڵە بیانی و جیهانییەکاندا بۆ دەستکەوتنی زانیاری، کە ئەم ئەنجامە تەواو لەگەڵ گریمانەی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یەکدەگرێتەوە کە دەڵێت "سیستەمی ڕاگەیاندن توانای وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی، یان جەماوەری هەبێ، یان نەبێ، هەرچەندە ئەو توانایەی هەبێت، ئەوا بایەخی لە کۆمەڵگەدا زیاتر دەبێ، ئەمەش پشتبەستنی بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زیاتر دەکات، هەندێجاریش لەوانەیە سەرچاوەی جێگرەوەی دیکەی زانیاری لە کۆمەڵگەدا هەبێت، وەکو تۆڕی ڕاگەیاندنی تایبەت، یان فەرمی، یاخود سەرچاوەی ڕاگەیاندنی دەرەکی، لەم بارەدا پشتبەستنی جەماوەر بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەناو سیستەمە ڕاگەیاندنە ناوخۆییەکاندا کەم دەبێت" . داتاکانی خشتەی (44) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کام بابەت لای سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە

جێگەی بایەخە بۆیان و گرنگی پێدەدەن بەدەر لەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە پرسی ئاوارەبوونەوە هەیە، کە ڕۆڵی هەیە لە پشتبەستنی وەرگر بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

**خشتەی (44) ئەو بابەتانەی کە سامپڵی توێژینەوەکە گرنگی پێ دەدەن لە ڕاگەیاندنەوە بەدەر لەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە بابەتی ئاوارەبوونەوە هەیە**

| بابەت | دووبارەبۆوە | ڕێژەی سەدی٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| سیاسی | 252 | 15.29 | یەکەم |
| (تەرفیهی) خۆشی بەخش | 211 | 12.80 | دووەم |
| جەنگ و سەربازی | 197 | 11.95 | سێهەم |
| ئاینی | 182 | 11 | چوارەم |
| کۆمەڵایەتی و فۆلکلۆر | 173 | 10.49 | پێنجەم |
| وەرزشی | 157 | 9.52 | شەشەم |
| تەندروستی | 122 | 7.40 | حەوتەم |
| شوێنەوار و کلتور | 119 | 7.22 | هەشتەم |
| زانستی | 103 | 6.26 | نۆیەم |
| مێژو جوگرافیا | 91 | 5.52 | دەیەم |
| بابەتی تر | 41 | 2.48 | یانزەهەم |
| کۆ | 1648 | 100 | |

خشتەی (44) دەریدەخات بە پێی ئەو ئەنجامانەی کە دیارە لە خشتەکەدا بە پلەی یەکەم بابەتی سیاسی گرنگی زۆری هەیە لای سامپڵی توێژینەوەکە و بەتەواوەتی چۆتە ناو هەموو کایە کانی ژیانی تاکەوە کە گرێدراوە بە ژیان و گوزەرانی تاک، ئەم ئەنجامە یەکدەگرێتەوە لە گەڵ توێژینەوەی (حسین،2011) کە دەرکەوتووە ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانیانەی کە وەرگر حەزی پێدەکات، بە پلەی یەکەم بابەتە سیاسیەکانە، هەروەها لە خشتەکەدا دەردەکەوێت بە پلەی دووەم بابەتی (تەرفیهی ) گاڵتە ئامێزە کە بابەتە خۆشی و چێژ لێبینینەکان دەگرێتەوە لە (دراما، گۆرانی، بەرنامەی پێشبڕکێ .... هیتر). دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سامپڵی توێژینەوەکە بۆ دەربازبوون لە قورسایی بارودۆخی ژیانیان، ئەو خەمە گەورەیەی کە هەیانە پشتدەبەستن بەبابەتە خۆش و تەنزئامێزەکان بۆ ئەوەی بۆ کاتێکی کەمیش بێت ئەو قورسایی ژیان و ڕووداوانەیان بیربچێتەوە، هەروەها یەکێک لە نیشانەکانی کەلە کەسی توشبوو بە شڵەژانی پاش هێدمە دا دەردەکەوێت ئەوەیە کە دەچێتە دۆخێکەوە وەک ئەوەی بیەوێت کارەساتەکە لەبیر خۆی بباتەوە بۆیە هەمیشە دوور دەکەوێتەوە لەهەر شتێک کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ ی بە بابەتە کەوە هەبێت و ببێتە هۆی بیرهێنانەوەی، سەرەکیترین شت کەبۆ ئاوارەکان بەردەستە ڕاگەیاندنە، کە بتوانن پەیوەستببن پێوەی و کاتەکانی خۆیان لەگەڵیدا ببەنەسەر بەجۆرێک ئاوارەکان لە شوێنێکی داخراوو بێ خزمەتگوزاری و شوێنی گەشت و حەوانەوەن بۆیە دەردەکەوێت پەیوەستیەکی زۆریان بە بابەتە (تەرفیهیەکانەوە) خۆشی بەخشەکان هەیە، هەروەها بەپلەی کەمتر بابەتەکانی تر گرنگی هەیە لایان.

ئەمەش لەگەڵ یەکێک لە گریمانەکانی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یەک دەگرێتەوە کە دەڵێت "جیاوازی سیستەمی کۆمەڵایەتی بە پێی ئاستی سەقامگیری ئەو سیستەمەیە لەو کۆمەڵگەیەدا، کەلەوانەیە جێگیرو چەسپاو بێت، یان لەڕ و لاوازبێت و هەمیشە لەبەردەم گۆڕانکارییەکاندا بێت، هەرچەندە گۆڕانکاری و تەنگەژەکان لە کۆمەڵگادا زیاد بکەن، ئەوەندەش خەڵکی پێویستی بە زانیاری و ئاڕاستەکردن و دووپاتکردنەوەی بەهاکان زیاتر دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی خرۆشاندنی زیاتری پێویستییەکان بۆ زانیاری و گەڕان بەدوایدا، لەم هەلومەرجەشدا جەماوەر زیاتر پشت بەو زانیاریانە دەبەستێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەو کۆمەڵگەیەدا پێشکەشیان دەکات". جۆری بابەت و زانیاری گرنگی زۆری لەسەر وەرگر هەیە کە بەهۆیەوە پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستن، هەروەک توێژینەوەی کارتر و هاوەڵانی (Carter، et al،1992) دەرکەوتووە کە پەیوەندیەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان پلەی بایەخ پێدانی وەرگر بەو بابەتەی کە گرنگە بەلایەوە بە پێی پێویستی لەلایەن خودی خۆیەوە، زیاتر بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر ئەو بابەتانەی کە لێی دەترسێت کە سەرچاوەی ترس و دڵەڕاوکێیە بۆی وە لێوەی نزیکە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانیەوە هەیە. بۆ زیاتر زانینی ئاستی پشتبەستنی نمونەی توێژینەوەکە(کە فرە زمان و فرە کلتور و بەهان) بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویستە زمانی قسەکردن ڕوون بێت، بتوانێت بەهۆی زمانەوە پەیامەکانی بگات، داتاکانی خشتەی (45) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کامە زمان لای سامپڵی توێژینەوەکە جێگەی بایەخە و گرنگی پێدەدەن:

**خشتەی (45) وەرگرتنی زانیاری لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بەپێی زمانی کەناڵی ڕاگەیاندن لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| زمانی بەکارهاتووی کەناڵی ڕاگەیاندن | دووبارەبۆوە | ڕێژەی سەدی٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| عەرەبی | 387 | 71.53 | یەکەم |
| کوردی | 108 | 19.96 | دووەم |
| تورکی | 29 | 5.36 | سێهەم |
| هیتر | 17 | 3.14 | چوارهەم |
| کۆ | 541 | 100 | |

زمان پردێکی گرنگی کۆمیونیکەیشنە بۆ گەیاندنی پەیامەکان کە بەتایبەتیش لای ئاوارەکان پەیامی ڕاگەیاندن بەو زمانەبێت کە کاریگەریان لەسەردروست بکات بۆ ئارام بوونەوە و کەمکردنەوەی شڵەژانە دەروونی و هەڵچوونە دەروونیەکان. لە خشتەی (45) دا ئەو ئەنجامە دەبینین کە زمانی عەرەبی بە پلەی یەکەمدێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی عەرەبی زمانی زۆرینەیە لای ئاوارەکان بەهۆی ئەوەی زۆربەی ئاوارەکان عەرەبن و پێکهاتە کانی تریشی تێدایە، بەهۆی خوێندن و نووسینی فەرمی لە تەواوی عێراقدا عەرەبییە، پاشان نەتەوەکانی وەک ئێزیدی، شەبەک، کاکەیی، تورکمان و مەسیحی کەناڵی ڕاگەیاندنی بەهێزیان نیە چەند کەناڵیکی کەم نەبێت کە ئەویش زیاتر ناوخۆین و لە ئێستادا کارناکەن، بۆیە پشت بەکەناڵە عەرەبیەکان دەبەستن بۆ وەرگرتنی زانیاری.

بە پلەی دووەم کەناڵە کوردیەکان دێن ،کە زیاتر کاریگەری بەوەوەهەیە کە ئەم ناوچەیەی ئاوارەکان تیایدا نیشتەجێ بوون لەکەمپەکان ناوچەی کوردین لەهەمانکاتدا زیاتر ئێزیدی و ئەو نەتەوانە

بەرکەوتنیان هەیە لەگەڵیدا کە خۆیان کوردن . بە پلەی سێهەم زمانی تورکی یە کە زۆرێک لە شەبەک و تورکمان پشتی پێدەبەستن، پاشان بە پلەی چوارەم زمانە بێگانەکانی تری وەک فارسی و ئینگلیزی و هیتر دەگرێتەوە. لەم ئەنجامەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئاوارەکان لە ناوچە و کلتورو زمانی جیاواز پێکهاتوون ڕاگەیاندنێکی دیاریکراو نیە کە کۆیان بکاتەوە و یەکجۆر کاریگەری دروستبکات لەسەریان، لە یەک جۆر ئایدیا و بیرو بۆچوون، زیاتر لە بژاردەیەک هەیە لەسەریان بۆیە جیاوازی زۆر هەیە لەنێوانیاندا شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندن، کاریگەری دروستکردن لەسەریان سەختە بەهۆی جۆری ئەوەی وەرگر لەجۆری تێکەڵن.

**سێیەم/ ئاستی پشتبەستنی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، پیشە، باری کۆمەڵایەتی، ژمارەی منداڵ، نەتەوە، ئاین، مەزهەب)**

یەکێکی تر لە گریمانەکانی تیۆری پشتبەستنی وەرگر بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن دەڵێت " جەماوەر لە ڕووی پشتبەستنی بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لێک جیاوازن"، لێرەدا ئاستی پشتبەستنی وەرگر بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی جیاوازی دیمۆگرافی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکەوە بیخەینە ڕوو.

**یەکەم: ڕەگەز**

جیاوازی ڕەگەز ڕۆڵی هەیە لە ئاستی پشتبەستن بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن، هەریەک لە خشتەی (46) خراوەتە ڕوو:

**خشتەی (46) ئاستی پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| ڕەگەز | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | Tبەهای هەژمارکراو | Tبەهای خشتەی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 190 | دووەم | 3.4789 | 1.33614 | 416 | 6.521 | 1.97 | 0.000 |
| مێ | 228 | یەکەم | 2.7149 | 1.05878 | | | | |
| کۆ | | | 418 | | | | | |

لە خشتەی ڕابردووەوە دەردەکەوێت، بەهای (T) هەژمارکراو کە دەکاتە (6.52) گەورەترە لەبەهای (T) خشتەیی کە بریتییە لە (1.97) مانای وایە جیاوازی لەنێوان هەردوو گۆڕاوەکەدا هەیە و جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە. ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن خۆی لە (تەلەفزیۆن، ئینتەرنێت، ڕۆژنامە، ڕادیۆ) دەبینێتەوە، هۆکارەکە زیاتر بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە ڕەگەزی نێر کاتی زیاتربێت بۆ تەماشاکردن و گوێ گرتن و بەکارهێنانی ئینتەرنێت، بەبەراوورد بە ڕەگەزی مێ کە زیاتر کاری ماڵ و ئەرکی پەروەردەیی منداڵیان لەسەر شانە، کەلەکاتی ئاوارەیی دا کە نیشتەجێی کەمپەکانن و بێکارن،

زۆربەی کاتەکانی خۆیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە دەبەنەسەر. هەروەک لە ئەنجامەکانی تریش دەرکەوتووە کە ڕەگەزی مێ زیاتر کاریگەری شڵەژانی دەروونیان لەسەرە وەک لە ڕەگەزی نێر. ئەمەش هۆکارێکی ترە، هەروەک لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ئاماژەیان پێدەدەین، دەرکەوت تا کاریگەری (شڵەژانی پاش هێدمە ) زیاتر بێت ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەسەر کەسەکان کەمتر بێت، بەجۆرێک هەموو کاریگەرییەکان ڕەتدەکاتەوە بە هۆکاری ئەو خەمۆکییەی کە تووشی هاتووە.

**دووەم: تەمەن**

سەبارەت بە پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی گۆڕاوی تەمەن دەردەکەوێت کە جیاوازی ئاماری لەنێوان تەمەنەکاندا نیە هەروەک لە خشتەی (47) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (47) ئاستی پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی گۆڕاوی تەمەن**

| تەمەن | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | بەهای F هەژمارکراو | بەهای F خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 27-18 | 64 | سێیەم | 2.7188 | 1.04606 | 1.829 | 3.018 | 0.122 |
| 37-28 | 156 | یەکەم | 3.1923 | 1.23453 | | | |
| 47-38 | 120 | دووەم | 3.0583 | 1.32396 | | | |
| 57-48 | 63 | چوارەم | 3.0317 | 1.20440 | | | |
| 58-زیاتر | 15 | پێنجەم | 3.3333 | 1.63299 | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | |

خشتەی (47) دا ئەوە دەردەخات کە،بەهای Fی هەژمارکراو دەکاتە (1.82) بچوکترە لە بەهای Fی خشتەیی کە دەکاتە (3.018) بۆیە جیاوازی ئاماری ئاماژەدار نیە، لە پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی جیاوازی تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە، بە پێی هاوکێشەی (ANOVA)، دەتوانین بڵێین بە هۆکاری ئەوەی کە سامپڵی توێژینەوەکە خاڵێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە بە جیاوازی ئاستی تەمەنیشەوە کە ئەویش یەک چارەنووسە لە ئاوارەبوون و بوونی کارەسات وماڵوێرانی و دەربەدەریی، هەموو تەمەنەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی زانین (معرفی) و ویژدانییەکانیان پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەست، سەبارەت بە ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندن گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەو پێشهاتەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ ڕووداوو ئاڵۆزی و کێشەکاندا دەکات، لە ڕێگەی بەدەستهێنانی زانیاری پێویست و لێتێگەیشتن و شیکارکردنی لە خشتەی (48) ئاستی پشتبەستن بە ڕاگەیاندن بە جیاوازی ئاستی خوێندەواری لای سامپڵی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (48) ئاستی پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری**

| ئاستی خوێندن | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | بەهایF هەژمارکراو | F بەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 78 | دووەم | 2.7308 | 1.14725 | 3.171 | 3.018 | 0.008 |
| خوێندن و نووسین | 57 | پێنجەم | 2.9123 | 1.16926 | | | |
| سەرەتایی | 60 | چوارەم | 3.0167 | 1.29525 | | | |
| ناوەندی | 75 | سێیەم | 3.2267 | 1.27950 | | | |
| ئامادەیی | 107 | یەکەم | 3.3738 | 1.19372 | | | |
| زانکۆ و سەروتر | 41 | شەشەم | 2.8537 | 1.40643 | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | |

بەوردبوونەوە لە خشتەی (48) دەردەکەوێت کە، جیاوازی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی جیاوازی ئاستی خوێندن، بە پێی هاوکێشەی (ANOVA) جیاوازی دەرکەوتووە، بەهای (F) هەژمارکراو دەکاتە (3.171) بەهای (F)ی خشتەیی دەکاتە (3.018) بە بەهای بەڵگەداری (0.008) کە کەمترە کە بەهای (0.05 ) کەواتە جیاوازی هەیە، بە پلەیەکەم لە بەرژەوەندی ئاستی ئامادەیی، هەروەها بە پلەی دووەم ئاستی ناوەندی دێت، بەپلەی سێهەم ئاستی خوێندنی سەرەتایی دێت، پاشان پلەی چوارەم (توانای نووسین و خوێندنەوە) دێت، ئەوەی شایەنی ئاماژەیە ئاستی پلەی خوێندنی زانکۆیی و زیاتر پلەی پێنجەم پێکدێنن کۆتا ئاست بۆ پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئاستی نەخوێندەوارە کە بەپلەی شەشەم دێت. توێژەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی تاوەکو ئاستی خوێندن بەرەو بەرزی بڕوات پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەرەو زیاتر دەچێت، واتە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەیە لە نێوانیاندا هەیە.بەگوێرەی توێژینەوەی ویتنی (Whitney، 1980) دەرکەوتووە کە ئاستی خوێندن گرنگی زۆری هەیە بە ڕادەی پشتبەستنی وەرگرەکانەوە بە هەڵبژاردنی بابەت و توانای شیکاری بۆ کردنی و جیاوازی کاریگەری دروستکردنی ڕاگەیاندن لەسەریان، بە جۆرێک ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ناچار دەکات وەک ئاستی بیرکردنەوەو ڕۆشنبیری وەرگر بابەتەکان پەخش و بڵاو بکەنەوە. هەروەها لە هەردوو ئاستی زۆر بەرز وەکو ئاستی زانکۆیی و بەرزتر لەگەڵ ئاستی نەخوێندەوار کەمتر پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت بە پێی جیاوازی تێڕوانین و ئاستی بیرکردنەوەیان بە مانای ئاستی زانکۆیی زیاتر هەست و درک بە گۆرانکاری و نەرێنیەکانی ڕاگەیاندن دەکات و هەست بە ناڕوونی پەیامەکان دەکات بۆیە کەمتر پشتی پێدەبەستن، بە پێچەوانەوە ئەو کەسانەی ئاستی خوێندەواریان نزمە بەهۆی درک

نەکردنیان بە ڕاستیەکان و کەمی زانیاریان وە تێنەگەیشتنیان لە بەهای ڕاگەیاندن بەهەمان شێوە کەمتر پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستن.

**چوارەم: پیشەی پێش ئاوارەبوون**

سەبارەت بە پیشەی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە پێش ئاوارەبوونیان ئاشکرایە لە پیشە و لە ڕووی باری ئابووری و کارکردنی پێشوویاندا جیاوازن، کە ئەمەش کاریگەری هەیە لە ڕووی ئاستی پشتبەستنیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، خشتەی (49) ئەو لایەنەمان بۆ ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی (49) ئاستی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی پیشەی پێشووی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە لە پێش ئاوارەبووندا**

| جۆری کار | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | F بەهای هەژمارکراو | F بەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کاری سەربەخۆ | 121 | دووەم | 3.2397 | 1.34179 | 8.033 | 3.018 | 0.000 |
| فەرمانبەری میری | 96 | سێیەم | 3.4479 | 1.36011 | | | |
| فەرمانبەری کەرتی تایبەت | 29 | چوارەم | 2.6207 | .94165 | | | |
| بێکار | 172 | یەکەم | 2.7965 | 1.08115 | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | |

لە ئەنجامی ئەم خشتەیەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە جیاوازی ئاماژەدار هەیە بەهای F ی هەژمارکراو دەکاتە (8.033 )گەورەترە لە بەهای F ی خشتەیی کە دەکاتە (3.018)، بەهای بەڵگەداری (0.000) کە کەمترە لە ژمارەی ئاماژەداری یەکەی (0.05) بۆیە جیاوازی هەیە، بە پلەی یەکەم فەرمانبەر زیاتر پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت، پاشان بە پلەی دووەم کاری ئازاد دێت. ئەوەی شایەنی ئاماژەیە خاوەن کارکردن لە شوێنی تایبەت (ئەهلی) و بێکار بە پلەی کۆتایی دێت و بەهای ناوەندە ژمێرەیان زۆر نزیکە . یەکێکی تر لەو کاریگەریانەی کە بیرکردنەوەی جیاواز و ڕەفتاری جیاواز دروست دەکات لای تاک و بەتایبەت تاکێکی وەک ئاوارەکان کە تووشی حاڵەتێکی قورسی شڵەژانی دەروونی دوایی هێدمە بوونەتەوە، بە جێهێشتن و نەمانی کاری پێشوویانە کە سیستەمی ژیانیانی ڕێکخستبوو، بۆیە گرنگە بزانین بە پێی کاریگەری بەجێ ماوە لەسەریان بە پێی ئەوکارەی کە پێشتر کردوویانە چ گۆڕانکاریەک هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکەو چۆن ڕاگەیاندن وەک چارەسەرێک بۆ ئەو حاڵەتەی خۆیان بەکاردەهێنن . دەتوانین بڵێین کە فەرمانبەری میری و ئەو کەسانەی کە کاری ئازادیان کردوە وەک بازرگانی زیاتر پەیوەست بوون بەکارەکەیانەوە و زیاتر زەرەرمەندبوون بەهۆی بە جێهێشتن و لەدەستدانی کارەکەیان ،بەوەش زیاتر پەیوەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ زانینی زانیاری و هەواڵەکان بەبەراوورد بەو کەسانەی بێکارن،یان کارەکە کاری خۆیان نەبووە وەک کارکردن لە کۆمپانیا یاخود دامەزراوەیەکی ئەهلی و بێکار کە

دەتوانن بەردەوام بن لەسەر کارەکەیان بەوەی کار لەشوێنی تری جیاواز بکات، بە جۆرێک پەیوەست نییە بەکارێک و شوێنێکی تایبەتەوە.

**پێنجەم: باری خێزانی**

بۆ زانینی ئاستی پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی جیاوازی باری خێزانی لە خشتەی (50) دەردەکەوێت کە جیاوازی ئاماری لەنێوان بارە جیاوازەکانی خێزانیداهەیە:

**خشتەی (50) ئاستی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی باری کۆمەڵایەتی(خێزانداری) لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| باری خێزانی | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | F بەهای هەژمارکراو | F بەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەڵت | 52 | دووەم | 2.6923 | .94014 | 4.477 | 3.018 | 0.004 |
| خێزاندار | 312 | یەکەم | 3.1891 | 1.30525 | | | |
| تاک مردوو | 39 | سێیەم | 2.6154 | .98983 | | | |
| جیابۆوە | 15 | چوارەم | 2.8667 | 1.18723 | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | |

لە خشتەی (50) دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە بە پێی ئاستی پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەپێی باری کۆمەڵایەتییان، کە بەهای Fی هەژمارکراو دەکاتە (4.477) گەورەترە لە بەهای F ی خشتەیی کە دەکاتە (3.018) بەهای بەڵگەداری دەکاتە (0.004)، بە جیاوازی بەهای ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری دەرکەوتووە کە بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی خێزاندارە کە پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت لە کاتی کێشەکاندا، بە پلەی دووەم جیابووەوە دێت، بە پلەی سێهەم بێ خێزانە (سەڵت)، بەپلەی کۆتایی (ارمل) تاک مردوو دێت. شایەنی ئاماژەیە بەرزترین ئاستی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەکاتی شڵەژان و کێشەو تەنگژەکاندا زیاتر لای کەسانی خێزاندارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خێزاندار لێپرسراوێتیەکی گەورەتری لەسەر شانە، بەو مانایەی کە لێپرسراوە لە خێزان و ئەندامانی خێزانەکەی هەربەو هۆیەشەوە زیاتر هەواڵ و زانیارییەکان کۆدەکاتەوە، سەرەکیترین هۆکاریش بۆ ئاوارەکان دەزگاکانی ڕاگەیاندنە کە بتوانن لێوەی ئاگاداری هەواڵ و زانیارییەکان بن. بۆ ئەوەی بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ کارەساتەکەدا بکات و بەرچاو ڕوونی هەبێت بەرامبەر ئەو ڕووداوو کارەساتانەی کە ڕوویانداوە، ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەو تیۆرە یەکدەگرێتەوە کە لەکاتی کێشە و تەنگژە لەپڕ و نەخوازراوەکاندا تاکەکان زیاتر پێویستیان بە زانیارییە بەهۆی ئەو کەلێنی زانیارییەی کە هەیەتی بەرامبەر بە ڕووداوەکە بەمەش لەکاتی نەبوونی زانیاری تاک تووشی سەرلێشێواوی دەبێت بەهۆکاری نەبوونی زانیاری پێویست بۆیە لە هەوڵی بەدەستهێنانی زانیارییە .

**شەشەم: ژمارەی منداڵ**

هەروەها زۆرو کەمی بوونی مناڵ لای سامپڵی توێژینەوەکە کاریگەری هەیە لە سەر ئاستی پشتبەستنیان بە ڕاگەیاندنەوە لە کاتی بوونی کێشە و گرفتەکاندا هەروەک لە خشتەی (51) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (51) ئاستی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی ژمارەی منداڵ لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| ژمارەی منداڵ | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | F بەهای هەژمار کراو | F بەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سفر | 63 | چوارەم | 2.6984 | 1.04163 | 2.998 | 3.018 | 0.031 |
| 3-1 | 90 | دووەم | 3.0667 | 1.27023 | | | |
| 6-4 | 191 | یەکەم | 3.2199 | 1.31942 | | | |
| 7 - زیاتر | 74 | سێیەم | 2.9595 | 1.15200 | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | |

داتاکانی خشتەی (51) ئەوە دەردەخەن کە بەهای (F) هەژمارکراو کە دەکاتە (2.998) بچوکترە لە بەهای (F) خشتەیی کە دەکاتە (3.018) بە بەهای بەڵگەداری (0.031)، دەردەکەوێت کە جیاوازی نیە لە نێوان سامپڵی توێژینەوەکە بۆ پشتبەستنیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی جیاوازی لە ژمارەی منالْدا، بەهای ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری دەردەکەوێت ئاستی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە ڕێژەیەکی بەرزە. شایەنی ئاماژەیە ئەو کەسەی کە هیچ منداڵی نیە کەمتر پشت دەبەستێت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئاگابوون و کۆکردنەوەی زانیاری بە بەراووردی ئەو کەسانەی کە منداڵیان هەیە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە فاکتەرەکانی وەک بوونی منداڵ و هەستکردن بە لێپرسراوێتی، زیاتر وا لەتاک دەکات کە خۆنەویستانە پشتی زیاتر بە ڕاگەیاندن ببەستێت لەکاتی بوونی کێشە و کارەساتەکاندا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕووداوەکان و خۆگونجاندن و بەئاگابوون لە دەوورو بەر و خۆپارێزی زیاتر بەرامبەر هەرپێشهاتێکی نەویستراوی تر، بۆ پاراستنی منداڵەکانی.

**حەوتەم: نەتەوە**

نەتەوە بنەمایەکی سەرەکی کەسێتی هەر تاکێکە کە خۆنەویستانە ڕێرەوی ژیان و بیرکردنەوە و ناسنامەو بەهاکانی لێوە دروست دەبێت بە جۆرێک تاک ناتوانێت لێی بێبەری بێت، بۆیە کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی پشتبەستنی بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن تاوەکو لە ڕێگەیەوە بیرو هزرەکانی فراوانتر بکات و ئاگاداری پێشهاتەکانی تایبەت بە نەتەوەکەی بێت، خشتەی ژمارە(52) ئەم لایەنەی لای ئاوارەکان ڕوون کردۆتەوە کەسەر بەچەندین نەتەوەی جیاوازن.

**خشتەی (52) ئاستی پشتبەستن بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن سامپلی توێژینەوە بە پێی بوونی جیاوازی نەتەوەیی**

| نەتەوە | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | F بەهای هەژمار کراو | F بەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کورد | 116 | دووەم | 3.3707 | 1.20528 | 3.628 | 3.018 | 0.013 |
| عرب | 267 | یەکەم | 2.9401 | 1.29638 | | | |
| تورکمان | 28 | سێیەم | 3.0714 | .813250 | | | |
| هیتر | 7 | چوارەم | 2.5714 | .786800 | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | |

بەپێی ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ANOVA) بەهای (F)ی هەژمارکراو دەکاتە (3.628) کە گەورەترە لە بەهای Fی خشتەیی کە دەکاتە (3.018) بە بەهای بەڵگەداری (0.013)، ئەم ئەنجامە ئەوە دەخاتە ڕوو جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، بە پێی جیاوازی لە بەهای ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری دەردەکەوێت کە بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد بووە، بە پلەی دووەم نەتەوەی تورکمان دێت، بە پلەی سێیەم نەتەوەی عەرەب دێت. لەم ئەنجامەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە نەتەوەی کورد زیاتر پشتیان بەستوە بە ڕاگەیاندن لە بەدەستهێنانی زانیاریدا بە بەراوورد بە نەتەوەکانی تر، بەهۆی بوونی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەریان هاتووە بەجیاواز لە نەتەوەکانی تر بەتایبەت ئێزیدیەکان کە زیاتر ئەندامانی خێزانەکانیان لەیەکتر دابڕاون و بێ سەرووشوێن کراون، بۆیە زیاتر بە تەنگ زانینی هەواڵی ڕووداوو دەستکەوتنی زانیارین بەبەراوورد بەنەتەوەکانی تر وە بە پلەی دووەم نەتەوەی تورکمان دێت کە ئەمانیش بەهەمان شێوەی ئێزیدیەکان هاتنی داعشیان بینیوە و خێزانەکانیان لێکجیابوونەتەوە، هەرچی نەتەوەی عەرەب زووتر توانیوویانە لەگەڵ خێزانەوە هەڵبێن و کەمتر کەوتوونەتە دەستی داعش و کەمتر لێکبچڕاوون ئەندامانی خێزانەکان . بە پلەی چوارەم هەندێ نەتەوەیتر دێت لێرەدا زۆرجار بەشێک لە کەمە نەتەوەکان خۆیان نەبەکورد نەبەعەرەب نەبەتورک ئەزانن بۆ نمونە وەک هەندێک لە نەتەوەی شەبەک و ئێزیدەکان و مەسیحیەکان، بە بیروباوەڕو ئاین خۆیان جیادەکەنەوە و دەناسێنن نەک بە نەتەوە و زمان چونکە گومانیان هەیە لە بوونی نەتەوەی خۆیان، بەهۆکاری سیاسی و ئاینی بە پێی مێژوو.

**هەشتەم: ئایین**

ئاین گرنگی زۆری هەیە لەسەر ئاراستە و ئایدیای تاک و کۆمەڵگە کە دەچێتە ناو ژیانیانەوە ڕۆڵ دەبینێت لە ڕەفتارەکانیان، شێوازی ژیان و مامەڵەکردنیان لەگەڵ چواردەوریان دا، ئاستی پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی جیاوازی ئاین لە خشتەی (53) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (53) ئاستی پشتبەستنی سامپلی توێژینەوەکە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی گۆڕاوی ئاین**

| ئاین | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | F بەهای هەژمارکراو | F بەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئیسلام | 301 | یەکەم | 2.9967 | 1.22882 | 3.440 | 3.018 | 0.017 |
| مەسیحی | 36 | سێیەم | 2.7778 | 1.28976 | | | |
| ئێزیدی | 78 | دووەم | 3.4487 | 1.27562 | | | |
| کاکەیی | 3 | چوارەم | 3.0000 | 0.00000 | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | |

لە خشتەی (53) دەردەکەوتووە جیاوازی هەیە لە نێوان یەکەکانی توێژینەوەکە، ڕێژەی بەهای (F)ی هەژمارکراو دەکاتە (3.440) کە گەورەترە لە بەهای (F) ی خشتەیی کە دەکاتە (3.018)، بەهای بەڵگەداری دەکاتە (0.017) . بە پێی جیاوازی ئاستی بەهای ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری بە پلەی یەکەم پەیڕەوانی ئاینی ئێزیدی زیاتر پشتیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەستووە هەروەها بە پلەی دووەم پەیڕەوانی ئاینی کاکەیی یە، پاشان پەیڕەوانی ئاینی ئیسلام دێت، لە کۆتایشدا پەیڕەوانی ئاینی مەسیحیە. هۆکاری ئەمە توێژەر دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێزیدیەکان زیاتر لە ڕووی ئاینییەوە توندوتیژیان بەرامبەر کراوە زیاتر زەرەرمەندبوون بە بەراوورد بە ئاینەکانی تر لە ژێر دەستی داعش، ڕووداوو کارەساتی زۆری کوشتن و ڕفاندن و دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر (6000) ژنە ئێزێدی لە تەمەنی جیاوازدا لەلایەن تیرۆرستانی داعش بەمەش پێویستیان بەوەرگرتنی زانیاری زۆر هەیە بۆ ئاگابوون لە هەواڵ و زانیاریەکان لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە، چونکە لەکاتی کێشە و تەنگەژەکاندا زیاتر تاک بەهاناى هەواڵەوە دەچێت بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی زانیاریەکان. هۆیەکی تر، ئەوەیە کەلەلایەن ئاینەکەیانەوە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن حەرام نەکراوە و پەسەندە لایان بە بەراوورد لەگەڵ ئاینەکانی تری وەک هەندێک لە مەسیحیەکان کە نەزریان کردووە و (خادەمی) خزمەتگوزاری ئاین و کەنیسەن بۆیە زۆربەی کاتەکانیان بە ئەنجامدانی مەراسیمی ئاینیەوە بەسەردەبەن تەنها بۆ هەندێک بابەتی ئاینی نەبێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکار دەهێنن، پاشان زۆرێک لە ئاوارەکانی سامپڵی توێژینەوەکە کە پەیڕەوانی ئاینی مەسیحین لەناو کەنیسەدا لە ئێستادا نیشتەجێن پاش ئاوارەبوونیان کە دوورە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، هەروەها لای هەندێک لە پەیڕەوانی ئاینی ئیسلامیش (حەرام) قەدەغە کراوە و بە (نەزەری) سەیرکردنی حەرام بیری لێدەکەنەوە و چۆتە ناو کلتوریانەوە یان بە ڕەهایی تەماشایی هەموو بابەتێک ناکەن.

**نۆیەم: ئاینزا**

له نێوان سامپڵی توێژینەوەکەدا سەرباری جیاوازیی ئاین، لەنێو یەک ئاینی دیاریکراویشدا جیاوازی مەزهەبی بەدی دەکرێت، ئاستی پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەپێی جیاوازی مەزهەب له خشتەی (54) خراوەتە ڕوو

**خشتەی (54) ئاستی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی جیاوازی ئاینزا لای ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| ئاینزا | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | Fبەهای هەژمارکراو | Fبەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شیعه | 94 | سێیەم | 3.2979 | 1.19883 | 3.273 | 3.018 | 0.039 |
| سونه | 215 | یەکەم | 2.9209 | 1.22600 | | | |
| هی تر | 109 | دووەم | 3.1376 | 1.31563 | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | |

لەم داتایانە جیاوازی نێوان پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی جیاوازی مەزهەب لای ئاوارەکانی پارێزگای سلیمانی سامپڵی توێژینەوەکە دەردەکەوێت، جیاوازی بەڵگەداری هەیە لە نێوان سامپڵی توێژینەوەکە، بە جۆرێک بەهای (F)ی هەژمارکراو دەکاتە (3.273) کە گەورەترە لە بەهای (F) خشتەیی کە دەکاتە (3.018) بەبەهای بەڵگەداری (0.039)، بە پێی بەهای ناوەندە ژمێرە و لادانی پێوەری بە پلەی یەکەم شیعە مەزهەب دێت، پاشان بە پلەی دووەم (هی تر) دێت کە ئاینەکانی تری وەک (مەسیحی و ئێزیدی و کاکەیی ... هیتر دێن) کە مەزهەبی جۆری تریان هەیە، پاشان بە پلەی سێیەم مەزهەبی سونە دێت. لەم ئەنجامەوە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ڕادەی پشتبەستن بە ڕاگەیاندن لەلایەن سامپڵی توێژینەوەوە جیاوازە بە پێی مەزهەبی ئاین کە مەزهەبی شیعە بە پلەی یەکەم دێت بە بەراوورد بە مەزهەبەکانی تر، بەهۆکاری ئەوەی کە داعش شیعە مەزهەبی کردۆتە ئامانج نەک سوننە مەزهەب.

**چوارەم: زانینی هۆکاری دروستبوونی شڵەژانی پاش هێدمە(PTSD) لای بەرتوێژانی توێژینەوەکە**

بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە هەوڵدراوە لە ڕێگەی چەند بڕگەیەکەوە بگەینە زانینی هۆکارەکانی دروستبوونی شڵەژانی پاش هێدمە (PTSD) لای یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕێگەی جۆری ئەو کارەسات و ڕووداوانەی کەتووشیان هاتوون، کێشی بەدەستهاتووی بڕگەکانی خوارەوە، ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەخاتەڕوو. ئاوارەکان هەموویان بەیەک ڕووداو و کارەساتدا تێنەپەریون، هەریەکێک لەو کارەساتانەی ڕووبەڕووی ئاوارەکان بۆتەوە، ترس و دڵەڕوکێیەکی زۆری لەناخیاندا درووستکردوە لەبەرئەوەی کارەساتی نەخوازراو و چاوەڕوان نەکراوبوون هەروەها دژ

بەهەموو بەها مرۆڤایەتیەکان بوون، کە بوونەتە هۆکاری ناسەقامگیری باری دەروونی ئاوارەکان کە لە جۆری (شڵەژانی پاش هێدمە)یە هەروەک لە خشتەی (55) خراونەتەڕوو:

**خشتەی (55) پەیوەندی نێوان جۆرەکانی کارەسات و نیشانەکانی شڵەژانی پاش هێدمە لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| جۆرەکانی کارەسات | یەکەی پیرسون بۆ دۆزینەوەی جۆری کارەسات و PTSD | بەها |
|---|---|---|
| کارەساتی جەنگی | 0.005 | 0.919 |
| ئازاردانی جەستەیی | 0.055 | 0.264 |
| ئازاردانی دەروونی | 0.052 | 0.292 |
| دەستدرێژی سێکسی | 0.019 | 0.698 |
| دوورکەوتنەوە لە خێزان | **0.277 | 0.000 |
| لەبەرچاوا کوشتن | 0.089 | 0.068 |
| ڕفاندن | **0.167 | 0.001 |
| ڕووخاندنی ماڵ | 0.043 | 0.380 |
| ڕووخاندنی شوێنی پیرۆز | 0.009 | 0.859 |

Correlation is significant at the 0.01 .**

Correlation is significant at the 0.05 .*

لە داتاکانی خشتەی (55) ئەوە دەردەکەوێت کە کاریگەری هەریەک لە کارەساتی ڕووداوەکان بوونەتە هۆی شڵەژانە پاش هێدمە، لەلای سامپڵی توێژینەوەکە، هەروەها پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان کۆی کارەسات و شڵەژانە دەروونیەکان بە پلەی گۆڕاو و جیاواز لای سامپڵی توێژینەوەکە، بە ئاستی ژمارەیی(0.01) پێوراوە، کە بەرزترین ژمارەی پەیوەندی داری پەیوەستە بە جۆری کارەساتی (دوورخستنەوە لە خێزان)ە کە بە پلەی یەکەم دێت لە درووستکردنی شڵەژانی دەروونی کە بەبەهای (0.277)یە، بە بەهای بەڵگەیی (0.000) دێت کە بەهایەکی بەرزی ئاماریە بۆ ئاماژەدان بە بوونی پەیوەندیەکی بەهێز، کاریگەری زۆری درووستکردوە لەسەر سامپڵی توێژینەوە بۆ درووست بوونی شڵەژانی پاش هێدمە، پاشان بە پلەی دووەم ڕوودانی کارەساتی ڕفاندنە کە بەهاکەی (0.167)ە بەبەهای بەڵگەیی(0.001)، دێت کە پلەیەکی بەرزە بە هاوکۆڵکەی پێرسۆن لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان جۆری کارەسات و درووستبوونی شڵەژانە دەروونیەکان لای سامپڵی توێژینەوە. پاشان دەردەکەوێت جۆرەکانی تری کارەساتەکە کاریگەریەکی کەمتریان هەیە لەسەر دروستبوونی جۆری شڵەژانە دەروونیەکەدا، وەک دەرکەوتووە لە خشتەکەدا ڕووخاندنی شوێنە ئاینی و پەرستنەکان بە پلەیەکی کەم هاتووە کە بەهاکەی(0.009) بە ڕێژەی 0.859. توێژەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە، سامپڵی توێژینەوەکە لە هەندێک ناوچەدا زووتر هەڵهاتوون پێش ئەوەی شوێنەکان بە چاوی خۆیان ببینن کە ڕووخێندراون ژمارەیەکی کەمیان بینیویانە، ڕزگارکردنی خۆیان و کەس و کاریان لەو کاتەدا گرنگی زیاتری هەبووە.

پاشان دەستدرێژی سێکسی بە بەهای 0.019 دێت بە پلەی ئاماژەداری 0.698 کە ئەمەش زیاتر بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە کە ژمارەیەکی کەم ئاماژەیان بەو ڕاستی یەدا داوە کە دەستدرێژی سێکسیان کرابێتە سەر، چونکە بەلایانەوە قورسە و زەحمەتە وەڵامی ئەو بابەتە بەڕاشکاوی بدەنەوە، پاشان زیاتر کوردە ئێزیدیەکان ڕووبەڕووی ئەو کارەساتە بوونەتەوە. ئەم ئاماژەیە لەگەڵ توێژینەوەی (ابراهيم و جميل:2015) یەکدەگرێتەوە توێژینەوەکە لەسەر کۆچبەرانی سوری کراوە، دەرکەوتووە شڵەژانی دەروونی لای سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەیی هەیە بەجۆرێک، ڕێژەیەکی بەرزی هەیە لای ئەو کەسانەی کە کارەساتی بەسەرهاتووە وە بەچاوی خۆی ڕووداوەکەی بینیوە. دەتوانین بڵێین کە بینینی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان سامپڵی توێژینەوەکە ئەگەری بەرزی ئاستی بوونی ڕێژەی شڵەژانی دەروونی زیاتر دەکات وە هەروەها جۆری ئەو ڕووداوەی کە بەسەری هاتوە کاریگەری گەورەی هەیە لەگەڵ بوونی ڕێژەی شڵەژانی دەروونی، بەجۆرێک ئەم ڕێژەیە لای سامپڵی توێژینەوەکە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرا لەکاتی چاوپێکەووتنی توێژەر بۆ ئاراستەکردنی پرسیارەکان بە سامپڵی توێژینەوەکە بە هۆی ئەوەی زۆرێک لە سامپڵەکە نەخوێندەوار یاخود جیاوازی زمان هەبوو لە زمانی نووسینی پرسیارەکان تێنەدەگەیشتن بۆیە زۆرێک لە پرسیارەکان لە شێوەی چاوپێکەوتن ئاڕاستەیان کراوە، هەر بەو هۆیەشەوە ڕاستەوخۆ ئەو وەڵام و پەرچە کردارە دەستدەکەوتەوە بەهۆی ئەوەی کە زیاتر کارەساتی بەسەر هاتبوو وە ڕێژەی (PTSD) لەسەری زۆربوو بەگریان و بێئارامی و دەگەڕایەوە بۆ ساتی ڕووداوەکە بە جیاواز لەو سامپڵانەی کە کارەساتەکەیان بەچاوی خۆیان نەبینیبوو وە پێش هاتنی داعش هەڵهاتبوون وە یاخود هیچ کەسێکیان لە دەست نەدابوو ئاسایتر بوون لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و شڵەژانی زۆریان پێوەدیارنەبوو.

**پێنجەم: زانین و دیاریکردنی ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە لای بەرتوێژانی توێژینەوەکە، بە پێی گۆڕاوە کانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، پیشە،باری کۆمەڵایەتی، ژمارەی منداڵ، نەتەوە، ئاین، مەزهەب).**

**یەکەم: ڕەگەز**

ئاستی بەرگەگرتنی کارەسات و ڕووداوەکان لە ڕووی جیاوازی ڕەگەزییەوە (نێر و مێ) جیاوازبێت، بە هۆی تێڕوانین لە لایەنی جەستەیی (فیزیۆلۆژی ) و ژینگەیی هەریەکێک لەو ڕەگەزانە بۆ بابەتێکی دیاریکراو بە پێی ئاستی گرنگیدانیان بەو بابەتە جیاوازی هەیە، بۆ ئەو مەبەستە خشتەی (56) ئاستی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە لای سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی جیاوازی ڕەگەزی ڕوون کردۆتەوە.

**خشتەی (56)ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە بە پێی ڕەگەز لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| ڕەگەز | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | Tبەهای هەژمارکراو | T بەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 190 | دووەم | 47.2211 | 9.04858 | 416 | 4.880 | 1.97 | 0.000 |
| مێ | 228 | یەکەم | 51.4079 | 8.34157 | | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | | |

لەم خشتەیەدا ئەنجامە ئاماریەکان ئەوە دەردەخەن کە جیاوازی ئاماری هەیە لە شڵەژانی پاش هێدمە بە پێی جیاوازی ڕەگەز لای سامپڵی توێژینەوەکە کە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ یە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و نمرەی ئازادی (416). بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T.test)، بۆ هەریەک لە سامپڵەکان بەجیا دەرکەوتووە کە جیاوازی ئاماری لەسەر ئاستی (0.05) کە بەهای (T) هەژمارکراو دەکاتە (4.880) گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی کە بەهاکەی دەکاتە (1.97) بەهای بەڵگەداری (0.000). دەردەکەوێت کە کێشە و گرفتی ڕەگەزی مێ زیاترە لە ڕەگەزی نێر لە دەرکەوتنی نیشانەکانی شڵەژانی پاش هێدمە. ڕەگەزی مێ زیاتر لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە مرۆڤێکی هەست ناسکتروو خەم خۆرترە و تووشی ترس و دڵە ڕاوکێ ی زۆر دەبێتەوە. بە پشتبەستن بە توێژینەوەکانی پێشتر ڕەگەزی مێ لەکاتی قەیران و کێشە و ڕووداوەکاندا تەنها لە خەمی خۆیان نابن بەڵکو لەخەمی کەسانی تری چواردەورین. هەروەک لە توێژینەوەکان باس لەوەدەکرێت کە ڕێژەی توشبوون لە مێیینەدا لە نێوان (10٪-12٪) دەبێت و لە نێردا(5٪-6٪) دەبێت، هەموو تەمەنێک ئەگەری توشبوونی هەیە بەتایبەتی لە لاوێتیدا. (حسن، 2012 ، ل135)

**دووەم: تەمەن**

لەم توێژینەوەیەدا ئەو تاکانە وەرگیراون کە تەمەنیان (18) ساڵ و بەسەرەوەیە، خشتەی (57) ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە لای یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی جیاوازی تەمەن ڕوون دەکاتەوە:

**خشتەی (57)ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە بە پێی جیاوازی تەمەن**

| تەمەن | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | F بەهای هەژمارکراو | F بەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 27-18 | 64 | سێیەم | 50.5781 | 8.97051 | 4 | 3.310 | 3.018 | 0.011 |
| 37-28 | 156 | یەکەم | 49.1346 | 7.94098 | | | | |
| 47-38 | 120 | دووەم | 48.6917 | 9.58535 | 413 | | | |
| 57-48 | 63 | چوارەم | 49.0952 | 9.40781 | | | | |
| 58- زیاتر | 15 | پێنجەم | 57.0000 | 7.53089 | | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | | |

داتاکانی خشتەی (57) ئەو ئەنجامە دەخاتە ڕوو کە بەهای (F)ی هەژمارکراو دەکاتە (3.310) بەهاکەی گەورەترە لە بەهای(F)ی خشتەیی کە دەکاتە (3.018) بەهای بەڵگەداری (0.011) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، ئەمەش ئەوەدەردەخات کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان سامپڵی توێژینەوەکەدا بە پێی ئاستی جیاوازی تەمەن. لەم ئەنجامەوە ئەوە دەرکەوتووە کە ئاستی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە بەرزترین ئاستی هەیە لای تەمەنی زۆر گەورە کە دەکاتە (58-زیاتر) کە ئەم ئەنجامە هەمان ئەنجامی توێژینەوەی (القیسی، 2004 ، ل35) یە، (دەرکەوتووە کە تاوەکو تەمەنی تاک زیاتر بێت ئەوە ئەگەری توشبوون بە (PTSD) زیاتر دەبێت)، بە پلەی دووەم لە بەرژەوەندی تەمەنی (18-27) ساڵ دایە. کەمترین ئاستی تەمەن کەکەمتر تووشی شڵەژانی دەروونی بووبێت بەبەراوورد لە ئاستەکانی تری تەمەن ئاستی تەمەنی (38-47) ساڵی یە.

ئەوەی کە شایەنی ئاماژەیە ئاستەکان زۆر نزیکە لەیەکەوە، دەردەکەوێت کە شڵەژانی دەروونی لە هەموو ئاستەکانی تەمەندا بوونی هەیە و کاریگەری گەورەی لەسەر تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە دروستکردووە، ئەم ئەنجامە زۆر نزیکە لە توێژینەوە کانی پێشتر کەکراوە، ئۆکە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە تەمەنی زیاد(زۆر) زیاتر تووشی شڵەژانی پاش هێدمە دەبنەوە بەبەراوورد بە ئاستی تەمەنی خوارتر (ابو عیشە و عبدالله، 2012، ل23). دەربارەی ئاستی خوێندەواری لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕووی ئاستی تووشبوونیان بە شڵەژانی پاش هێدمە لە خشتەی (58) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (58)ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە بە پێی ئاستی خوێندن**

| ئاستی خوێندن | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | F بەهای هەژمارکراو | F بەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 78 | دووەم | 52.4487 | 7.86848 | 5 | 3.888 | 3.018 | 0.014 |
| خوێندنەوە و نووسین | 57 | پێنجەم | 49.6316 | 10.16055 | | | | |
| سەرەتایی | 60 | چوارەم | 49.7833 | 6.76003 | 412 | | | |
| ناوەندی | 75 | سێیەم | 47.9867 | 8.13815 | | | | |
| دواناوەندی | 107 | یەکەم | 49.1495 | 9.15980 | | | | |
| خوێندنی باڵا | 41 | شەشەم | 47.0244 | 11.09840 | | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | | |

خشتەی (58) ئەو ئەنجامە دەخاتە ڕوو کە بەهای (F)ی هەژمارکراو دەکاتە (3.888) بەهاکەی گەورەترە لە بەهای(F)ی خشتەیی کە دەکاتە (3.018) بەهای بەڵگەداری (0.014) لە سەر ئاستی (0.05)، جیاوازی ئاماژەداری ئاماری بەدی دەکرێت لە نێوان یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە، بە پێی جیاوازی ئاستی خوێندن، بە پلەی یەکەم نەخوێندەوار دێت، ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (ابراهیم و جمیل، 2015) یەکدەگرێتەوە کە ئەو کەسانەی بەرزترین ئاستی شڵەژانی دەروونیان هەیە نەخوێندەوارن. داتاکان ئەوە دەردەخەن کە ئاستی خوێندن کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر وەرگرتنی زانیاری وە توانای مامەڵەکردن لە کاتی کێشە و قەیرانەکان، ئەم ئەنجامە زۆر نزیکە لە ئەنجامی توێژینەوەی (Durbano, 2013, ) ,Williams & poijula (2013 ) کە "ئاستی خوێندن و ڕۆشنبیری ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە تووشبوون بە (شڵەژانی پاش هێدمە)، بەجۆرێک کاریگەری دەکات لەگەڵ چۆنیەتی مامەڵەکردن و شیکردنەوەی تاک لەگەڵ کێشە و ڕووداوەکان، کە تووشیان هاتوون.نزمی ئاستی خوێندن وادەکات کەتاک هەست بە بێ توانایی و دەستەوەستان بکات لەبەردەم کێشەکاندا، کەمی شارەزایی لەمامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان بڕیاردانی نادروستی لێبەرهەم دێت لەکاتی تەنگەژە و کێشەکاندا. توێژەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو تاکانەی ئاستی خوێندەواری نزمیان

هەیە (نەخوێندەوار) بەرزترین ئاستی تووشبوونیان هەیە بە شڵەژانی پاش هێدمە. بەبەراوورد بە ئاستەکانی تری وەک (سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی، توانای نووسین و خوێندنەوە) کەمتر ئاستی تووشبونیان هەبووە بە شڵەژانی پاش هێدمە .

**چوارەم: پیشەی پێش ئاوارەبوون**

سەبارەت بە ئاستی شڵەژانی دەروونی لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی جیاوازی کاری پێش ئاوارەبوونیان کە بژێوی و ژیانیانی ڕێکخستبوو بە جۆرێک کە کاریگەری گەورەی هەیە لەم کاتی کێشە و ئاوارەبوونەی کە بەسەریان هاتووە، خشتەی (59)لە ڕێگەی داتاکانیەوە خستویەتیەڕوو.

**خشتەی (59) ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە بە پێی پیشەی پێش ئاوارەبوونی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| پیشە | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | F بەهای هەژمارکراو | F بەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کاری ئازاد | 121 | دووەم | 48.1074 | 9.95055 | 3 | 4.543 | 3.018 | 0.004 |
| فەرمانبەر | 96 | سێیەم | 47.8854 | 9.15696 | | | | |
| کەرتی تایبەت | 29 | چوارەم | 50.0000 | 8.72599 | 414 | | | |
| بێکار | 172 | یەکەم | 51.3081 | 7.66730 | | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | | |

خستنە ڕووی ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە بە پێی جیاوازی کار(پیشە)ی سامپڵی توێژینەوەکە پێش ئاوارەبوون، جیاوازی ئاماژەدار هەیە لە نێوان سامپڵی توێژینەوەکە دا لە ڕووی بوونی ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە، بە پێی جیاوازی کارکردنی پێش ئاوارەبوونیان، لە ئەنجامی هاوکێشەی (ANOVA) کە بۆ دەرخستنی جیاوازی ڕێژەیی ئامارییە لە نێوان سامپڵی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە جیاوازی بوونی هەیە، بەهای (F) ی هەژمارکراو دەکاتە (4.543) گەورەترە لە بەهای (F)ی خشتەیی کە دەکاتە (3.018)، بەهای بەڵگەداری دەکاتە (0.004) کە ئاماژەیەکی بەهێزە (دالە) وە بچوکترە لە بەهای (0.05)ی ڕێژەیی .بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی (بێ کار) دایە، بە پلەی دووەم (کەرتی تایبەت) کارکردن لە کۆمپانیا و شوێنی تایبەت .بە پلەی سێهەم کاری ئازاد، بە پلەی چوارەم فەرمانبەر دێت .

**پێنجەم: باری خێزانی**

خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵە کە پێکهاتووە لە تاکەکان بۆیە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان تاک و خێزان و کۆمەڵگە بەوهۆیەش هەر کەلێنێکی دەروونی لە تاکدا بوونی هەبێت دواجار کاریگەری

گەورەی لەسەر تەواوی خێزان و پاشان کۆمەڵگەش دەبێت، ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە لای یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی جیاوازی باری کۆمەڵایەتیان، لە خشتەی (60) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (60) ئاستی شلەژانی پاش هێدمە (PTSD ) لای سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی باری خێزانی**

| باری خێزانی | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | F بەهای هەژمارکراو | F بەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەڵت | 52 | دووەم | 49.2115 | 10.19676 | 3 | 5.346 | 3.018 | 0.001 |
| خێزاندار | 312 | یەکەم | 48.7981 | 8.70862 | | | | |
| تاک مردوو | 39 | سێیەم | 53.3077 | 7.40964 | 414 | | | |
| جیابۆوە | 15 | چوارەم | 55.3333 | 7.91623 | | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | | |

داتاکانی خشتەی (60) دەریدەخات کە بەهای (F) ی هەژمارکراو دەکاتە (5.346) گەورەترە لە بەهای (F)ی خشتەیی دەکاتە (3.018) بەهای بەڵگەداری (0.001) کە پلەی دالە بەهای بەرزی ئاماژەدارە، بچوکترە لە (0.05) بەڵگەداری، بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی جیابۆوەدایە، بە پلەی دووەم (تاک مردوو) دێت. بە پلەی سێهەم ئاستی شڵەژانی دەروونی ئەو کەسانەیە کە (هاوسەرگیریان نەکردوە) سەڵتن، بە پلەی کۆتایی (چوارەم) ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە ئەو کەسانەن کە خێزاندارن .

دەتوانین بڵێین کە ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە لای ئەو کەسانە زیاترە کە جیابوونەتەوە لە پرۆسەی هاوسەرگیری، کە کەیسی جیابوونەوەو تێکچوونی شیرازەی خێزان وە بوونی کێشە و ڕووداوو کە بەسەری دا هاتووە لە پرۆسەی هاوسەرگیری و دوای پرۆسەی هاوسەرگیری کە ڕووداوی ناخۆش بوون، وەک باوە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی دا کە هەڵوەشاندنەوەی خێزان هۆکاری دەروونی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت وە شڵەژانی دەروونی درووست دەکات لەسەر تاک، پاشان لە کارەساتیکی تری وەک کارەساتی ئاوارەیی و بوونی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ دووەم جار ماڵ لێتێکچوون وە دەربەدەری، ئاستی شڵەژانی دەروونی لای سامپڵی توێژینەوەکە سەربار دەکات. بەجیاواز لە کەیسەکانی تر ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە زیاد دەکات، لە ئەنجامی ئەو ڕووداوو کارەساتانەوە کە تووشی هاتوون.

**شەشەم: ژمارەی منداڵ**

بۆ زانینی ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە لای یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی بوونی زۆر و کەمی ژمارەی مناڵ کە بە ڕێژەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر خێزان، بە تایبەت دایک و باوک دەکات، بەتایبەتتر لە دۆخێکی ناسەقامگیر و جەنگ و ئاوارەیی دا، لە خشتەی (61) خراوەتەڕوو .

**خشتەی (61) ئاستی شلەژانی پاش هێدمە لای سامپڵی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی بوونی ژمارەی منداڵ**

| ژمارەی منالْ | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | F بەهای هەژمارکراو | F بەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| (هیچ) | 63 | چوارەم | 48.5238 | 9.94964 | 3 | 3.670 | 3.018 | 0.173 |
| 3-1 | 90 | دووەم | 48.3778 | 10.45652 | | | | |
| 6-4 | 191 | یەکەم | 49.7016 | 7.38704 | 414 | | | |
| 7 - زیاتر | 74 | سێیەم | 51.2027 | 9.40268 | | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | | |

هەروەک لە داتاکانی خشتەی (61) دا خراوەتە ڕوو، جیاوازی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا بۆ ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە، بەهای (F)ی هەژمارکراو دەکاتە (3.670) گەورەترە لە بەهای (F)ی خشتەیی بەهای بەڵگەداری دەکاتە (0.173)، بەجۆرێک بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی بوونی (7 منالْ و زیاتر) ە، بە پلەی دووەم (6-4) منداڵ یەت، بە پلەی سێیەم (0) هیچ منداڵی نیە، بە پلەی چوارەم (1-3) منداڵ دێت. توێژەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی تا ژمارەی بوونی منداڵ زۆر بێت ئاستی شڵەژانی دەروونی زۆرتر دەبێت لەلای ئەو کەسانەی کە ڕێژەیەکی زۆری منداڵیان هەیە بەبەراوورد بەو کەسانەی کە ڕێژەی منداڵیان کەمە یاخود نیە، دەکرێت هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو کەسەی منداڵی زۆرە سەرقاڵتر لەخەمی زیاتری داهاتووی منداڵەکانیدایە، کاتی کەمتری هەیە بۆ بیرکردنەوە لە ڕابردوو، زیاتر هەستکردنی بە لێپرسراوێتی دابینکردنی ژیانی منداڵەکانی هۆکارە بۆ بیرکردنەوە لە داهاتوو بەمەش ڕێژەی شڵەژانی دەروونی زیاترە ئەم ئەنجامە هەمان ئەنجامی توێژینەوەی (القیسی، 2004) ە کە دەرکەوتووە کەوا ڕێژەی توشبووان لەلای نموونەی توێژینەوەکە بەرزبوو، خاوەن منداڵەکان پلەی توشبوونیان بەرزتر بوو لە سەڵتەکان).

**حەوتەم: نەتەوە**

ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە لای یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی جیاوازی نەتەوە لە خشتەی (62) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (62) ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە بە پێی جیاوازی نەتەوە لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| نەتەوە | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | F بەهای هەژمارکراو | F بەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کورد | 116 | دووەم | 51.7155 | 7.89915 | 3 | 4.657 | 3.018 | 0.003 |
| عرب | 267 | یەکەم | 48.6966 | 9.06668 | | | | |
| تورکمان | 28 | سێیەم | 49.7857 | 7.09907 | 414 | | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هیتر | 7 | چوارەم | 42.5714 | 16.34888 | | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | | |

هەروەک لە داتاکانی خشتەی (62) دا خراوەتەڕوو، جیاوازی ئاماری ئاماژەدار هەیە لەڕووی ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە بە پێی جیاوازی نەتەوەیی لای سامپڵی توێژینەوەکە، بەهای(F)هەژمارکراو دەکاتە (4.657) گەورەترە لە بەهای (F) خشتەیی دەکاتە(3.018) بەهای بەڵگەداری دەکاتە (0.003) کە بچوکترە لە بەهای (0.05) کەواتە ڕێژەکە بەرزە دالە واتە پەیوەندی هەیە، بەجۆرێک بە پلەی یەکەم نەتەوەی کورد دێت لەبوونی ئاستی بەرزی شڵەژانی پاش هێدمە، بە پلەی دووەم نەتەوەی تورکمان دێت، بە پلەی سێیەم نەتەوەی عەرەب دێت، ئینجا نەتەوەی ترە. هۆکاری ئەوەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە نەتەوەی کورد بە هۆکاری جیاوازی ئاینی کە هەموویان پەیڕەوانی یەک ئاین نین وە جیاواز لەنەتەوەکانی تر هێرشی داعش بۆ سەریان بەتایبەت جەختکردنە سەریان بۆ گۆڕینی ئاینەکەیان بۆسەر ئاینی ئیسلام.

**هەشتەم: ئاین**

ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە لای یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی جیاوازی ئاین، لە خشتەی (63) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (63) ئاستی شلەژانی پاش هێدمە بە پێی گۆڕاوی ئاین لای سامپڵی توێژینەوە**

| ئاین | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | F بەهای هەژمارکراو | F بەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئیسلام | 301 | یەکەم | 49.1993 | 8.76053 | 3 | 3.983 | 3.018 | 0.401 |
| مەسیح | 36 | سێیەم | 48.9444 | 12.12305 | | | | |
| ئێزیدی | 78 | دووەم | 51.0256 | 7.77103 | 414 | | | |
| کاکەیی | 3 | چوارەم | 47.3333 | 4.16333 | | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | | |

هەروەک لە داتاکانی خشتەی (63) دا خراوەتە ڕوو، جیاوازی ئاماژەدارهەیە لە ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە بە پێی جیاوازی ئاینی پەیڕەوکراو لای سامپڵی توێژینەوەکە، بەهای (F)ی هەژمارکراو دەکاتە (3.983) گەورەترە لە بەهای (F)ی خشتەیی دەکاتە (3.018) بەبەهای بەڵگەداری (0.401) کە ڕێژەکەی گەورەترە لە (0.05)، نمرەی ئازادی دەکاتە (414). بە پلەی یەکەم ئێزیدیەکان لە ڕووی بوونی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە دێت، بە پلەی دووەم ئاینی ئیسلام دێت، بە پلەی سێهەم لە ڕووی بوونی شڵەژانی پاش هێدمە پەیڕەوانی ئاینی مەسیح دێت، پاشان پەیڕەوانی ئاینی کاکەیی

دێت. "لە زۆر کۆمەڵ دا ئاین دەورێکی ئیجابی لە یەکگرتویی و شێلگیری و تەبایی دا هەیە، سەرەڕای جیاوازی رەگەزی دەبینێ، بەمەش ئاین دەبێتە هێزی گرێدەری کۆمەڵ، بەڵام لەهەمان کاتدا جیاوازی ئاین رەنگە بەهۆی دەمارگیری و نزمی ئاستی رۆشنبیری یەوە گێچەڵ بنێتەوە و لەو بارەدا فرە ئاینی ململانێ و کێشمەکێش و گرفتی سیاسی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لێ دەکەوێتەوە و رەنگە ببێتە هۆی لێکپچڕاندنی یەکبونی کۆمەڵ"(تالب، 1999، ل161) پەیڕەوانی ئاینی ئێزیدی و ئێزیدیەکان بەرزترین ئاستی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە یان هەیە بەبەراوورد بە پەیڕەوانی ئاینەکانی تر ڕەنگە هۆکاری ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێزیدیەکان زۆرترین کارەسات و ڕووداوویان بەسەرداهاتووە بەهۆکاری جەنگی داعش کە هێرشی کردۆتە سەریان.

**نۆیەم: مەزهەب**

ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە لای یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی جیاوازی مەزهەب، لە خشتەی (64) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (64) ئاستی شڵەژانی پاش هێدمە لای ئاوارەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی مەزهەب**

| ئاینزا | چەند بارە | پلە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | F بەهای هەژمارکراو | F بەهای خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شیعە | 94 | سێیەم | 50.6383 | 6.89374 | 2 | 3.675 | 3.018 | 0.189 |
| سونی | 215 | یەکەم | 48.7628 | 9.41090 | 415 | | | |
| هیتر | 109 | دووەم | 49.9908 | 9.35364 | | | | |
| کۆ | 418 | | | | | | | |

لە خشتەی (64)دەگەینە ئەو ئەنجامەی جیاوازی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە ڕووی مەزهەبیەوە، بەپێی هاوکێشەی (ANOVA) جیاوازی دەرکەوتووە، بەهای (F) ی هەژمارکراو دەکاتە (3.675) گەورەترە لە بەهای (F) خشتەیی کە دەکاتە (3.018) نمرەی بەڵگەداری دەکاتە (0.189) . بە پلەی یەکەم مەزهەبی شیعە دێت کە زیاتر لەوانیتر تووشی شڵەژانی دەروونی هاتوون یەکێک لە هۆکارەکان بوونی جیاوازی مەزهەبی بووە کە داعش کەسەر بە مەزهەبی سوونە بە تەواوی دژی مەزهەبی شیعە بووە و ترس و کوشتارێکی زۆری لێکردوون، هۆکاری ناوخۆییان کە بەردەوام کێشەی عەشیرەتیان هەیە وە لەیەک دەکوژن تەنانەت دوای ڕزگارکردنی ناوچەکانیان لەترسی عەشیرەتەکانی دژیان ناتوانن بڕۆنەوە ناوچەکانیان. ئاینەکانی تری وەک (کاکەیی – ئێزیدی – مەسیحی) هیتر بەکارهاتووە بەهۆکاری زۆری مەزهەبی ئاینی یەوە، هۆکاری پلەی دووەمی بوونی شڵەژانی پاش هێدمە لای نەتەوەکانی تر زۆرن بەهۆکاری جیاوازی ئاین و مەزهەب و نەتەوە لە هێزێکی وەک داعش کە خۆیان بە ئیسلامی مەزهەبی سونی ئەزانن، هەربەو هۆیەشەوە کوشتن و گیران و دەستدرێژی زۆریان کراوەتەسەر کە ئەو ڕووداوانە هۆکارێکی گەورەبووە لەسەریان کە نەتوانن لەبیری بکەن. بە پلەی

سێهەم سونی مەزهەب دێت کە شڵەژانی دەروونیان هەیە وە بەتایبەت ئەو ئاوارانە دەگرێتەوە کە لە ناوەڕاستی عێراقەوە هاتوون بەتایبەت شاری موسڵ و دەورووبەری کە بەهەمان شێوە لە دەستی گرووپی تیرۆرستی داعش هەڵهاتوون بەڵام بەهۆی مەزهەبەوە کە سونە مەزهەبن ترسێکی کەمتریان لەسەربووە زۆربەشیان پێش گەیشتنی داعش بۆ سەریان هەڵهاتوون .

**شەشەم: دەرخستنی پەیوەندی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی کێشەکانی شڵەژانی پاش هێدمە لای ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە**

بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە پێویستە پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاوی ڕۆڵی ڕاگەیاندن و شڵەژانی پاش هێدمە بخرێتە ڕوو تا بزانرێت ڕاگەیاندن چ ڕۆڵێک دەبینێت لەسەر هێورکردنەوەی شڵەژانی دەروونی تاکەکان کە بەهۆی ئەو هەموو ڕووداوانەی بەسەر ئاوارەکان هاتووە ڕاگەیاندنیش بۆخۆی ئەرکی گەورەی لەناو کۆمەڵدا هەیە لە گرنگترین ئەرکەکانشی کارکردنە لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و ژیان دۆستی ئەبێت ڕۆڵی پۆزەتیڤی هەبێت لە کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا، لە خشتەی (65) ئەم ئەرکە ڕوون کراوەتەوە:

**خشتەی (65) ناوەندی گریمانەیی و ئەژمارکراو بۆ سەرجەم بڕگەکانی شڵەژانی پاش هێدمە و پەیوەندی بە ڕاگەیاندنەوە لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| ناوەندی خشتەیی ڕاگەیاندن | ناوەندی گریمانەیی ڕاگەیاندن | ناوەندی خشتەیی شڵەژانی پاش هێدمە | ناوەندی گریمانەیی شڵەژانی پاش هێدمە | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| 43.8708 | 60 | 49.5048 | 44 | 418 |

خشتەی (65) دا دەرکەوتووە کە ڕێژەی شڵەژانی پاش هێدمە (PTSD) دالە و پلەیەکی بەرزی هەیە لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە بە بەهای (49.5048) واتە ڕێژەی شڵەژان بەرزە بە بەراورد لەگەڵ کاریگەری بوونی ڕاگەیاندن لەسەر سامپڵی توێژینەوە کە، بەهای خشتەیی ڕاگەیاندن (43.8708) ە واتە ڕێژەیەکی کەمە، لەم ئەنجامەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پەیوەندی ڕاگەیاندن لاوازە لەکەمکردنەوەی لەسەرشڵەژانی پاش هێدمە لای سامپڵی توێژینەوەکە. بە تێڕوانین لە بەهای خشتەیی بوونی (شڵەژانی پاش هێدمە) لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە بەهاکەی زیاترە لە ناوەندی گریمانەیی، بە لێکۆڵینەوە لە بەڵگەداریی جیاوازییەکانی نێوانیان، ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیەنێت کە تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە پلەیەکی بەرزی نیشانەی شڵەژانی پاش هێدمە یان هەیە، کە ماوەی بەسەرهاتی ئاوارەبیان تا کاتی لێتوێژینەوەیان نزیکەی (4) ساڵ دەبێت، ساتی کاتی کارەساتەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ (مانگی ئابی 2014) ە. لەم ئەنجامەوە دەردەکەوێت کە پاشماوەی کارەسات و ڕووداوەکان کەبەسەر یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا هاتووە لەناخی ئەو قوربانیانەدا ماوەتەوە و کاریگەری گەورەی دەروونی لەناخیاندا دروستکردووە. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی شڵەژانی پاش هێدمە ئەوەیە کە دووبارە دەبێتەوە ڕووداووەکان لە هزری کەسەکاندا و بەردەوام بەبیریاندا دێتەوە. هەروەک لە توێژینەوەکانی پێشتردا دەرکەوتووە، کە شڵەژانی پاش هێدمە لای ئەو تاکانە درووست دەبێت کە بەرکەوتووی ڕووداوو کارەساتی ناخۆشن لە ژیانیاندا، بە جۆرێک

ڕووداوەکان سرووشتی یاخود مرۆییبن، ئەم ئەنجامەش هاوتای توێژینەوەی (مستەفا، 2007)، دەردەکەوێت کە تاوەکو ئێستا پاشماوەی ئەو کارەساتە تاوانکاریە لەناخی ئەو قوربانیانەدا ماوە و کاریگەری بەکارە لە دەروونیاندا، ڕێژەیەکی بەرزی شڵەژانی پاش هێدمەیان هەیە، لەگەڵ ئەوەی ماوەی توێژینەوەکە دوای (24)ساڵ لەدوای کارەساتەکەوە ئەنجامدراوە. هۆکاری کەمی پەیوەندی ڕاگەیاندن لەگەڵ هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی و مەزنی شڵەژانە دەروونییەکە کە بەهۆی بوونی کارەسات و ڕووداوەکانەوە دروستدەبێت، بۆ دڵنییابوون لەمەش ڕێژە و قەبارە و جۆری کارەساتەکان لە خشتەی (66) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (66) پەیوەندی نێوان جۆرەکانی کارەسات و ڕاگەیاندن لەسەر شڵەژانی پاش هێدمە لای سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی توێژینەوەکە**

| جۆری کارەسات | بیردۆزی پێرسۆن لە نێوان جۆری کارەسات و ڕۆڵی ڕاگەیاندن | بەڵگەداری |
|---|---|---|
| کارەساتی جەنگی | -0.137** | 0.005 |
| توندوتیژی جەستەیی | -0.102* | 0.037 |
| توندوتیژی دەروونی | 0.020 | 0.677 |
| دەستدرێژی سێکسی | 0.036 | 0.457 |
| دورخستنەوە لە خێزان | 0.257** | 0.000 |
| بینینی کوشتن و کوشتار | 0.011 | 0.829 |
| ڕفاندن | 0.060 | 0.220 |
| ماڵ وێرانی (ڕوخانی ماڵ) | 0.082 | 0.096 |
| ماڵ وێرانی (ڕوخانی ماڵ) | 0.189** | 0.000 |

Correlation is significant at the 0.01 .**

Correlation is significant at the 0.05 .*

لە زانیاری داتاکانی خشتەی (66) ئاماژە بەوە دەدات کە جیاوازی هەیە لە نێوان پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان و کارکردنە سەر یەکتر کە پەیوەندیەکی پێچەوانەیە واتە بەزیادبوونی گۆڕاوی یەکەم کە ڕاگەیاندنە گۆڕاوی دووەم کە جۆری کارەساتە کەم دەکات، بە پێچەوانەشەوە بەزیادبوونی گۆڕاوی دووەم کە جۆری کارەساتەکەیە تا زیاتربێت ڕۆڵی ڕاگەیاندن کەم دەکات، بە جۆرێک لەهەندێک لە گۆڕاوەکان ڕاستەوانە پەیوەندیەکە هەیە، لە ئەنجامەکانی خشتەکەدا دەردەکەوێت یەکەی پێنجەم پێکدێت لە (دوورکەوتنەوە لە خێزان) ژمێرەیی پێرسۆن کە بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان هۆکاری دروستبوونی هێدمە یاخود جۆری ڕووداوەکەو ڕاگەیاندن کراوە دەردەکەوێت کە پەیوەندیەکی ڕاستەوانە یە واتە بوونی پەیوەندیەکی ڕاستەوانەیە . ڕاگەیاندن کاریگەری هەبووە لەسەری بە پێچەوانەوە لە یەکەی یەکەمدا کە باس لە کارەساتی جەنگی دەکات کە پێکدێت لە (تەقینەوە، تەقەکردن، ڕفاندن، هەڵکوتانە سەر، بۆردوومان کردن). لێرەدا پەیوەندیەکە پێچەوانەیە کە بەبەهای (-0.137) دەرچووە واتە تا کارەساتەکە زیاتربێت ڕۆڵی ڕاگەیاندن کەمتر دەبێت لە پەیوەندیەکەدا. هەروەها ئەم پەیوەندیە بۆ یەکەی دووەم بەهەمان شێوە کە (ئازاردانی جەستەیی یە ) کە پرسیارەکان دەربارەی (لێدان – بریندداربوون – لەدەستدانی جەستە – هی تر ) هاتووە کە بەبەهای (- 0.102) دەرچوە کە پەیوەندی ڕاگەیاندن کەمە، پاشان بۆ ئەو ڕووداوانەی تر کە بەسەریان هاتووە پەیوەندیەکە گۆڕانکاری

بەسەردا دێت بەوەی لە یەکەی نۆدا کە ڕووخانی شوێنی ئاینی و نزرگاکانە پەیوەندی نێوان جۆری ڕووداوەکە و ڕاگەیاندن هەیە بە بەهای 0.189 بە بەراورد بە ئاماری ژمێرەیی 0.01، ئەوەی ئاماژەدراوە لێرەدا یەکەکانی تر بەهاکانیان نزیکە ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە تاوەکو ڕۆڵی ڕاگەیاندن زۆربێت پەیوەندیەکە ڕاستەوانە دەبێتەوە وە بەپێچەوانەشەوە تاکو جۆری کارەساتەکە زۆر بێت لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە پەیوەندیەکە کەمتر دەبێتەوە و ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندن کەم دەبێت. بۆ زانینی پەیوەندی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هەڵسووکەوت و مامەڵەکردن لە کەیسێکی وەک کەیسی ئاوارەکان و بوونی ئەو دۆخە نالەبارەی کەتێیدا دەژین وە نا سەقامگیری باری دەروونی، لە تێڕوانینی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکەوە هەوڵدراوە ئەو ڕاستیە ڕوونبکرێتەوە کە ئایا ڕاگەیاندن توانیویەتی کام ڕۆڵ (ئەرێنی یاخود نەرێنی) ببینێت، ڕاگەیاندن ئەبێت لەخزمەت و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی وەرگربێت کەواتە وەرگر ڕۆڵی هەیە لە بڵاوکردنەوەی پەیامە ڕاگەیاندنەکە واتە پرۆسەیەکی دوولایەنەیە لە خشتەی ژمارە (67) ئەم لایەنە خراوەتەڕوو.

**خشتەی (67) پەیوەندی نێوان نیشانەکانی شڵەژانی پاش هێدمە و ڕاگەیاندن لە هەڵسوکەوت بەرامبەر بە نیشانەکانی شلەژانی پاش هێدمە**

| گۆڕاوەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ژمارە | بیردۆزی پێرسۆن بۆ بەیەکبەستنی ڕاستەهێڵی سادە | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| نیشانەکانی شڵەژانی پاش هێدمە | 49.50 | 8.90 | 418 | 0.009 | 0.859 |
| پەیوەندی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی کێشەکانی پەیوەندی بە شڵەژانی پاش هێدمە وە | 43.87 | 7.75 | 418 | | |

داتاکانی خشتەی (67) دەرکەوتووە کە ئەو گریمانەیە پشتڕاست ناکاتەوە کە پەیوەندی ڕاستەوانە هەبێت لە نێوان ڕاگەیاندن لە کەمکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە، بە پێی بەهای پێرسۆن کە ڕێژەکەی دەکاتە (0.009) کە ڕێژەیەکی گونجاو نیە بۆ بەهای ئاستی مەعنەوی دەکاتە (0.85)، بەجۆرێک نیشانەکانی شڵەژانی پاش هێدمە بە بەهای ناوەندە ژمێرەی (49.50) وە بەهای لادانی پێوەری دەکاتە (8.90)، پەیوەندی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی کێشەکان و پەیوەندی بە شڵەژانی پاش هێدمە بەبەهای ناوەندە ژمێرەی (43.87) بەهای لادانی پێوەری دەکاتە (7.75). کەواتە ڕاگەیاندن پەیوەندییەکی بەهێزی نییە لە هێورکردنەوە و کەمکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە لەسەر ئاوارەکان، زۆرێک لە هۆکارەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەردەوام ڕاگەیاندن پەخشی دووبارەی حاڵەتەکەی بۆکردوونەتەوە بەجۆرێک کە ترس و دڵەڕاوکێی زیاتری بۆ ئاوارەکان دروستکردووە لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی ئەو ڤیدیۆ و پەیامانەی کە داعش بڵاویان دەکاتەوە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دووبارەی دەکەنەوە بێ گوێدانە باری دەروونی وەرگر وەزۆرجار ڕاگەیاندنەکان بۆ بوونی هەواڵ و سبقی ڕۆژنامەنووسی خۆیان بابەتەکان زۆر گەورە دەکەن وە بەشێوەیەکی نازانستیانە مامەڵە لەگەڵ کەیسەکان دەکەن جیاواز

لەوەی کە دەبێت ڕاگەیاندن بەشێکی گرنگ بێت لە تەندرووستی و چارەسەری دەروونی. بە پێی وتەی ئاوارەکان ئەوان داعشیان لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنەوە ناسی بەجۆرێک ترس و دڵەڕاوکێی لادروستکردوون کە شوێنەکانی خۆیان بەجێبهێڵن بێئەوەی هێشتا داعش گەیشتبێتە شوێنەکەیان نەتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن، کەواتە ڕاگەیاندن وەک هۆیەک بۆ درووستبوونی هێدمە کە ڕۆڵی بینیوە، لە پاش هێدمە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی تەندرووست مامەڵە بکات بۆ هێورکردنەوەی لایەنی دەروونی ئاوارەکان بەڵکو بەهۆی زۆر دووبارە کردنەوەی وێنەی ڕووداوەکانەوە بەردەوام بابەتەکەی لاتازە کردوونەتەوە . لەم ئەنجامەدا دەردەکەوێت ئاستی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە لای ئاوارەکان ڕێژەیەکی بەرزی هەیە کە بەهای ناوەندە ژمێرەی دەکاتە (49.50) کە کاریگەری دەربەدەری و ئاوارەبوون بەڕوونی دەردەکەوێت، لێکۆڵینەوەی لابان و ئەوانی تر (2004،etal،Laban) کەلەسەر پەناهەندەکانی عێراق ئەنجامیانداوە لە وڵاتی هۆڵەندا، (چەند ئەنجامێکی دەرخستووە کە هێما بەوە ئەدات خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و شپرزەیی دەروونی و جەستەییەکانیان تێدا بەدیدەکرێت ) (النوري،1981،ل 179)لێرەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ڕێژەیەکی بەرزی شڵەژانی پاش هێدمە هەیە لە نێوان یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە کە ئاستەکەی جیاوازە لە کەسێک بۆ کەسێکی تر بە هۆکاری جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و نەتەوە و ئاین و ئاینزا و خوێندەواری و تەمەن و ڕەگەز و ئەو کارەساتانەی کەتووشیان هاتوون، لە هەمانکاتدا بە ڕێژەیەکی جیاواز پشتیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەستووە بە جۆرێک پێویستیەکانیان پاڵپێوەنەر بووە بۆ ئاستی کاریگەربوونیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لە هەمانکاتدا ڕاگەیاندن نەی توانیوە بە پێی پێویست هاوکاربێت ڕۆڵی هەبێت لە کەم کردنەوە ی شڵەژانە دەروونیەکانی ئاوارەکان کە تووشیان هاتووە بەهۆی ئاوارەبوون و ماڵ لێتێکچوون و ترس و دڵەڕوکێ.

## باسی دووەم/ دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

دوای خستنە ڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە، توێژەر بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:

**یەکەم: دەرەنجامەکان**

1. ڕاگەیاندن رۆلی نەرێنی هەبووە لە ڕەوینەوە و هێورکردنەوەی شڵەژانی دەروونی کە تووشی ئاوارەکان بووە لە ئەنجامی ئەو کارەساتانەی کە بەسەریان هاتووە.
2. ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە بۆ ڕێنوێیکردن و پێدانی زانیاری پێویست بە ئاوارەکان بۆ زانینی چۆنییەتی مامەڵەکردن و خۆگونجاندن لە گەڵ خودی خۆیی و دەورووبەردا.
3. ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە لە گرینگیدان بە لایەنی دەروونی وەرگرەکانی و بوونی زانیاری لەسەر نیشانەکانی شڵەژانی پاش هێدمە لە ڕێگەی کەسانی پسپۆڕ و شارەزای دەروونی تا لە ڕێگەیەوە بە شێوازێکی درووست بابەت و پەیامەکانی پەخش بکات بە تایبەت لە کاتی جەنگ و ئاوارە بوون و قایرانەکاندا.

4.ڕاگەیاندن نەیتوانیوە پشتگیری و هاوکاری مەعنەوی پێشکەش بە ئاوارەکان بکات .هەربۆیە هۆکاربووە لە نوێکردنەوەی زام و ئازاری ئاوارەکاندا و زیاتر شپرزەبوونیان و کۆنترۆڵنەکردنی هەڵچوونەکانیان.

5.ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە لە درووستکردنەوەی کەسایەتی ئاوارەکان بەجۆرێک نەیتوانییوە بەشێوەیەکی بەرچاو رۆڵێکی گەورەی هەبێت لەگەڕاندنەوەی هیواو گەشبینی بۆ ئاوارەکان و ئارامکردنەوەیان.

6. ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە لە چارەسەرکردن و ئاسایی بوونەوەی رووداوەکە، گفتوگۆی جدی دەربارەی ئەو کارەساتەی بەسەر ئاوارەکاندا هاتووە.

7-ڕاگەیاندن نەیتوانیوە ڕۆڵی چارەسەرسازێکی دەروونی ببینێت کەوەک چارەسەرێکی سەرەتایی بێت یان بە ئەرکی خۆی بزانێت لە کاتەهەستیارەکاندا ڕۆڵی گەورەی هەبێت بۆ هێورکردنەوە و نەهێشتنی ڕاڕایی و دوودڵی وەرگرەکانی لە پێناو تەندرووستی و سەقامگیری ئاوارەکان.

8- بوونی شڵەژانی پاش هێدمە لای ئاوارەکان بە پلەیەکی بەرز بەهۆکاری ئەو ڕووداوانەی کە بەسەریاندا هاتووە لە ماڵ وێرانبوون و دەستدرێژی و کوشتنی کەسانی نزیکیان و تە قینەوەی ماڵ و شوێنی پیرۆزیان هەروەها سوکایەتی پێکردنیان. پاشماوەی کارەسات و ڕووداوەکان کەبەسەر ئاوارەکان هاتووە لەناخی ئەو قوربانیانەدا ماوەتەوە و کاریگەری گەورەی دەروونی لەناخیاندا درووستکردووە، بە ئاستی جیاواز بەجۆرێک شڵەژانی پاش هێدمە لای ڕەگەزی مێ زیاترە بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر.

9.ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەرێنی هەبووە لە بەدەستهێنانی هاوکاری و پشتیوانییەکانی بۆ ئاوارەکان لەسەر ئاستی دەرەوە و ناوخۆیدا لە ئاست گەورەیی ڕەوش و دۆخ و قەبارەی کارەساتەکەدابێت.

10.ڕاگەیاندن ڕۆڵی ئەرێنی هەبووە لە پرسی مرۆڤ دۆستیدا، وروژاندنی ویژدان لە دەرخستنی تاوان و ناشرینکردنی توندوتیژی دژ بە مرۆڤایەتی. بە نمایشکردنی ئاوارەکان وەک قووربانی کە شایەنی هاوکارین، هەروەها لە نەمانی حەزی دووبارە بوونەوەی ڕووداوەکە لای کەسانیتر کە ڕووداوەکەیان بەسەردا نەهاتووە لای ئاوارەکان.

11. ئاوارەکان لە ڕووی دیمۆگرافییەوە جیاوازن و ڕاگەیاندنێکی دیاریکراو نیە کۆیان بکاتەوە و یەکجۆر کاریگەری درووستبکات لەسەریان. هەرئەمەش وای کردووە بە ئاستی جیاواز پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ببەستن، بەجۆرێک جیاوازی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ هەیە لە ئاستی پشتبەستنیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە.

**دووەم: ڕاسپاردەکان**

لێرەدا ژمارەیەک ڕاسپاردە کە هەڵێنجراوی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکەیە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەخەینە ڕوو، بە مەبەستی کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی شڵەژانی دەروونی لای هەر تاکێک کە بەهۆی کارەساتێکی ناخۆشەوە تووشی بووە، چوونکە لە ئێستادا بە هۆی ئەو واقیعەی کە تووشی تاکەکان بووە زۆر بڵاوە بەتایبەت لای ئاوارەکان، لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە بتوانرێت رۆڵی هەبێت لە هێورکردنەوەی ئەم نەخۆشییە دەروونییە، کە لە ئێستادا ڕاگەیاندن چۆتە ژیانی هەر تاکێکەوە وەک پێکهاتەیەکی گرنگ /

1-دەزگا ڕاگەیاندنەکان بەر لە بڵاوکردنەوەی هەر پەیامێک دۆخی کۆمەڵ و تاک لەبەرچاو بگرن، بە جۆرێک بڵاوکردنەوەی پەیامەکان بە ئاراستەی بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵ بێت، بەتایبەت لەکاتی جەنگ و کێشە و قەیرانەکاندا .

2-لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکاندا ڕەچاوی بێلایەنی، پرۆفیشناڵی و ئەکادیمی لە لایەنی ئێتیکی و پیشەیی و بنەماکانی ڕاگەیاندن بکرێت، دوورکەوتنەوە لە قەبەکردن و بەلادابردنی زانیارییەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەت بە کەناڵ یاخود لایەن و کەسێک.

3- لایەنی دەروونی تاک بە هەند وەربگیرێت لە بەشی هەرە سەرەکی بەرنامەو بڵاوکراوەکاندا بێت بە تایبەت شڵەژانی پاش هێدمە کە لە هەرە نەخۆشییە دەروونیە بڵاوەکانی ئەم سەردەمەیە لای تاکەکانی کۆمەڵگە، لە ڕێگەی کەسانی پسپۆر و شارەزاوە گفتوو گۆی زانستی لەبارەوە بکرێت، نیشانەکانی و چارەسەرەکانی بخرێتە ڕوو بۆ زیاتر شارەزابوون و ناسینی لای تاک و کۆمەڵگە.

4-پرۆسەی ڕاگەیاندن پرۆسەیەکی دوولایەنەیە، ڕاگەیاندن نابێت تەنها لەخەمی گەیاندنی پەیامەکانیدابێت، بەڵکو پێویستە ڕاگەیاندن وەرگر بە هەند وەربگرێت و بزانێت بۆ کێ کاردەکات و چۆن بیردەکەنەوە وە بە چ کاریگەرییەک پەیامەکانیان دەگاتێ. بەهۆی کارلێکی ڕەگەزەکان پێکەوە دەتوانن ئاستی کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن دەربخەن، بەردەوام لەناو وەرگردا ڕاپرسی بکەن تاوەکو لەو جەماوەرە تێبگەن کە پەیامەکانیان ئاراستە دەکەن.

5- هەموو وێنە و ڤیدیۆ و پەیامێک بۆ بڵاوکردنەوە ناشێت، بە تایبەت ئەو بابەتانەی ترس و دڵەڕوکێ بڵاو دەکاتەوە لە ناو کۆمەڵدا بە تایبەت ئەو کەسانەی کە کارەساتیان بەسەرهاتووە، چونکە بە دوو بارە کردنەوە ی بابەتەکە حاڵەتەکەیان لەگەڵدا دووبارە دەبێتەوە و بەمەش لەڕووی دەروونیەوە کەشێکی نەرێنی درووست دەبێت لەلای تاک لە ئەنجامدا لای کۆمەڵگە.

6-ڕاگەیاندن لە ڕێگەی بەجێگەیاندنی ئەرک و رۆڵی پیشەییانەی، لە بەرچاوگرتنی یاسای ڕۆژنامەگەری و بە لێننامەی شەرەفی ڕۆژنامە نووسی بەرجەستەی کارەکانی بکات، بۆ دروستبوونی دۆخێکی ئارام و خۆش گوزەران بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە.

7-درووستبوونی میدیایەکی نیشتمانی کە بۆ بەرژەوەندی وەرگرەکانی کاربکات، وەرگرەکانی خۆیان بناسن و حەز و ئارەزوو پێداویستیەکانی ئەوان بزانن چونکە لە کۆتادا بۆ ئەوان کاردەکەن. لە کاتە هەستیارەکاندا وەرگرەکان پێداویستیەکانیان دەگۆڕێت بەهۆی گۆڕانی سەراپای ژیانیان هەربۆیە ڕاگەیاندن بەردەوام دەبێت ئاگاداری دۆخی وەرگرەکانی بێت، ئاوارەکان لەم کاتەیاندا چاوەڕوانیان بۆ وەرگرتنی زانیاری لە ڕاگەیاندنەوە بەو شێوەیەیە کە زیاتر ڕاگەیاندن کار لەسەر ئەوان بکات لەسەر پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانیان کە خۆی دەبینێتەوە لەوەی چۆن بتوانن لەو دۆخەیان

بێنە دەرەوە کە بەهۆی جەنگەوە توشیان بووە و ببێتە هۆکار بۆ هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە.

**سێیەم: پێشنیارەکان**

1-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە خولقاندنی ترس و دڵەڕاوکێ لای وەرگر.

2- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر رۆڵی راگەیاندن لە قەیرانەکاندا.

3- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر جەنگی دەروونی لە راگەیاندندا.

4-ئەنجامدانی توێژینەوە لە بارەی کاریگەری وێنەی هەواڵی جەنگی لەسەر دەروونی وەرگر.

**سەرچاوە كوردييەكان:**

1-بۆكانی، سابیر(2016)، میتۆدی تویژینەوەی زانستی، خانەی چاپ و بڵاوكراوەی چوارچرا، هەرێمی كوردستان – سلێمانی.

2-تالب، جەزا توفیق(1999)، بایەخی جیۆپۆلەتیكی دانیشتوانی هەرێمی كوردستانی عێراق، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی.

3-حسن، ئەفرام محمد(2012)، دەروازەیەك بۆ نەخۆشییە دەرونی و هۆشمەندییەكان، چ3، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

4-سەپان، مەغدید (2012 )، ئەوانەی ڕۆژنامەنووس پێویستە بیانزانێ، بەرگی یەكەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، هەولێر.

5-سەعید، فایەق(2016)، پۆستتراومای منداڵان و جەنگ و تیرۆر، دەزگای ڕۆشنبیری مارگرێت، سلێمانی.

6-عومەر، مەعەن خەلیل(2011)، میتۆدەكانی تویژینەوە لە كۆمەڵناسیدا، و: محەمەد شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

7-قادر، كاروان علی(2007 )، ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، هەولێر.

8-قەرەچەتانی، كەریم شەریف(2011 )، سایكۆلۆژیای گشتی، چاپی سێیەم، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.

9-لۆبۆن، گۆستاف(2006 )، وەرگێرانی : ئارام جەمال سابیر، سایكۆلۆژیای جەماوەر، مەكتەبی بیر و هۆشیاری، سلێمانی.

10-محەمەد، خەلیل ئیسماعیل(1993)، دابەشبوونی جوگرافی نەتەوەی كورد لە عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە 2، تەمووز، سلێمانی.

11-مكاوي، حسن عماد (2004)، وەرگێرانی : مەم بورهان قانع، ئەخلاقی كاری ڕۆژنامەنووسی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، سلێمانی.

**سەرچاوەی عەرەبی:**

12-ابو اصبع، صالح خليل(2006)، الاتصال والاعلام فی المجتمعات المعاصرة، ط5، دار مجدلاوي، عمان ،الاردن.

13-ابو اصبع، صالح(1995)، الاتصال والاعلام في المجتمعات المعاصرة، دار ارام للدراسات والنشر، عمان.

14-ابو سمرة، محمد (2012)، الاعلام السياسي، دار الراية للنشر والتوزيع، عمان.

15-ارمان و ماتلار، ميشال(2005)، تر:نصرالدين المياضي وصادق رابح، تاريخ نظريات الاتصال، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

16-اسماعيل، محمود حسن (1998)، مبادىء علم الاتصال ونظريات التأثير، مطبعة دار العالمية، مصر.

17-امام، ابراهيم(1968)، العلاقات العامة والاعلام، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

18-امين، عثمان على و على السامرائى(2001 )، بدرية، الاختبار النفسى اسسه و معالجته الاحصائية، مطابع عصر الجماهير، المصر.

19-البشر، محمد بن سعود(1997)، مقدمة فى اتصال السياسى، مكتبة العبيكات، الرياض.
20-بنكراد، سعيد(2005)، السميائيات والتاويل، المركز الثقافي العربي، عمان، الاردن.
21-تركي، مصطفى(1984)، وسائل الاعلام، واثرها في شخصية الفرد، مجلة الفكر، ج4، وزارة الاعلام الكويتية، الكويت.
22-جبارة، عطية (1985)، علم الاجتماع الاعلام، عالم الكتب، الرياض.
23-الجمانى، سامر ابراهيم (1998 )، مفهوم الارهاب في القانون الدولي، دار حوران للطباعة و النشر والتوزيع، ديمشق.
24-چلبي، خالص (1998)، سايكولوجية العنف، دار الفكر، ديمشق.
25-چلبى، على عبد الرزاق(2009)، دراسات في المجتمع و الثقافة و الشخصية، دار المعرفة الجامعية، المصر.
26-حجاب، محمد منير(2010)، نظريات الاتصال، دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة، مصر.
27-حسن، الحارث عبد الحميد(2004 )، اضطراب مابعد الضغوط الصدمية عند الاطفال المراهقين والكبار، جامعة بغداد، مركز البحوث النفسية، العراق.
28- حسين، سمير محمد (1984 )، الاعلام والاتصال بالجماهير، عالم الكتب، القاهرة.
29-حسين، عباس مصطفى(2008)، الاعلام الجديد، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.
30-الحضيف، عبد الرحمن(1994)، كيف تؤثر وسائل الاعلام، دراسات فى نظريات الاتصال، دمشق.
31-الحطيف، محمد بن عبد الرحمان(1998)، كيف تؤثر وسائل الاعلام ؟، دراسة فى نظريات و الاساليب ط2، مكتبة العبيكات، الرياض.
32-الحكيم، فواز منصور(2011)، سوسيولوجيا الاعلام الجماهيرى، دار الاسامة للنشر والتوزيع، الاردن – عمان.
33-حمزة، عباللطيف(1978)، الاعلام والدعاية، بغداد، مكتبة البغداد.
34-الخالق، انشراح الشال(2001)، مدخل الى علم الاجتماع الاعلامى، دار الفكر العربى، القاهره.
35-ختاتنة، سامى محسن(2010)، احمد عبد اللطيف ابو سعد، علم النفس الاعلامي، دار المسيرة، عمان.
36-خيربک، رشا حبيب(2008)، الصدمات النفسية لدى العراقيين بعد الحرب اضطراب مابعد الصدمة، جامعة دمشق، كلية التربية، دمشق.
37-درويش، عبد الرحيم(2005)، مقدمة الى علم الاتصال، مكتبة نابلس، دمياط.
38-الدريني، حسين عبد العزيز(1985)، المدخل الى علم النفس، ط2، دار الفكر العربي، القاهرة.
39-الدليمي، عبد الرزاق محمد(2012)، وسائل الاعلام و الطفل،دار المسيرة، الاردن.
40-راجح، احمد عزت(1968)، اصول علم النفس، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر بالقاهرة، المصر.
41-رشتى، جيهان (1978)، الاسس العلمية لنظريات الاعلام، ط2، جامعة القاهرة، كلية الاعلام، المصر.
